# سەفەر

## ئەیوب ڕەحمانی

**پێشکەش بەهەموو ئەوانەی خۆشیانم ئەوێت و هەردەم لەدڵمدان**

**© سەفەر ڕۆمانێکی سیاسی تراژیکە بە واتا کلاسیکیەکەی. لە دیدی ئەرەستووەوە ئامانجی شانۆیەکی تراژیک پێکهێنانی ترس و ڕەحمە لەسەر هەلومەرجێکی دیار لە بینەری خۆیدا و بەبڕوای شۆپنهاوەر نیشاندانی بەدبەختییەکی هەرە گەورەیە! شانۆی تراژیک لاساییکردنەوەی ڕووداوێکی جیدییە کە ترس و دڵسۆزیی پێک بێنێت و ببێتە هۆی خۆدۆزینەوە و تەزکییەی نەفس![1] ڕۆمانی سەفەر، وێڕای دوو وەرگێڕانی دیکەی کتێب لە زمانی ئاڵمانییەوە و کۆمەڵێکی زۆر وتار و چیرۆکی کورت و درێژ، یەکەم بەرهەم و تاقیکردنەوەی سەربەخۆی نووسەرە لەبواری ڕۆماننووسیی. ئەم کۆپەڕە بەهۆی منەت نەکێشانی بازرگانانی کتێب، بەخۆڕایی ئەخرێتە بەر دەستی خوێنەران. هەموو مافەکانی بۆ نووسەرەکەی پارێزراوە و هیچکەس بۆی نییە بە بێ وەرگرتنی ڕاو و بۆچوونی نووسەر لە چاپی بدات، غەیری ئەمە، سکاڵای یاسایی بەرزئەکرێتەوە! کۆپیکردنەوەی بۆسەر لاپەڕەی (A4) و دەست بەدەست گێڕانی بە مەرجێک بێ دەسکاریی کرابێت، ئاساییە، وە هەرجۆرە پشتیوانی و ساپۆڕتی نووسەر بۆ بەرهەمی دیکە بە باوەشی ئاوەڵاوە پێشوازی لێدەکرێت! نووسەر پێیوانییە ئەم بەرهەمە بێ کەموکووڕی بێت، بۆیە بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی هەڵسەنگاندن، نرخاندن، ڕەخنە و نەقدی خوێنەرەکانییەتی بۆ چاکسازی لە بەرهەمەکانی داهاتوویدا!** rahmayub@gmail.com

**سەفەر هەم ڕۆمانە و هەم فیلمنامە!**

---

[1] سەرچاوەی شەرحی تراژدی، ویکیپێدیا.



## دەربارەی نووسەر

لە شاری بانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە.

لەسەروبەندیی دیپلۆمی هونەرستان لە ڕشتەی بەرقدا بەهۆی سیاسییەوە ناچار بە تەرکی وڵات بووە.

هەرلەوکاتەدا لەشاری بانە ڕاهێنەری کۆنگ فۆ توآ بووە.

بۆتە پێشمەرگە و پاش ماوەیەک بە چەند هۆیەکی تایبەتی ڕەوانەی هەندەران بووە.

لە وڵاتی سویس گیرساوەتەوە و دامەزرێنەر و بەرپرسی تەشکیلاتی ئەو وڵاتە بووە تا کاتی دەستلەکارکێشانەوەی.

لەم وڵاتە ماستەرگڕادی کیک بۆکس لە فیدڕاسیۆنەکەی وەردەگرێت و دووساڵ لەسەریەک بۆتە پاڵەوانی کیک بۆکس، پاشان دەست ئەکات بە ڕاهێنانی کۆنگ فۆ و کیک بۆکس لە شاری زوریخ، پاش ماوەیەک ناچار بە داخستنی ئەبێت، بڕوانە فەیسبووک: (@KungFuAyub).

چەند ساڵێک وەک تێکنسیەنی بەرق کاری کردووە و بەهۆی ئازار و نەخۆشییەک کە لە بن پێکانی پەیدا ئەبن، توانای کاری جەستەیی نامێنێت.

ساڵی ٢٠٠١ ژیانی هاوسەرگیریی پێکهێناوە و کوڕ و کچێکی هاوبەشیان هەیە و پاشان جیابۆتەوە و ئێستا بەتەنیا ئەژیی.

بەهۆی تووشبوونیەوە بە کڵاوبەردارێکی سویسی لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ لە مەعامەلەیەکی کاریدا، هەموو دەسمایەکەی تیائەچێت و نادادگاکانی سویسڕاش بەهۆی بێگانە بوونییەوە مافەکەی نادەنەوە و بگرە قەرزدار و تاوانباریشی ئەکەن! پەنا دەباتە بەر دادگای مافی مرۆڤی ئوروپا لە ستڕاسبوورگی فەڕانسە، ئەوانیش بەهۆی ناوخۆیی بوونی گرفتەکە، هیچی بۆناکەن، بۆیە زۆر تووڕە ئەبێت لەموڵاتە!

بۆماوەی نزیکەی ساڵێک ئەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبێکی دیکەی سەربەخۆییخواز و پاشان دەست لە سیاسەت هەڵئەگرێت، بەڵام سیاسەت مۆتەکەئاسا هەر وازی لێنەهێناوە، چوون خەڵکی وڵاتێکی داگیرکراوە و بەهۆی سیاسییەوە ئاوارە بووە و دوورخراوەتەوە.

هەر لەسەرەتای دەستکردن بە وەرزشەوە (کۆنگ فۆ) هۆگری هیپنۆتیزم بووە بەڵام سەرەڕای خوێندنەوەی زۆر لەوبوارەدا ڕێکخراوێکی پەیدانەکردووە کە لەلای ئەوان بەشێوەیەکی ئوسولی زانستی، فێری ئەم خوولیایە ببێت. دووساڵێک پێش ئێستا بە سووتفە ڕێکخراوێکی ئەمریکی بۆ ئەم بوارە ئەدۆزێتەوە و خێرا دەورەیەکی چڕی هیپنۆتیزم و هیپنۆدەرمانی بەسەرکەوتوویی تەواو ئەکات و بڕوانامەی هیپنۆدەرمانیی وەرئەگرێت و هاوکات ئەشبێتە ئەندامی هیپنۆتیزمی نێونەتەوەیی کە ناوەندەکەی لە ئەمریکایە، بڕوانە فەیسبووک: (@HypnoDarmany).

زیاتر لە ٢٥٠ وتار و چیرۆکی زۆربەیان بە سۆرانی و کەمیشیان بە فارسی و ئاڵمانی بڵاو کردۆتەوە، پێشتر دو کتێبی بە ناوەکانی "هێز" و "هیپنۆتیزم" لە زمانی ئاڵمانییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی سۆرانی کە هێشتا چاپ نەکراون!!

سەفەر یەکەم تاقیکردنەوە یا ڕۆمانی نووسەرە، کە ئەتوانێت فیلمنامەش بێت!

ڕۆمان، ئەیوب ڕەحمانی © Roman, Ayub Rahmani

## پێشەکیی

ئەفلاتوون لە کتێبەکەی بەناوی "کۆمار" ڤینێکی ئێجگار پیرۆز لە کۆمەڵگاکەی خۆی لە شاری ئاتێن هەڵدەگرێت، کۆمەڵگایەک کە شەریفترین و زاناترین مرۆڤی سەردەمی خۆی بە مەرگ مەحکوم ئەکات، ئەویش سوقڕات مامۆستاکەی بوو. سوقڕات یەکێک لە گەورەترین فەیلەسووفەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە کە لە ژیانی فەلسەفی خۆیدا دێڕێکی نەنووسیوە، چوونکە ناوبراو لەناو کۆمەڵگاکەی خۆیدا و بە قسەکردن لەگەڵ خەڵک پەرەی بە بیرەنوێکانی خۆی دەدا و هەوڵی ئەدا کۆمەڵگا وشیار بکاتەوە. بەڵام ئێمە بیروبڕوا فەلسەفییەکانی ناوبراو لە ڕێگای نووسراوەکانی ئەفلاتوونەوە ئەناسین. کۆمەڵگای ئاتێن بەڵام ئەم مرۆڤە شەریفەیان بە تاوانی ئیڕتیداد و بەلاڕێدا بردنی لاوان و دۆزینەوەی خودایانی نوێ مەحکووم کرد بە خواردنەوەی جامێک ژەهری شوکران (Conium). بێشک ئەگەر سوقڕات لە مەحکەمەکەیدا داوای لێبوردنی بکردبایە و بەڵێنی بدایەت کە واز لە قسەکردن لەگەڵ خەڵک دێنێت، مەحکەمەش لێی ئەبووریی، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو داوای لێبووردن بکات، چوون ئەیزانی کۆمەڵگا هەڵەیە و نەک ئەو، وە بە خواردنەوەی جامی ژەهرەکە لە ناو کۆڕی هاوڕێکانی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. ئەفلاتوون چیرۆکێک بۆ دەربڕینی ڤینەکەی لە کۆماردا ئەنووسێت بەناوی چیرۆکی غار بەم مەزموونە، کە من بە شێوەی خۆم ئەیگێڕمەوە:

کۆمەڵگایەک کۆمەڵێک دیل لە غارێکدا هەر لە سەرەتای ژیان یا لەدایکبوونیانەوە ئەبەستنەوە بەجۆرێک کە پشتیان لە دەرگای ڕووناکی غارەکەیە و ڕوویان لە تەختە بەردێکی گەورەیە. دوور لە پشتیانەوە ئاگرێکی گەورە دایسێت و لە پێش ئاگرەکەوە خەڵکانێک، لەهەموو چینێکی کۆمەڵگا، کە ئەمان نایانبینن، تێدەپەڕن و سێبەریان بە قەوارەگەلی جۆربەجۆر ئەکەوێتە سەر تەختە بەردە گەورەکەی بەرانبەریان. ئەم شکڵ و سێبەرانە بە پێی دوور و نزیکییان لە ئاگرەکە جاروبار گەورەن یا چکۆلەن. ئەم کۆمەڵە دیلە لە ژیانیاندا هیچی دیکەیان نەبینیوە بێجگە لەم سێبەرانە. ژیانیان، ئەگەر بکرێت ناوێ ژیانی لێبنرێت، بە بەستراوەیی لەو غارەدا تێئەپەڕێت و ئەمە بۆ ئەوان بۆتە ڕێئالیتە، هەقیقەتی ژیان و بڕوا و ئاینیشیان و غەیری ئەمە بە دەستێوەردان لە ئاینەکەیان و ئیڕتیداد ئەزانن. یەک لەم دیلانە کە هەندێک سەربزێوترە ڕۆژێک بەدوور لەچاوی هەمووان خۆی ڕزگار ئەکات و ئەڕوات بەرەو ڕووناکاییەکەی پشتیانەوە. پاش ماوەیەک چاوی بە بوونەوەرانێک ئەکەوێت کە کەم تا زۆر لە خۆی و بنەماڵە یا تایەفەکەی لەناو غارەکە دەچن، کەواتە خۆیان تاقانە نین، بەڵام ئەوان جلوبەرگیان لەبەرە و نەبەستراونەتەوە و دێن و ئەچن و لەشێوەگەلی جۆربەجۆرن و سێبەرەکەیان کەوتۆتە سەر تەختە بەردەکە. ناوبراو لەمەش زیاتر ئەڕوات و ئەچێت بۆلای ئاگرەکە و دەستی تێ ئەخات و ئەبینێت ئازاری زۆرە و وازی لێدێنێت و چاویی بە ڕووناکاییەکی سپی ئەکەوێت، ئەڕوات بۆلای ڕووناکاییەکە کە دەرگای غارەکەیە و هەر کە ئەگات، سەوزەڵانی ئەبینێت، ئاسمان ئەبینێت، خۆر ئەبینێت، گووڵ و دار و دارستان و ئاژەڵ و کێوەکان و زەریا و بەگشتیی جوانیی ئەبینێت و ئەمە تەواو لە هزریدا کار ئەکات و وەک ئەوەی خەونی بینیبێت. ناوبراو کۆمەڵە هەقیقەتێکی کەشف کردووە کە قەومەکەی خۆی لەناو غارەکەدا لێی بێ ئاگان. سەرەتا ئەیەوێت بڕوات و چێژ لە ژیانێکی نوێ وەربگرێت کە تازە بە تازە دۆزیویەتییەوە، بەڵام بیری قەومەکەی لەناو غارەکەدا ئەکەوێتەوە و ئەیەوێت بڕوات هەقیقەتیان بۆ باس بکات و پێیان بڵێت، ئەمەی ئێوە ئەیبینن تەنیا سێبەرێکە لە هەقیقەت، ژیانی هەقیقیی ئەوەتا لە دەرەوە، ڕەنگەکان، مەنزەرەکان، قەومەکانیتر، ئاژەڵان، جوانییەکان و هتاد. هەموو لەدەرەوەی ئەم غارەن. ئەفلاتوون چیرۆکەکەی بەمشێوە کۆتایی پێ ئەهێنێت:

بەڵام قومی ناو غار نەک هەر بڕوا بە قسەکانی ناکەن، بەڵکوو بەتاوانی جیابیریی و ئیڕتیداد هەر لەوێ ئەیکووژن و درێژە بەو ڕێئالیتە و ژیانە کۆیلایەتییەکەی خۆیان لەناو غارە تاریکەکەدا ئەدەن، چوون توانای تەحەمولی "ئیڕتیدادیان" نەبوو و هەر لەو غارەشدا ئەمرن و هەرگیز هەقیقەت ناناسن!

ڕۆمان، ئەیوب ڕەحمانی © Roman, Ayub Rahmani

# ســــــــەفـــــــــەر

وەرزی بەهار کۆتایی پێهاتووە و توانەوەی بەفری زستان تازە بەتازە تەواوبووە. تەنانەت کوێستانەکانیش بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوو ئەمساڵ بۆ تەبەڕووکیش پەڵەیەکی سپییان پێوە نەماوە. گەورەکان باس لە هاتنی هاوینێکی گەرم و کەم ئاو ئەکەن و سەرەتای هاوینە، هەوا هەر دێت و گەرمتر ئەبێت، خۆر بە تایبەت لەکاتی نیوەڕۆیاندا تیژ تیژ لە تەپڵی سەری مرۆڤ ئەدات. لەم کاتانەدا سێبەرێکی دارهەرمێ کێویلە و کانیاوێکی سارد چێژێکی بەهەشتی ئەبەخشنە ڕێبوارانی گەرما لێدراو. بەتایبەت کە شنەبایەکی سووکیش لە سەر و تەوێڵ و ناوقەدی ئارەقگرتوویان بدات و باوەشێنی جلکە تەڕەکانیان بکات هێندەیتر سەرخۆشی ئەم جەوە ئەبن. دۆیەکی بەفراوساردی پڕ لە قەزوان و شویت کە لەناو مەشکەیەکی بچووکدا هەڵگیرابێت و بۆنوبەرامەی گووندی لێ بەرز ببێتەوە نرخی تەواوی خۆی هەیە لێرە، بە مەرجێک کە دەست بدات و ساقییەکەی داپیرەیەکی دەم بە پێکەنینی دڵ گەورەی بەخووڵق بێت و بەرەو خەرمان بچێت، بەڵام مانگی خەرمانانیش ماوەیەتی جارێ نەهاتووە!

شەڕی ماڵوێرانکەر و دوواکەوتووانەی نێوان ڕژیمە فاشیستە مەسەبییەکانی (مذهبی) ئێران و ئێراق لەوپەڕی توندووتیژی خۆیدایە. شەوانە ئەگەر بێدەنگییەک دەست بدات و زرمەی تۆپ و ناپاڵم بهێڵن، هەر ئەوەندە بەسە لەناوەرۆکی خۆت ڕۆچیت و جەزەبە ئاسا گوێ ڕادێریت، ئەوجار شیوەنە مابوعدییەکان ئەبیستیت. ڕۆحە شێوێندراوەکانی لاوانی دڵ پڕ لە ئاوات بە شیوەنێکی پڕ لە تاسەوە و بەنابەدڵیی لاشەکانیان جێ دێڵن و دووایین ماڵئاواییەکانیان لەگەڵ دایکە جەرگسووتاوەکانیان ئەکەن. تازە تێدەگەن کە شەڕ بۆ بیروبڕوایەکی پووچی چەقبەستووی هەزاران ساڵە چ هەڵەیەکی قەرەبوو نەکراوەیە، بەڵام جەخار کە تازە درەنگە. "مەخابن شەرت بێ ئیتر چەک بۆ کەس هەڵنەگرم"، ئەمە وێردی بیر و هزریانە، بەڵام ئایا جارێکیتر دێنەوە سەر زەوی بۆ ژیانێکی نوێ؟! ئایا خۆیان ناوی بوونیان لەسەر ماوە، یا هیچبوون و نین ئیتر؟! پرسیارگەلێکی هەزاران ساڵ بێوڵامی مرۆڤایەتیی کە هەرکەس بە سەلیقەی خۆی و بیروبڕواکانی خۆی وڵامەکانیان ئەزانێت وەیا نایانزانێت و هەر لە گوومانەکاندا مەلەوەرە!

سەفەر مێرمنداڵێکی چواردەساڵانی سەربزێو لە ڕەگەزی هەوا سەربەست و لە جنسی ئاو نەرمونیان و سەبوور لە بنەماڵەیەکی مامناوەندیدا لەگەڵ دایک و باوک و دوو خووشک و برابچووکەکەی ئەژی. لەترسی بۆردوومانی ڕژیمی فاشیستی ئێراق لە شار و ماڵ و حاڵیان ڕایانکردووە و لەناو خاکی هەزاران ساڵەی باوباپیرانی خۆیاندا ئاوارەن. یەکەم جاریان نییە کە ئاوارە ئەبن، هەر لە سەرەتای ئاژاوە ناوخۆییەکانی ئێران کە هێزە جیهانییەکان بۆ دەرکردنی محەمەد شای یاخیبوو لە ڕۆژئاوا و کووڕی ڕەزاخان نابوویانەوە و خومەینییان خستبووە جێی، نائەمنیی و شەڕ و کاولکاری و گرانی و هتاد دەستی پێکردبوو و ئێستاش لە گووندە سەرسەوزەکەی کانیوەند بۆ چەندەمینجارە کە ئاوارە بوونەتەوە. چ حەسرەت و ژانێکە کاتێک زلهێزانێکی تەماحکاری بەناو "دێمۆکڕات" لەوپەڕی جیهانەوە دێن و بە ئارەزووی خۆیان وڵاتت لێ ئەشێوێنن و چارەنووست بەلایەکی دیکەدا ئەبەن و شەڕ و ئاژاوە ئەهێننە ناو وڵاتەکەت و مۆرە تازە بەدەسەڵاتگەیشتووە ناوخۆییەکانیش حیجابی ئاین ئەکەن بەسەر ئەم خۆفرۆشییانەیاندا و لەوپەڕی

بێرەحمیدا بۆ سەپاندنی دەسەڵاتەکەیان مرۆڤ و مرۆڤایەتی ئەکووژن. ئەمە یەکەم جار نییە کە ئەم خاکە کوێستانییە ئاوا بەر نفرینی تەماحکارانی زلهێز کەوتبێت، ئەم بەڵایە ئێپیدەمییە و مێژوویەکی چەند هەزار ساڵەی هەیە. خەڵکی ئەم دەڤەرە کوردییەش بەداخەوە هەرگیز فێرنەبوون و وانەیان وەرنەگرت کە خۆیان چارەنووسیان بگرنە دەست، لە لایەکەوە دەرەقەتی ئەو هەمووە نەیارە نایەن و لە لایەکی دیکەشەوە کە ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکاری لاوازییان بێت، پرژ و بڵاو و نایەکگرتوو و هەندێکیش خۆخۆرن! لە کانیوەند ماڵێکی بچووکیان درووست کردووە و لەوێ وەک ماڵە ئاوارە ئەژین. بۆ بژیوی ڕۆژانەیان کەپرێکیان وەک دووکان بە چێو و تەلیس و جەواڵ و نایلۆن لەسەر سێ ڕێیانی جادەی کانیوەند درووست کردووە و بە فرۆشتنی کەلوپەلی دووکانی ناوشار لێرە داهاتێکیان بۆخۆیان دابین کردووە.

سەفەر وەها بارهێنراوە کە لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی خۆیدا و لە ئاست بنەماڵە و کەسوکاریدا خۆی بە بەرپرس بزانێت، جۆرێک غورور لە جەوهەر و خوێنیدایە، هەر دەڵەی لە خانە خشتییەکانی دیاکۆ و ئاستیاگ درووست کرابێت. هاوکات لە کاتوساتی باڵغبووندایە و سەردەمی پرسیارە بێ کۆتاییەکانی مێرمنداڵیی تەواو هزریان داگیر کردووە. تازە هەست بە شەرم لە ئاست کچانی هاوقوتابی خۆیدا ئەکات. چۆتە یەکی ناوەندی و لەم گووندەش بە هۆی کەمبوونی مامۆستا، یاسای کۆماری ئیسلامی ژێر پێ نراوە و کووڕ و کچ تێکەڵ ئەخوێنن. لە کاتی شەڕدا حکومەتی مەلا کەمتر سەری ئەپەرژێتە بەڕێوەبردنی شەریعەتەکەی. ئەوەندەی پەشێوی سەرباز گرتنە بۆ ڕەوانەکردنیان بۆ شەڕ و بەکووشتدانیان بۆ هزر و بیر و باوەڕە چەپەڵەکەی، نیو هێندەش توانایی کۆنترۆڵی گووندەکانی نییە و ئەمەش خۆی خاڵێکی ئەرێنیی و باشە. شەڕی پێشمەرگەش لە دژی حکومەت بۆ خودموختاری! هەر بەردەوامە و گووندەکان زۆرجار شەوانە پێشمەرگەیان تیایە. پێشمەرگە ئەو هێز و باهۆ بەورە و پڕ لە بیر و بڕوایەیە کە بەداخەوە خۆخۆریی برستی لێبڕیوە و هەزار حەیف و جەخار کە لە ئامانجەکانی خۆی زۆر دوورکەوتۆتەوە و دیار نییە چارەنووسی بەرەو چ ئاقارێک ئەڕوات!

کانیوەند لەناو شیوەڵانێکی سەرسەوزدا ئاوەدان کراوەتەوە و هاوینان کەمتر بێ ئاو ئەبێت بەوجۆرەی کە لە ناو شار ئەزموونی بێ ئاویی هەیە. حکومەت بەناوی بەڕێوەبردنی شەڕی چەند جەبهەیی ئیسلام و کوفر سەری ناپەرژێتە ئاوەدانکردنەوەی ناوشار و چاککردنەوەی وێرانییەکانی بۆردوومان، ڕەنگە هەر بە ئەنقەستیش گوێی پێ نادات، ئاخر خۆ کارمەند و کرێکار لە شەڕ نین، ئەگەر حکومەت نییەتی خێری هەبوویایە بوودجەی تەرخان ئەکرد و کێشەی کەم ئاویی و زۆربەی مەشاکیلی بارهاتووی دیکەی بە هۆی بۆردوومانەکانەوە لە ناو شار چارەسەر دەکرد. ئەگەر پارەی نەبوویایە ئەوە بەیەکسان بە شارەکانی دیکەشدا نەدەگەیشت، بەڵام ئاشکرایە کە وانییە. هیوای زۆری بە شارە سەرسنوورییەکان نەبەستووە و بەناوی شەڕی بەرگری پێشمەرگەش و بۆ تۆڵە سەندنەوە لە خەڵکی کورد، سەرمایەگووزارییەکی وەها لەم شارە سەرسنوورییانەدا ناکات. ئاخر حکومەت خۆی زۆرباش بە دەستکردبوونی سنوورەکە ئەزانێت، ئەوەی بەو سنوورە دەستکردانە نازانێت خەڵکەکەیە کە بەهۆی سەختبوونی ژیان و نەخوێندنەوە و نەناسینی مێژووی خۆی هزری کەمتر بەم باسەوە ئەخافڵێنێت یا جامی ژەهراوی ئەو هەقیقەتە تاڵەی هەڵقووڕاندووە تازە و قەبووڵیکردووە. هەر هیچ نەبێت باسەکەش مەترسیدار و باسی سەرە و هەمووکەسیش ناتوانێت ببێتە پاڵەوان و داشەهارە. زۆربەی عەوام چارەنووسی دیاریکراویان قەبووڵ دەکەن و دادەنیشنە پای ئەو ژیانەی بۆیان لوواوە. فەیلەسووفێک ئەیوت جیهان کەروێشکێکی سپی هەرە گەورەیە کە لە کڵاوی شووعبەدەبازێکی تەردەستەوە هاتۆتە دەر. مرۆڤەکانیش ئەو ڕشک و سپێیانەن کە لەسەر پێست و لەناو تووکی ئەم کەروێشکە شووعبەدە کراوەدا ئەژین. عەوام خێرا عادەت ئەکەن بەم ژیانە و لە تووکەکان ڕۆدەچن و لە نزمترین و خووارووترین و بێ موزیرەترین شوێنەکان جێگای خۆیان ئەدۆزنەوە و ژیان و کەسابەتی خۆیان ئەکەن، بێدەنگ و بێخەتەر. سەربزێوە ڕۆح سووک و سەربەستەکان بەڵام دایم لە نووکی تووکەکاندا ئەمێننەوە بۆ ئەوەی ئەزموونی نوێ و ڕێگاچارەی نوێ یا هەقیقەت ببیننەوە و هەرگیز عادەت ناکەن بە ژیان لە پەستترین شوێنەکاندا! ئەم فەیلەسووفە مەبەستی بێڕێزیکردنی بەکەس نییە، تەنیا بە مێتافۆر و ئیستیعارە ئەدوێت.

سەفەر بەیانیان لە مەکتەبی ناوەندیی کانیوەند ئەخوێنێت و پاشنیوەڕۆیان بۆ یارمەتیدانی باوکی ئەچێتە کەپرەدووکانەکە و هەر لەوێش تەکلیفەکانی مەکتەبی ئەنووسێتەوە یا کتێب ئەخوێنێتەوە و خولیای کتێب

خوێندنەوەیە. باوکی حەوتووی چەندجار ئەچێتەوە ناوشار بۆ سەردان و چاودێریی ماڵ و دووکانەکەی، کە نەبا بۆردوومان ڕووخاندبنی وەیا سووتاندبنی، نەبا لەچۆڵبوونی شاردا دز بریبنی و زستانانیش بۆ بەفرماڵین و بانگێڕان هەر دەبوو بچووبایەوە و زۆرجاریش شەوان هەر لەناو شار دەمایەوە و بەیانی زوو بە کەلوپەلی دیکەوە دەچووەوە بۆ کانیوەند. سەفەریش لە کاتی ڕۆیشتنی باوکی هەر لە کەپرەدووکانەکەدا ئەمێنێتەوە و لەماڵی ناو گووندەوە یەک لە خووشکەکانی یا دایکی خواردنی ئێوارەی بۆ ئەبەن و شەویش هەر لەوێ ئەنوێت تا بەیانی زوو باوکی یا کەسێکی دیکەیان ئەچنە جێی بۆ ئەوەی ئەمیش بگاتە مەکتەبەکەی. نووستنی شەوانە لەو کەپرەدووکانەدا زۆر مەترسیدار نییە، چوونکە چەند خاوەن دووکانی دیکەش هەر بە هەمان شێوەی ئەمان ئاوارەی کانیوەند بون و لەپاڵ یەکدا بازاڕچەیەکیان پێکهێناووە و شەوانە کەسێکیان تابەیانی لە دووکان ئەمێنێتەوە. ئەم دووکاندارانە شەوان تا کاتی نووستن بە دەوری ئاگردانێکدا لەناوەڕاستی کەپرەکان دادەنیشن و قسەی خۆش ئەکەن و هەندێکجاریش باسی شەڕ دەگێڕنەوە و سەفەر لاوترینی ئەم دووکاندارانەیە کە گوێڕایەڵی قسەکانیانە و شتیان لی فێر ئەبێت. خەڵکی کانیوەندیش بە بوونی ئەم دووکانانە هەندێک ئاسوودەترن و بە جێگای ئەوەی بچنە ناوشار، کەل و پەلی پێویستییان لەم بازاڕچە ئەکڕن. هەندێکجار لەملاولەولا ئەبیستریتەوە کە گووندییەکان گاڵتە بە ئاوارەکانی ناوشار دەکەن و پێیان دەڵێن شارستانییە دەمڕووتەکان، جا چ بووە، خۆ دەمی خەڵک نابەسترێت. حاجی ساڵەی کوورتاندروو یەکەمین دووکانە کە پاڵی بە کەپرەکەی سەفەر و باوکییەوە داووە. سەفەر ڕۆژانە کاتێک مووشتەری نییە یاخود کتێب ناخوێنێتەوە، لەلای حاجی دادەنیشێت و چاو لەدەستی ئەکات چلۆن حاجی بە لێهاتوویی و مەهارەتێکی کەم وێنە کە ئاکامی ساڵەها ئەزموون و کاری کوورتان دروونە ئەو سووژنە بەو جەواڵ و تەلیس و فەرش و چەرمانەی سەر کوورتانەکاندا ئەکات، پێکەوەیان ئەدووریتەوە و نەقش و نیگارێکی هوونەرمەندانەیان تێدا ئەنەخشێنێت . سەرنج ئەدات کە چلۆن حاجی ئەو کا و چڵەگەنمە بێ گەنمانە بە کۆلۆژە ئاسنییە دوونووکتیژەکەی لەو کورتانانە ڕۆدەکات و پاشان وەک بەرد سفت و سۆڵیان ئەکات. حاجی ئەگەرچی بەتەمەنە، بەڵام هێندە ئازا و بەکارە کە ڕۆژی لانیکەم کورتان و نیوێک درووست ئەکات و ئەگەر سەری شلوق نەبێت و بەدەم کاری دیکەوە نەڕوات حەتمەن تا ئێوارە دوو کورتان درووست ئەکات. تازە بە هۆی باشبوونی چۆنایەتی و کەیفییەتی کوورتانەکانی، مووشتەریشی کەم نەبوو و کوورتانەکانیشی زۆر هەرزان نەبوون و هەندێکجاریش خەڵک دەبوو چەند ڕۆژ و حەوتوو ڕابوەستن بۆ کڕینی کورتانی باش یاپێشتر سفارشی بدەن لەلای. هەندێک وڵاخداری بەسەلیقەش تەنانەت ڕای خۆیان هەبوو لەسەر نەقش و نیگارەکان. حاجی بەدەم کارەوە لە قسەی خۆشیش کەمی نەدەهێنا و دایمە پێکەنینێکی مەلیحی لەسەر زار بوو کە نیشانەی ڕازیبوون بوو لە کار و داهاتەکەی خۆی و ئەمەش تووشی غرووڕێکی کردبوو بەو کارەی کە ئەیکرد. نانی هوونەر و کاری شانوباهۆی خۆی ئەخوارد و منەتی بەسەر پووشێکیشەوە نەبوو. لەو خەڵکانە بوو کە لە پەسترین شوێنی سەر پێستی کەرویشکە سپییەکە لەناو قووڵترین تووکەکاندا ئەژیا و خانووبەرەیەکی قایمی بێ موزیرەتی بۆخۆی و بنەماڵەکەی سازکردبوو و پێیوابوو چەرخی گەردوون تەنیا بۆ ئەو و بەکەیفی ئەو ئەسووڕێت، تەنیا مەگەر شەڕ و بۆردوومان لێیان تێک بدایە، کە ئەویشی بە موقەدەری ئیلاهی قەبووڵ کردبوو.

کات تێپەڕ دەبوو و ژیان لەبەردەوامی خۆیدا بوو و سیکلی شەو و ڕۆژ و وەرزەکانی ئەپێوا و شەڕیش هەر بەردەوام بوو. سەفەری مێرمنداڵ لەنووکی تووکی کەرویشکە سپییەکە نەدەچووەخوار، نەیدەتوانی عادەت بە چارەنووسێک بکات کە خەڵکانی دیکە بۆیان دیاریکردووە، ئەیزانی شتێک ونە، شتێک گوونگە بەڵام چی بوو ئەم شتە، نەیدەزانی، ئەیەویست بگەڕێت، بیدۆزێتەوە، بیبینێتەوە، کەشفی بکات، بەڵام چۆن و لە کوێوە دەست پێ بکات؟ بیرو هزری بەم ونبووەوە داگیر و تەسخیر کرابوو. تەنانەت باوکی و دایکی و خووشکەکانیشی پێیانزانیبوو کە ماوەیەکە وەک جاران نەماوە. پێشتر لەگەڵ هاوڕێ هاوپۆلەکانی لە کانیوەند فێربووبوو ئەچووە مزگەوت و نوێژی جەماعەتی ئەکرد، ئێستا ماوەیەکە بەڵام نە بۆ مزگەوت ئەچێت و نە نوێژیش ئەکات. ئەم ئاڵووگۆڕە چۆن و لە کوێوە ڕووی تێکردووە خۆیشی نازانیت. پێیوانەبوو حاجی هێنابێتییە سەر ئەم ڕێگا نوێیە، چوون حاجی خۆی مەسسەبیی بوو و لە خواری خوارەوە جێگای خۆش بوو و نەسیحەتەکانی ئەو بۆئەمە بوون کە سەفەر وەک خۆی لێبکات و خۆی پاڵەوانی گەردوون بوو. ئەبێت یەک لە دووکاندارەکانی دیکە بووبێت، بەڵام کامیان؟ ڕەنگە خەتای ئەو کتێبە ئەجەق مەجەقانە

رۆمان، ئەیوب ڕەحمانی © Roman, Ayub Rahmani

بێت کە ئەیخوێندنەوە، یا ڕەنگە خەتای ئەم کتێبە بێت کە ئێستا بەدەستییەوەیە و جار و بار ئەیخوێنێتەوە؟ چی بوو ناوی کتێبەکە؟ تائۆ چی وت؟ بۆ مەگەر تائۆتسە چی پێیە بۆ وتن، بێجگە لە کۆمەڵێک شیعری ژیان؟ گاتاکانی زەردەشتیش کارتێکەریان کەم نەبووە لەسەر هزری سەفەر. ئای ئەم منداڵە بۆ وادەکات لەخۆی؟

ئێستا ئیتر کۆتایی مانگی پووشپەڕە و مانگ بەرەو گەلاوێژ ئەڕوات. گەرما ئامانی لە سرووشت و بوونەوەران و مرۆڤیش بڕیوە لەم ناوچەیە، هەموو کوێ وردە وردە واخەریکە زەرد هەڵ ئەگەڕێت. قووتابخانە نزیکەی مانگێکە تەواو بووە و سەفەر بە نمرە و مەعەدەلی عالی دەرچووە بۆ دووی ناوەندیی. باوکی گەیی لێی هەیە کە بۆچی ئێستا ئیتر نوێژەکانی ناکات و سەفەریش وڵامێکی ئەوتۆی پێنییە بۆ باوکی، مێرمنداڵێکی چواردە ساڵەی ئاوارەی کوردی لەشەڕدا گەورەبوو کووا جارێکە هێندە بڕوابەخۆبوونی تیا چێندراوە باسی تێئۆریک، هەرچەند کەمیش، بۆ باوکی بکات؟ بەڵام شک لەودا تازە گەرای خستووە. ڕۆژێک پاش لێپرسینەوەیەکی چڕوپڕی کەسوکاریی توورە ئەبێت و لێیان ئەتۆرێت. نان کەم ئەخوات، کەم ئەچێتە دووکان، هەموو پێیانوایە ئاشقە، بەڵام نازانن مەعشوقەکەی کێیە! خۆی بەڵام ڕۆژانە ئەگەر باوکی لەکەپر بێت و پێویستی پێی نەبێت کتێبێک هەڵئەگرێت و ئەڕواتە گوێچەمی کانیوەند و لە سێبەری دارێکدا ئەیخوێنێتەوە. جاروبار ڕێبوارێک تێدەپەڕێت و پاش سڵاو و مەرحەباییەک سەری ئەخاتەوە سەر کتێبەکەی. هەندێکجار کچانی ئاوایی و جاروباریش کچانی ئاوارەی شارستانی دیکە تێدەپەڕن، چاوبڕکێی ئەکەن و ڕەنگە ئەوانیش بۆ یارێک ئەگەڕێن بۆ دڵداریی و دەستبازیی. بەڵام سەفەر هەڵوەدای ونبوویەکی دیکەیە، ونبوویەک کە خۆشی نازانێت چییە، بەڵام ئەیەوێت حەتمەن وەدووی کەوێت و بیدۆزێتەوە! ڕۆژێک ئیتر بڕیاری کۆتایی ئەدات بڕوات بەدووای ئەو شتەی لێی ونە. تەحەمولی مانەوە و ماتڵبوونی زیاتری نەماوە، بەڵام بۆ کوێ بچێت؟ بیری ئەکەوێتەوە خاڵەی پێشمەرگەیە. "ئەچم خاڵم ئەدۆزمەوە و هەر لەوێش ئەمێنمەوە و ئەبمە پێشمەرگە" لەبەر خۆیەوە ئەڵێت. بەڵام ئایا ئەمە بەڕاستی ئەو شتەیە کە ئەیەوێت؟ نازانێت! لە دایکی بیستبوو کە خاڵی ئێستا بەهۆی بێزاربوونی لە شەڕی خۆخۆریی، پێشمەرگە نەماوە و لە گووندیی میراوای ئەوبەر چۆمان، لەپشت چیای گمۆ کاسبی ئەکات. شەڕی دوواکەوتووانەی نێوان دوو فاشیستی شیعەی ئێران لەگەڵ سوونە و بەعسی ئێراقیش هەروا گەرموگوڕە، ڕۆژانە و بەتایبەت شەوانەش دەنگی تۆپ و هاوەنی شەڕ لە کانیوەند ئەبیسترێت، کۆپتەرە یەک پەروانە و دووپەروانەکان لەمسەر چەک و تەقەمەنی و سەرباز ئەبەن بۆ جەبهە و لەوسەر کووژراو و بریندار ئەهێننەوە. سەفەر بیستبووشی کە قاچاخچییەکانی سەر سنوور لە نێوان چۆمان و میراوا هەر کاری خۆیان دەکەن و لەوبەریش پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی لێیە. ئەمانە هەوێنێکی سەرەتایی چاکبوون بۆ یاخیبوون لەدەست چارەنووس!

ئاقبەت بڕیار ئەدات کە بڕوات بەدووای ونبووەکەیدا. ئەو ڕۆژەی کە بڕیاری ڕۆشتن ئەدات هەندێک پارەی پاشخستووی خۆی هەڵئەگرێت و ئەچێتە سەر سێ ڕێیانی جادەیەکی خاکی تەپووتۆزاویی خوار کانیوەند کە یەکیان بەرەو سنوور ئەڕوات، وە لەوێ ڕادەوێستێت. تویتایەکی شەقوشڕی سەوزڕەنگ ڕووئەکاتە ئەو جادەی بەرەو سنوور ئەڕوات. سەفەر دەستی بەرز ئەکاتەوە و تویتا ڕایئەگرێت. شۆفیر سەری لە پەنجەرەوە دەر دێنێت و پرس و جۆ دەستپێدەکات. (بەشێوەزاری ڕۆژهەڵاتیی)

- بۆ کوێ ئەچیت؟
- بۆ چۆمان.
- بۆچی ئەچیت؟
- باوکم لەوێیە، باری هەیە ئەینێرێت بۆ ئەودیو و مەڕوماڵاتیش ئەهەنێت، ناردوویە بە دوواما بۆ یارمەتیدانی چوون برا گەورەکەم لێرە نییە، بە سەربازیی گیراوە و ناردوویانە بۆ جەبهە، منیش ئەچم بۆلای باوکم بۆ یارمەتیدانی و پارەی کرێماشینیشم پێیە و خەڵکی کانیوەندم!
- شێوەزارت بە کانیوەندیی ناخوات!
- ئاخر لە شار گەورە بووم.
- ناوی باوکت چییە؟

- ناوی باوکی هاوڕێیەکی مەکتەبی کانیوەند دێتە زەینی، ناوی باوکم کا ڕەسووڵی کانیوەندە!
- خۆت ناوت چییە؟
- ئەگەر خۆی کووڕی کا ڕەسووڵ بێت کەواتە ناوی هاوڕێکەی ناوی ئەمیشە، خێرا ئەڵێت ناوم یۆسفە!
- دیارە شۆفیر کا ڕەسووڵی کانیوەندیی نەدەناسی و ئەمەش بە قازانجی سەفەر بوو.
- بەڵام من تا یاکووباوا (یەعقوب ئاوا) ئەچم و لەوێ ئەتسپێرم بە شۆفیرێکی دیکە بتبات بۆ چۆمان.
- باشە زۆر مەمنوونم و بە فڕکە لە پشتەوەی تویتا سەرئەکەوێت و تا یاکووباوا هەر بە تەنیا لە پشتەوە تۆز ئەخوا و گەرماوەی هەوای هاوین لە دەمووچاوی ئەکووتێت و پێستی ناسک و سپی دەمووچاوی بە شێنەیی زەرد هەڵئەگەڕێنێت.

ئەگەنە یاکووباوا و سەفەر بە سەر و چاو و قژ و جلوبەرگی تەپوتۆزاوییەوە دائەبەزێت. پارە دەردێنێت، شۆفیر پارەی لێناسێنێت و ئەیسپێرێت بە شۆفیرێکی دیکە بیبات بۆ چۆمان.

- ئەمە کاک یۆسفی کووڕی کا ڕەسووڵی کانیوەندە، سەری ئەخەیت تا چۆمان؟
- بەڵێ بەسەرچاو، کا ڕەسووڵی کانیوەندیش چاو و دڵی ئێمەیە!
- دەی کا یۆسف گیان، ئەم شۆفیرە ئەمینە و ناسیاوی منە، خەمت نەبێت ئەتگەێنێتە لای باوکت.
- باشە زۆر مەمنوون مامە گیان. ئەی بۆ پوڵم لێوەرناگریت؟
- من پوڵ چۆن لە مناڵ وەرئەگرم!
- من مناڵ نیم!
- ئەزانم، ئەزانم، دەی خوات لەگەڵ بێت.
- خواحافیز.

سەفەر کە ئێستا ناوی یۆسفی کانیوەندە تینووی بووە، ئەچێتە چایخانە و خێرا ساردییەک ئەکرێت و ئەگەڕێتەوە و سەرئەکەوێت بەرەو چۆمان. ماشینی ئەمجارە لاندوێرە، سەری بەتاڵ نییە و لە تەپوتۆز و بای گەرم لانیکەم تا چۆمان پارێزراون. ڕێئەکەون، ڕێگایەکی کوێستانی و جادەیەکی باریکی ناڕێک و پێک، لەخۆڕا نییە لاندوێر لێرە لەکار خراوە. بە هۆی هێواش لێخووڕین و کوێستانی بوونیش هەم تەپووتۆزی نییە و هەمیش هەوای فێنکە بە پێچەوانەی جادەی پێشوو. جادەکەی زۆر باریک و مەترسیدارە و زۆرجار لە قەراغ بەرزاییەکانەوە تێدەپەڕێت، ئەگەر سایەقێکی لێهاتوو و نەترس نەبێت، ناتوانێت بە ساکاریی تێیپەڕێنێت. چکۆلەترین هەڵە ئەکاتە بەربوونەوەیەکی دووسەت یا سێسەت مەتریی ئازاد تا خووارەوە و کووژرانی تێکڕای سایەق و مسافرەکان. چەمی کەڵوێ و چۆمان لە خوارەوەی دۆڵەکە جاروبار وەک سپی مارێکی پێچاوپێچ دەرئەکەون. هەندێکجار بەرەو سەوز و ڕەنگەکانی دیکە ڕەنگ ئەگۆڕن و لەو سەرەوە وێنایەکی ئێجگار جوان ئەخووڵقێنن. مەنزەرەی کوێستانی ئەم دەڤەرە هێندە جوانن کە سەرنجی هەمووان، بە تایبەت سەفەر کە یەکەمین جارییەتی ئەم ناوچە ئەبینێت، ڕادەکێشن و ئەمەش لە بیرکردنەوە لە کەوتنەخوارەوەی ماشینەکەیان دایانئەماڵێت. ئەگەرچی مەترسییەکە بەردەام بوونی هەیە بەڵام مونحەرف بوونەکە خۆهەڵخەڵەتاندنێکی بەجێیە لەم کاتانەدا. پاش ماوەیەک ئەگەنە گووند و بازاڕی سەرسنووریی چۆمان کە قەرەباڵغییەکەی سەرسووڕهێنەرە.

ئەم هەمووە مرۆڤ و وڵاخە لەم بازاڕەدا شارەمێرووئاسا تێک ترینجاون و هەر کامە و بەلایکدا ئەڕۆن بێ ئەوەی لێک گیر بکەن یا سەر ڕێ لە یەکتر سەد بکەن. هەندێک خەریکی بارکردنی وڵاخەکانیانن، هەندێک وڵاخ ناڵ دەکەن، هەندێک شەکەت و ماندوو تازە گەیشتوون و بار دادەگرن. دەنگی ئاسنکووتانی ئاسنگەر سەفەر ئەخاتەوە بیری ناو شار و بابەگەورەی خۆی کە یەکەمین ئاسنگەری شارەکە بووە، بیری ئەو کاتانە ئەکەوێتەوە کە هێشتا ئاوارەی ئەم گووند و ئەو گووند نەببوون و ژیان زۆر خۆشتر بوو. هەندێک لە ناو چایخانەکان دانیشتوون و پشوو دەدەن و نان و چا دەخۆن یا تاوڵە و دۆمینە و سێ ڕیزێن ئەکەن. ڕادیۆیەک هەڵکراوە و جاروبار هەواڵ و جارجارەش گۆرانی

بلاو ئەکاتەوە. جادەی خاکیی ناو گووند بەشە بەشە بەهۆی ڕژانی ئاو لە دۆڵێکەوە قووڕاویی بووە و ڕێبوارەکان ئەبێ وریا بن خۆیان و وڵاخەکانیان لەم قووڕانە تێنەچەقن.

لاندوێرەکەیان لە مەیدانێک لە لای ماشینەکانی دیکە ڕایدەگرێت و پێش دابەزین هەرکامە کرێی خۆی ئەدات بە سایەقەکە و ئەوجار یەکە بە یەکە ماڵئاوایی لە سایەق و لەیەکتر ئەکەن و دائەبەزن، دانێک لە مسافرەکان وەعد لە شۆفیر وەردەگرێت کە بۆ گەڕانەوە بە جێی نەهێڵێت و پاشان هەرکامە و بەرەو شوێنی ئامانجی خۆی ئەڕوات. لە عەسر نزیک بوونەتەوە و سەفەری مێرمنداڵ کە یەکەم جارییەتی لەهەموو ژیانیدا بەتەنیا سەفەری کردبێت، هێشتا نازانێت لەم گووندە چ بکات، بەڵام برسییەتی. ئەچێتە چایخانە و نەفەرێک هێلکەوتەماتە داوا ئەکات، هیچیتریان نییە. پەرداخێک ئاوی ساردی سەهۆڵاوی بۆ دێنن و داوای دۆیەکی ساردیش ئەکات. پاش چەند خوولەکێک شاگرد چایخانە کە تەقریبەن هاوتەمەنی خۆیەتی خواردنەکەی و دۆی بۆ دێنێت. وەستا و شاگرد زانیویانە ئەم منالە غەریبە.

- شاگرد: کاکە وادیارە غەریبی لێرە؟ قەتم نەدیویت!
- بەڵێ هەر ئیستا گەیشتووم.
- ئەچی بۆ کوێ؟
- وەڵا ئەمەوێ بچم بۆ ئەودیو، بۆ میراوا.
- بۆچی ئەچیت؟ بارت هەیە؟
- نەوەڵا باوکم مەڕوماڵاتی کڕیوە ئەبێ بچم یارمەتی بدەم بیانهێنینەوە. براگەورەکەم سەربازە و لەماڵ نییە، بەناچار من هاتووم. (سەفەر تەنیا برایەکی بچووکتر لە خۆی هەیە و ئەمە فیلمە بۆ ڕێونکردن باسی ئەکات)
- ئەی کووا ئێستا کاتی سەربازی چوونە؟
- وەڵا گرتیان و بردیان، دەنا خۆی نەدەچوو و کەسیشمان ڕازی نەبووین بچێت، بەڵکوو ڕابکات بێتەوە.
- دەی ئیشەڵا دێتەوە.
- ئەی من چۆن بڕۆم بۆ ئەو دیو، چ ماشینێک ئەڕوات؟
- شاگرد پێ ئەکەنێت و ئەڵێ کاکە ئەوە سنووری ئێراقە، تەنیا وڵاخ شەوانە هاتووچۆ ئەکەن، ئەبێ لەگەڵ کاروانەکان بڕۆیت.
- کاروانەکان لە کوێن؟
- گۆشەی ڕۆژئاوای گووندەکەی بە دەست پێنیشان ئەدات و ئەڵێ: "کاروانچییەکان تاوێکیتر ئالەوێ بارەکانیان سەر ئەخەن و ڕێدەکەون، پشووی خۆت وەربگرە و پاش ئیسراحەت بچۆ با بەجێ نەمێنیت". (شاگردەکە هەندێک وشەی کوردیی باشووریی بەکار دێنێت کە بیستنیان بە گوێچکەی سەفەر تازەن.)
- باشە مەمنوون، خوا خێرت بنووسێت و ماڵت ئاوا بێت. بۆ ئەوەی خۆشی بەشێوەزاری گووندیی قسەی کردبێت!

سەفەر دوو چایی دیشی بچووکیش ئەخواتەوە و پارەی خواردنەکەی ئەدات و ماڵئاوایی ئەکات و ئەڕوات بۆلای کاروانەکان. هێشتا بار و بنەیان لە وڵاخەکان نەناوە، وڵاخەکانیان تێر و تەسەل و حازر ئەکەن. لە پڕ سەفەر لە ناو وڵاخدارەکاندا چاوی بە ئاشنایەک ئەکەوێت، لاوێکی ۳۰-۳۵ ساڵەی کە وردە وردە قژە سەری لە پێشەوە ڕووتاوەتەوە. هەندێک لێی ئەچێتە پێش و لێی ورد ئەبێتەوە ئەوجار ئەیناسێتەوە، کاک حەمەمینی برای یۆسف و کوورە گەورەی کا ڕەسووڵی کانیوەندە! سەرەتای بەهار لە کانیوەند ژنی گوواستەوە و ئەمانیش چووبون بۆ شاییەکەی، بێجگە لەوە سەفەر و یۆسفی برای هاوڕێ و هاوپۆل بوون. کەواتە ئیتر ناتوانێت خۆی بە ناوی یۆسفی کووڕی کا ڕەسووڵ و خەڵکی کانیوەند بناسێنێت. سەرەتا خۆی لە حەمەمین ئەدزێتەوە، بەڵام چاری ناچارە و خۆی ئەگەیێنێتە لای.

- سلاو کا حەمەمین!

- سڵاو چاوەکەم، ئەوە چی ئەکەی لێرە؟ لەگەڵ کێ هاتووی؟
- بۆ تۆ ئەمناسیتەوە؟
- ئەی چۆن ناتناسمەوە کووڕی خاڵە حەمە، ئەی لە دووکانی سەر سێ ڕێیان کەمم ئەشیا لە خۆت و باوکت کڕیوە؟ من تۆم هەر لە چایخانە بینی. خاڵە حەمەم نەبینی، باوکت لە کوێیە؟
- وەڵا ئەوەی ڕاستی بێت بە تەنیا هاتووم.
- تۆراوی لە ماڵەوە؟
- نا نەتۆراوم، ئەمەوێ بچم بۆ لای خاڵم لەودیو.
- خاڵت لە کارێزەیە؟ پێشمەرگەیە؟
- نا لە میراوایە و کاسپی ئەکات.
- بەڵام من ناهێڵم تۆ بێی بۆ ئەو دیو، ئەمە ڕێگای هاتونەهاتە و پڕ مەترسییە، شەو و ڕۆژێک ڕێگای گمۆیە و کاری منداڵان نییە و ئێستاش دایکت زۆر بە پەرۆشتە و دیق ئەکات، خێرا بڕۆرەوە با نیگەرانت نەبن. (گمۆ چیایەکی بەرزی سەرسنووری دەستکردە لە نێوان چۆمان و میراوا و مەروێ و چەند گووندێکی دیکە.)
- من لەگەڵ تۆ نایەم، بۆخۆم لەگەڵ کاروان ڕێ ئەکەوم.
- بەخوا ناهێڵم کەسیش بتبات لەگەڵ خۆی، یاڵا بڕۆ ئالەوێ سوار ماشین بە و تا شەو نەبووە و ماشین ماوە بگەڕێرەوە. پووڵت پێیە، یا پووڵت بدەمێ بۆ کرێ ماشین؟
- ئەرێ پوولم پێیە و باشە ئەگەڕێمەوە.
- زۆر باشە، ئەمە بڕیارێکی ژیرانەیە، زۆر مەمنوونم کە بە قسەم ئەکەیت.
- دەی با ماشین بەجێم نەهێڵێت، من ئەڕۆم، خواحافیز
- خوا حافیزت بێت چاوەکەم.

سەفەر هەندێک دوور ئەکەوێتەوە و تا چاوی کاک حەمەمین خافڵ ئەبینێت لە پشت خانوویەک خۆی لێ ون ئەکات. من نەهاتووم بۆ ئێرە کە هەروا بە دوو قسە بگەڕێمەوە، بۆ تۆ کێیت؟ کەسی من نیت، لە دڵی خۆیدا ئەدوێت. ماوەیەک لە نزیک کاروانچییەکان لە پشت ئەو خانووانە کات ئەکووژێت بە دوور لە چاوی وڵاخدارەکان، چوون ئەزانێت کا حەمەمین ڕاپۆرتی داوە کە نەیبەن لەگەڵ خۆیان. کتووپڕ هەست ئەکات هەوا بەرەو فێنک بوون ئەچێت و ئەمیش جلی گەرمی لەبەردا نییە، هاوینی هاتۆتە دەرەوە. خێرا خۆی ئەکاتەوە بەناو بازاڕدا و بەدووا جلی گەرمتردا ئەگەڕێت، زەحمەتە بەم زووییانە دەستی بکەوێت، پاش ماوەیەک گەڕان دووکانێکی جلوبەرگ فرۆشی ئەبینێتەوە و بلووزێکی قاوەیی ئەکڕێت و هەر لەوێ لەبەری ئەکات و ئەڕوات بۆلای کاروانچییەکان کە بەڕێکەوتوون و زۆر دوور نەکەوتوونەتەوە و چاوی پێیانەوەیە. دووراودوور، هەر ئەوەندەی کە ونیان نەکات بە شوێن پێیاندا بە سەر ڕێگاکەدا ئەڕوات. ڕێگایەکی سەغڵەت و ناخۆشە، جار و بار تەڕ و قووڕاوییە کە بە جێ پێی وڵاخەکان چاڵچاڵ بووە و ئەبێ وریا بێت قاچە بچووکەکانی تێ نەکەون و هەندێکجاریش ویشک و شاخاوییە. بەڵام هیچکام لەمانە بۆ سەفەر گرفت نەبوون، بۆ وەها تازەلاوێکی پڕلە وزە و حەرارەت، ڕێگاپێوان ساکار بوو، تەنیا نیگەرانیی ئەمە بوو کە ئایا بێ گرفت ئەگاتە میراوا و ئایا خاڵەی ئەبینێتەوە؟ دڵخۆشییەکەشی ئەمە بوو کە هەرکات پێشمەرگە ببینێت، سەر بە هەر لایەنێک بن، ئەم بچێت بۆلایان. ڕێگا کۆتایی نایات، شەو تاریک بووە بەڵام بەخۆشییەوە مانگە شەوە و ئاسمان ساماڵە، جار و بار مانگ لەپشت شاخێک یا دۆڵێک ون ئەبێت، ڕووناکایی سەر ڕێگاکە کەمتر ئەبێتەوە و هەندێک جاریش سێبەرەکە زۆر گەورەیە و ئەیکاتە شەوەزەنگ بەڵام کۆتایی هەر شەوەزەنگێکیش ڕووناکایی مانگی شەوە. لەمکاتە تاریکانەدا ئەبێت خۆی لە کاروانەکە نزیکتر بکاتەوە تا ونیان نەکات. کاروانچییەکانیش چرایان هەڵ نەکردووە، ڕەنگە لەبەر ئەوەی نەکەونە بەر چاوی پاسەوانە سنوورییەکان و سەیتەرەکانی ئێراق. هەر هیچ نەبێت ناوچەیەکی شەڕاویشە لە نێوان هەردوو حکومەتەکەدا. کاروان هەر سەردەکەوێت و بە ڕێگای پێچاوپێچدا بەرەو لووتکە و بەرزایی ئەڕوات. ئەو کاتانەی کە لە کاروانەکە زۆر نزیکە، بۆنی تەرسی وڵاخەکانیش تووندتر ئەگەنە لووتی. مناڵی شار کەمتر عادەتی بەو بۆنەیە، بەڵام لووتی زوو عادەتی پێئەکات و هیچ کێشەیەکی نامێنێت لەگەڵی. نزیک نیوەشەو کاروان ئەگاتە نیوەی بەرزایی گمۆ. کاروانچییەکان لە تەختاییەکی لابەلا و قووژبندا

ڕادەوەستن و خانوویەکی یەک قات بەڵام پانێرو گەورەی نزمی لێیە. لە سەر تابلۆیەکی بچووک بە دەست نووسراوە کاروانسەرای لەتیف. وادیارە بە تەمان پشوو بدەن یا نانبخۆن. بارەکانیان دائەگرن و کوورتانەکان لە وڵاخەکان ئەکەنەوە و هەرکامە و گۆنی یا پەتوویەکی ناسک ئەخەنە سەر پشتیان و ئەوجار ئەیانبەستنەوە و ئاو و تفاق ئەخەنە بەر دەمیان، وڵاخ ماندوو و هیلاک و تینوو و برسیی دەست ئەکەن بە تفاق خواردن و ئاو خواردنەوە. خۆشیان وردە وردە ئەچنە ژوورەوە بۆناو کاروانسەراکە. دیارە متمانەیان بە ناوچەکە هەیە و لە نەدزرانی بار و وڵاخەکانیان ئەمین بوون. سەفەر لە پشت دارێک خۆی حەشارداوە. زۆری برسییە، بەڵام نەیدەویست ئاشکرا ببێت و بیگێڕنەوە یا لە کاروانسەراکە بە جێی بێڵن و نەهێڵن بڕوات لەگەڵیان. پاش نیوکاژێرێک خۆحەشاردان و دانیشتن، وردە وردە جەستەشی سارد ببووەوە و هاوکات برسییەتیێ و خەو و سەرمای نیوەشەوی کوێستان زۆریان بۆ هێناوە. هەندێکیتر ماتڵ ئەبێت و بە هەڵبەزین خۆی گەرم ئەکاتەوە، بەڵام دنیا بێدەنگتر دەبوو و کاروانچیان وردە وردە دەنگیان نەدەما، وادیاربوو ئەخەون لەوێ. سەفەر بیری لەمە کردەوە کە ئەگەر ئەمیش بنوێت، ڕەنگە ئەوان یەک دوو کاژێریتر بڕۆن و ئەمیش خەبەری نەبێتەوە و بەجێ بمێنێت، هاوکات سەرمایشییەتی، ڕەق ئەبێتەوە. ئەڵێن زەروورەت مرۆڤ وشیارتر ئەکاتەوە و ئەمەش زۆر ڕاستە. سەفەر ناچێتە ژووری کاروانسەراکەوە، بەڵام ئەچێتە پێشەوە و پاڵ بە کوورتانێکەوە ئەدات، هەندێک گەرمی ئەبێتەوە. وردە وردە هەست ئەکات دیوی ناوەوەی کوورتانەکە گەرمترە، دیوی ناوەوەی دوو کوورتان لێک نزیک ئەکاتەوە و لەناو یەکیاندا خۆی کۆ ئەکاتەوە و بەرگەی خەو ناگرێت و خەوی لێ ئەکەوێت. بە دەنگە دەنگی پیاوێک خەبەری ئەبێتەوە و گشت گیانی ئەخوورێت، نازانێت چەنێک خەوتووە، هاوکات لەشخوورانی زۆر تەنگی پێ هەڵچنیوە، وەک ئەوەی شارە مێروو لە جلەکانیدا بێت. کاروانچییەکانی دیکەش لێی کۆ ئەبنەوە و بەو خۆ خووراندنەی پێی پێدەکەنن. یەکیان هاوار ئەکات، داماو گشت گیانت پڕ بووە لە کێچ و ئەسپێ! کاک حەمەمین پەیدای ئەبێت و تووڕە ئەبێت.

- کاکە تۆ بۆ شوێنمان کەوتوویت، مەگەر بەڵێنت نەدا بگەڕێیەوە؟
- سەفەر بەدەم خۆ خووراندنەوە: من بەڵێنم داوە بچم بۆ لای خاڵم، نەک بگەڕێمەوە.
- دەی ئێمە ناتبەین لەگەڵ خۆمان.
- جا کوا ئەوە کێشەیە، من بۆخۆم ئەڕۆم.
- وادیارە تۆ زۆر قیرچسمەی.
- بەڵی تا خاڵم نەبینم ناگەڕێمەوە.
- مادام کە وایە و تا ئێرە هاتووی ناتوانم بە تەنیا بتنێرمەوە، تۆش زۆر بێ گوێیت، لەگەڵ ئێمەیا وەرە با ئاگاشمان لێت بێت.
- باشە بەسەر چاو، لەم کاروانسەرایە نانی لێیە؟ زۆرم برسییە.
- مەگەر نانت نەخواردووە؟
- نا لە کوێ بیخۆم؟
- دەی بچۆ بە کاک لەتیف بڵی بابۆڵەیەکی گەورەت بۆ بگرێ، تا ئێمە بارەکان سەر ئەخەین، درەنگە ئەبێ ڕێبکەوین.

سەفەر بە فڕکە و خۆ خووراندن ئەچێتە ناو کاروانسەرا و هاوار ئەکات:

- سڵاو کاک لەتیف، ساندویجی چیتان هەیە؟
- لەگەڵ کاروانی تازە هاتووی؟
- نەوەڵا لەگەڵ کاروانە پێشووەکەم، لە لای بارەکان بووم و ئەبێ خێرا بڕۆم دەنا بەجێم دێڵن.
- بابۆڵەیەکی پەنیر و تەماتەی باشت بۆ ئەپێچمەوە.
- زۆر مەمنوون، ئەکاتە چەندە؟
- دینار و نیوێک.
- چی؟

- وتم دینار و نیوێک.
- دینار و نیوێک چەن تمەنە؟
- وادیارە پارەی عێراقت پێ نییە.
- بەڵی ئەکاتە چەن تمەن؟
- ئەکاتە بیست تمەن!
- فەرموو ئەمە بیست تمەن، تخوا عەجەلە بکە با بەجێ نەمێنم!

سەفەر بابۆڵە پەنیری بیست تمەنی تا ئێستا نەخواردبوو. ئەی دینار چۆنە؟ وادیارە پوڵی ئێران لێرە ناخوات. قەتی دینار نەدیبوو، تەنیا ناوی بیستبوو. کاروان بە گورجی خۆی کۆکردبووەوە و ئامادەی ڕۆیشتن بوون. سەفەر بە دەم بابۆڵە خواردنەوە کەوتە ناوەڕاستی کاروانەکە کە دەوروپشتی بیست وڵاخێک بە نەفەرەوە ئەبوون. بۆنی تووندی وڵاخ لەبەر لووتیدا، بەتایبەت کە جاروبار بای سکیشیان خاڵی دەکردەوە و ئەتڕان ئەمجارە یەک تۆز لووتیان ئازار ئەدا. وڵاخی بێچارە لەژێر ئەو بارە قوورسانەدا و بەو شاخەدا سەرکەوتن، هەر ئەبێت وایان بەسەر بێت، هەر چاکیشە تووشی ئاپاندیس نابن، بۆ مەگەر هێستریش ئاپاندیسی هەیە؟ سەفەر بە خۆی پیدەکەنێت، دڵی خۆشە و قسەی قۆڕی ئەخورێت. ماوەیەکی زۆری دیکە ڕێگایان بڕی و وادیاربوو لە دیوی ئێران نەمابوون و ئێستا لەناو ئێراقدا لەوبەر سنووری دەستکرد بوون. ڕێگا ئەمجارە بەرەوخوار ئەچوو. یەک لە وڵاخدارەکان وەک ئەوەی هەست بە سەرکەوتن بکات کە سنووریان بێ کێشە تێپەڕاندووە و دڵی خۆشە و ئیتر مەترسی نەماوە و لەهەمووان سەریحاڵترە دەست ئەکات بە خوێندنی گۆرانی و ئەم هۆنراوەی پیرەمێرد بە دەنگێکی بەنیسبەت خۆش ئەڵێتەوە:

مەلە جوانەکەی سەر داری کانی
بۆچ ئەناڵێنی هەتا بەیانی

هیچ کەس ناتوانێ تا ڕۆژ بناڵێ
مەگەر ئاشقی دێوانەی خاڵێ

وەرە هەردووکمان ناڵەمان یەکخەین
بەڵکوو بەو ئیشقە نیشتیمان سەرخەین

ناڵەی من لە شەوق ئەو ڕوخسارەیە
ئاهم لە دووری ئەو دیدارەیە

ئەوە من دیارە بۆ یار ئەناڵم
تۆ لە جەوری کێ هاوار بە ماڵم؟

تۆ کێ دەروونی لێ هەڵقرچاندی؟
کام یارە وا بەم دەردەی گەیاندی؟

دیارە من و تۆ هەردوو هاودەردین
هەردووکمان وەک یەک تووشی یەک دەردین

هەردووکمان تووشی یەک ئاهی سەردین ......

هەردەڵەی لەگەڵ سەفەرییەتی! سەفەر لە نێوان گۆرانییەکەیدا هەلی قۆستەوە و بە خۆ خووراندنەوە وتی دەمخۆش زۆر چاکی ئەڵەیت، ئەوجار لێی پرسی، ئەرێ کەی ئەگەینە میراوا؟ چاوەکەم هێندەمان نەماوە، نزیکەی دوو کاژێرِی

دیکە، لەگەڵ هەڵاتنی خۆر ئەگەینە میراوا، کاروانچییەکە بە بزەیەکەوە وڵامی داوە و ئەنەهوو هەموو دنیا هی ئەوە، بچووکترین خەمیش لە دڵ و مێشکیدا نەبوو، ئەوجار دەستیپێکردەوە بە گۆرانییەکی دیکەی کوردیی:

زەمانی فیرقەتی یارانە ئەمشەو
شنەی بای هیجری ناودارانە ئەمشەو
لەسەحرای سینە خاری خەم ڕواوە
لە هەوری دڵ خەفەتبارانە ئەمشەو
لە پێی دڵدا سەدایێ دێت، مەزندە
زڕەی زنجیرەکەی جارانە ئەمشەو
کەبابی دڵ لە ئەشکی دیدە سوێرە
لەکن من جەژنی مەیخارانە ئەمشەو
لەسەر دڵ قەترەیی ئەشکم کە دەتکێ
خیزابی دەستی ئەغیارانە ئەمشەو
حەریری زەرد و سوورو ڕەنگی ئەشکم
پەتای کاروانی غەمبارانە ئەمشەو
حەیات و مەرگ و وەسڵ و هیجر و خۆشیم
دەڵێی هیجرانی بیمارانە ئەمشەو
مەکەن مەنعم لە ئاهـ و ناڵە کوردیی
سەبووری خۆی ڕیاکارانە ئەمشەو.......

هەوا بەرەو ڕوونبوونەوە دەچوو، گەیشتبوونە دەشت و تەختایی و هاتووچۆی خەڵک لە هەردوولای ڕێگاکە زیادی ئەکرد. چەند پێشمەرگەیەک بە تەپۆڵکەیەکەوە سەت مەترێک لە ڕێگاکە دوور بوون. بەڵام سەفەر نەیویست لە کاروانەکە جیا بێتەوە، بۆیە نەچوو بۆلایان. هێندەی بیست خوولەکێکیتر لە میراواین، کاروانچییەکی دیکە لەبەر خۆیەوە وتی بێ ئەوەی کەسێک لێی پرسیبێت، ڕەنگە لەبەر ئەوەی دڵی سەفەر خۆش بکات. چوون خۆیان شارەزای ڕێگاکە بوون و پێویستییان بەم زانیارییە نەبوو. سەفەر چاوێکی لێکرد و بە ڕەزایەت لەم هەواڵە خۆشە سەرێکی بۆ تەکان دا. ئاقیبەت هیلاک و ماندوو گەیشتنە مەیانی باری میراوا. ماندوو نەبوونی لەیەکتر دەستی پێکرد و باری وڵاخەکانیان داگرت و لە گۆشەیەکی مەیانەکە کۆیان کردنەوە. هێندەی باری کامیۆنێک دەبوون. کاک حەمەمین لەناو ڕێدا هیچ لەگەڵ سەفەر نەدووابوو، ڕەنگە لێی عاجز بووبێت چوونکە لە چۆمان بەڵێنی گەڕانەوەی پێدابوو، بەڵام بەو بچووکییەی خۆی کڵاوی سەر نابوو. لەوانەشە لە دڵی خۆیدا حەسوودی بە زیرەکیی و جەسارەتی سەفەر بردبێت، بەڵام تا خۆی باسی نەکات ناتوانرێت هۆکاریی بێدەنگیی بزانرێت.

سەفەر سپاس و ماڵئاوایی لە کاک حەمەمین و هەموو وڵاخدارەکانی دیکە کرد و چووە ناو بازاڕی میراوا. خۆر هەڵاتبوو و دووکاندار و فرۆشیارەکان ماتڵی یەکەم سفتاحی بەیانیان بوون. میراوا هەندێک چڕوپڕتر بوو لە چۆمان. دووکانەکان زۆر لێک ترینجابوون و شێوەی بازاڕێکی ناو شاریان ئەدا، شارۆچکەیەک بوو بۆخۆی و کوردانی هەردوولای زۆر لێبوو. بۆنی سیپەلاک و جەرگی برژاو بەو بەیانییە گەیشتە لووتی سەفەر، بەڵام دیناری پێ نەبوو. چووە بەر دووکانەکە و پرسیی:

- کاکە دینارم پێ نییە، تمەن وەرئەگریت؟
- بەڵێ، ئەیچۆن وەرناگرین؟ چی ئەخۆیت گیانە؟
- نەفەرێک جگەر.
- سی پەلاک ناخۆیت؟
- ناوەڵا حەزی لێناکەم.
- سەفەر چاوی بە کانادا درای زەردی ئێراق کەوت و وتی: دانێ لەو نووشابانەشم بەرێ تخوا.

ڕۆمان، ئەیوب ڕەحمانی © Roman, Ayub Rahmani

- ساردیی؟
- بەڵێ با سارد بێت! (سەفەر ساردیی پێشتر نەبیستبوو و نەیدەزانی لێرە بە نووشابە دەڵێن ساردیی.)

جەرگەکان زۆر برژابوون، یەک خوولەکی دیکە بیانبرژاندبایەن، ببوونە خەڵووز، سەفەر پێی عەیب بوو بیانگێڕێتەوە، ئاخر جەرگ بەو خەڵووزە تووندەی ئەم دووکانە تەنیا دوو خوولەک ئەمبەراوبەرکردنی بەس بوو. بە زۆر و بە یارمەتی ساردیی توانی قووتیان بدات و پاش نانی بەیانی چووە ناو قەرەباڵغیی ناو بازاڕ کە جمەی دەهات لە خەڵک. دووکاندارەکان دەچوون بۆ مەیدان تا بزانن باری تازە چی هاتووە و هەندێکیش بارەکانیان هەر لەو دیو کڕیبوو و لێرە تەحویلیان ئەگرتن. بێجگە لە کاروانەکەی کاک حەمەمین و ئەوان، لە چەند لایترەوە کاروان هاتبوون. سەفەر لەناو خەڵکەکەدا چاوی ئەگێڕا بەدووای خاڵیدا، بەڵام لەو جم و جۆڵەدا خاڵی لەکوێ بدۆزێتەوە؟ مناڵێکی نەشارەزا، بە بێ زانیارییەکی دەقیق کە ئایا ئەسڵەن خاڵی لێرەیە یا نا، چۆنی بدۆزێتەوە؟ تەنیا جارێک لە دایکی بیستبوو کە وتبووی شوکور هەواڵی جەعفەری برام هاتووە، ساخ و سڵامەتە و ئێستا لە میراوایە و کاسپی ئەکات، ئەمە هەموو زانیارییەکەی سەفەر بوو کە ڕاکێشی ئەو دەڤەرەی کردبوو.

بازاڕ جادەیەکی سەرەکی سێسەد مەتریی بە پانتاییەکی سێ چوار مەتری وەک جادەیەکی ئاسایی یەک تەرەفە دەچوو کە ماشین ڕێگای هاتووچۆی پێ نەئەدرا مەگەر زەڕورەت لەکاردا بوویایە و لە ئاراستەی ڕۆژهەڵات ڕۆژئاوادا دامەزرابوو. خۆر لەسەرەتای جادەکەوە هەڵدەهات و بە تیشکەکەی ئەمسەر تا ئەوسەری جادەکەی ڕووناک و گەرم دەکردەوە. ژیرانە لێدرابوو، لەبەر ئەوەی هەمیشە لایەکی بازاڕ خۆر و لەیەکی دیکە سێبەر نەبێت، بەڵکوو تا ئاستێک یەکسان خۆر و سێبەریان بۆ بێت. دووکانەکان هەندێکیان سەیوان و ساباتیان لێدابوو بۆ ئەوەی سێبەرێک یا چەترێکیان بۆ مووشتەرییەکانیان ساز کردبێت، ئەمە سیاسەتێکی بازاڕیی بوو بۆ ڕاکێشانی مووشتەری زیاتر، ئەگەرچی مووشتەریی تەنیا بەدووا کڕینی پێداویستییە زەروورییەکانیەوە بوو بەڵام مەبەست ئەمە بوو کە لەمانی بکڕن و نەک لە دراوسێ دووکانەکانیان.

سەفەر بەناو بازاڕدا بە چاوگێڕان بەدووای خاڵیدا ڕۆیشتەخوار، ئەمبەر و ئەوبەری دەکرد، بەناو دووکانەکاندا ئەگەڕا بەڵام بێسوود بوو و ئاسەوارێک لە خاڵی نەبوو. کانادڕای یا ساردییە ئێراقییە زەردەکانی پێ خۆش بوو چوون شیرین و گازدارتر بوون لەوانەی دیوی ئێران. تا تینووی دەبوو ساردییەکی ئەکڕی و ئەیخواردەوە. لە چەند کەسێکی پرسی، ئایا کەسێک بەناوی جەعفەر بانەیی، ناسراو بە جەعفەرە سوور پێشمەرگەی کوردی ئێران ئەناسن؟ دانیشتووە و ئێستا کاسپی ئەکات. یەک وتی نا چاوەکەم نایناسم، یەکیتر وتی لە ئێرانیەکان بپرسە، ئەویتر وتی بچۆ بۆ بارخانە، یەکیتر وتی بچۆ بۆ لای دووکانەکانی پشتکانی! پشتکانی لە کوێیە؟ دەستی بەرەو باشووری بازاڕ ڕاکێشا کە لە پشت بازاڕە سەرەکییەکەوە بوو. سەفەر ڕەوانەی سەرکانی و پشتکانی بوو، بەڵام لەوێش بێسوود بوو و خاڵی دیار نەبوو. کەوتە نیوەڕۆ و خاڵی نەدۆزییەوە. خۆی کرد بە کەبابخانەی سلیمانیدا و خەڵکانێک خەریکی نانخواردن بوون. بۆن و دووکەڵی کەباب ناوبازاڕ و ناودووکانەکەشی تەنیبوو. خێرا هاتن بەدەمییەوە و نەفەرێک کەبابی سلیمانی داوا کرد ئەمجارە بە پیپسییەوە. ئەوەندەی بڵەی یەک و دوو کەبابی سلیمانی لێکهەڵوەشاو و کوورت گەیشتنە بەردەمی. لە کەبابی بانە نەدەچوون. تامیان زۆر خۆش بوو، بەڵام دیار بوو زۆربەی دووگ و چەوری بوو تا گۆشت کە پیپسییە گازدارەکە تامی خۆشتریش دەکرد لەناو دەمدا. دوو چایی شیرینی کووڵاو بەسەریدا چەوریی ناو گەرووی داماڵییە خوارەوە. ئەمجارەش هەر بە تمەن حیسابەکەی دا و چووە دەر.

ماوەیەکیتر چاوی بۆ خاڵی گێڕا و دیسان بێسوود بوو و لەگەڕان هیلاک و بێهیوا ببوو. ئەی چارە چییە، چی بکات؟ بگەڕێتەوە؟ لە خوارەوەی بازاڕ چەن ماشینێک ڕایانگرتبوو و یەکیان هاواری کارێزەی ئەکرد. برووسکە ئاسا بیری کەوتەوە کە دایکی جارێک وتبووی جەعفەر ماڵی لە کارێزەیە و لەگەڵ ژن و تاقە مناڵەکەیان لەوێ ئەژین. بێ پلانێکی ڕوون وەک هەمیشە چووە بەرەوە و پرسی:

- کاکە سەرم ئەخەیت بۆ کارێزە؟
- ئەیچۆن سەرت ناخەم.

- ئەی تمەن وەر ئەگریت؟
- نا گیانە، لە میراوا دەرچووین تمەن قەدەغەیە و عەسکر ئەتگرن.
- عەسکەر چییە؟
- سەربازی ئێراق. بۆ تۆ خەڵکی ئەودیوی؟
- بەڵێ خاڵم لە کارێزەیە و پێشمەرگەیە، ئەچم بۆلای ئەو.
- ئەی هەوییەی هاتووچووت پێیە؟
- نا هەر تمەنم پێیە!
- کاکە پارە ناڵێم، کارت شناسایی ئێراقی!
- ناوەڵا.
- دەی چۆنت بەرم، ئەتگرن.
- وەڵا نازانم.
- دەستی ڕاکێشا بۆ دووکانێک وتی: برا بچووکەکەم، بچۆ لەو سەڕافییە، تمەنەکانت بگۆڕەرەوە بە دینار و وەرە عائیلەیەکم لەگەڵە، ئەتکەم بە کووڕی ئەوان، مناڵیت لە سەیتەرە لێت ناپرسن.

سەفەر نەیدەزانی عائیلە و سەیتەرە چین، بەڵام گوێی نەدایە، بە فڕکە چوو بۆ سەڕافی و بە دینارەوە هاتەوە. سەفەر قەدری پوڵی بۆ دەرکەوت، کە ئەگەر پوڵی پێ نەبوویایە چی بکردایە لەم غەریبایەتییە، بۆیە زۆر بە باشی هەڵیگرتن. کارکردن لەگەڵ باوکی لە کانیوەند ئەم قازانجەی هەبوو کە توانیبووی حەقدەستەکانی خۆی پاشکەوت بکات. پارە وادیارە لە غەریبی باشترین ڕفیقە، لە دڵی خۆیدا ئەیوت. کاتی ڕۆیشتن هات، کەوتنە ڕێ. یەک لە مسافیرەکان ئایەتالکورسییەکی خوێند و فوویەکی کرد بەناو ماشینەکە و بەسەروچاوی هەموویاندا و بەشە زۆرەکەشی کرد بە سەروچاوی خۆیدا. کاکی سایەق وەک ئەوەی پێی بەریخواردبێت بە گاڵتەوە پێیوت: دەی کاکە ئیتر من بۆ لێیخووڕم با سەیارە بۆخۆی بڕوات، دۆعاکەی تۆ ئەمانپارێزێت! کابرا شەرمێکی کرد و وتی "لکم دینکم ولی الدین"، هەموو بێدەنگ بوون. سایەق ئەوجار ڕووی کردە سەفەر و پرسی:

- ناوت چییە گیانەکەم؟
- یۆسف.
- خەڵکی کوێیت؟
- گووندی کانیوەندی سەر بە شاری بانە.
- چی ئەکەی لێرە؟
- ئەچم بۆ لای خاڵم لە کارێزە پێشمەرگەی کوردی ئێرانە.
- برا جوانەکەم، هەرکاتێک گەیشتینە سەیتەرەکان تۆ خۆت بخەرە خەو، ئەگەر خەبەریان کردییەوە هەر بە کوردی وڵام بەرەوە، ئەو عەرەبە کەرانەی سەیتەرە لێت تێ ناگەن، تۆ لەمەودووا تا کارێزە کووڕی ئەم عائیلەیت.
- باشە بەسەر چاو.
- دۆعاخوێنەکە بە بێدەنگی چاوی بزکردبووەوە، بەڵام دیاربوو سایەقەکە ئەیناسی بۆیە لەبەرچاوی ئەودا، سەفەری دوواندبوو، کەواتە زۆر جێی مەترسی نەبوو!

چەند کاژێرێک ڕۆیشتن و چەند سەیتەرەیان پشت سەر نا. هەموو جارێک عەسکەرەکان ڕایان دەگرتن و چاوێکیان بەناو سەیارەکەدا ئەخشکاند، ڕەنگە لەبەر ئەوەی سەیارەکە ژن و مناڵی تیا بوو، تەفتیش نەدەکران، تەنیا لەگەڵ سایەقەکە بە عەرەبی ئەدووان. زمانێکی زبر و خەشن و حاڵەتێکی عەسەبیی و توند بە زمانەکەیانەوە ئەبیسترا، تعل، ڕح ڕح، امشی. سەفەر لە مەکتەب تازە وانەی عەرەبییان بۆ هاتبوو، هەندێک وشەی کتێبی و فەسیح فێربوو بەڵام یەک وشەش لە قسەکان نەدەگەیشت. پێویستیش نەبوو تێباگت و خۆی لە خەوتن دابوو. ئاقبەت ئەگەنە کارێزە و لە نەقڵیات (ترمیناڵ) دائەبەزن.

کارێزە شارۆچکەیەکی بە نیسبەت گەورەتر بوو لە کانیوەند و چۆمان و میراوا و نەقڵیاتی هەبوو. لە نەقڵیات سەفەر بۆ یەکەمینجار لە ژیانیدا کچێکی پرچ زەردی کوردی بینی کە جلی کوردی پیاوانە و کڵاو و جامانەی ڕەشی لە سەردا بوو. زۆرجوان بوو و زۆریشی لێدەهات. پرچە زەردەکانی بەژێر کڵاو و جامانەکەیدا شۆڕببوونەوە سەر شان و تا سەر مەمکە تازە خوونچە کردووەکانی هاتبوونە خوار. دیار بوو کە پێشمەرگە نییە و ڕەنگە یەک دوو ساڵێک لە سەفەر بەتەمەنتر بوویایە و پیاوێکیشی لەگەڵ بوو بە کراسی سپی و کڕاواتەوە کە ئەویش تەمەنی حدوودی چل ساڵێک دەبوو و لەوە دەچوو باوکی بێت و لەگۆشەیەکەوە ماتڵ بوون. بۆ سەفەر ڕوون نەبوو ماتڵی چین و ڕوویشی نەبوو بچێت بۆلایان و پرسیاریان لێبکات. سەفەر ئەمە دوو ڕۆژ بوو لەناو ئەو ڕێگا پڕ لە خاکوخۆڵەدا بوو و جلەکانی چڵکن و ئارەقاویی ببوون. ئێستاش دیسان سەرلێشێواوتر لە جاران، نەیدەزانی بۆ کوێ بچێت، بەناچار بەرەو ناوەوەی شارۆچکەی کارێزە سەری پێوەنا. هەر زوو بۆی دەرکەوت کە لێرە مەحاڵە خاڵەی بدۆزێتەوە و پێشی وانەبوو کەس خاڵەی بناسێت لەم شارۆچکە. سەفەری نەشارەزا هیچ بە مێشکیشیدا نەدەهات لە یەکێک بپرسێت کە ئایا پێشمەرگەی کوردی ئەودیو لێرە یا لە شوێنی دیکە بنکە و مەقەڕیان هەیە یا نا. بەناچار ئەگەڕێتەوە بۆ نەقڵیات، با زۆریش نەکەومە بەرچاو و نەکا عەسکەر بمگرن، لە دڵی خۆیدا ئەیڵێت. نزیکەی عەسرە، سایەقێک بە ماشینێکی سەواری لە شێوەی پەیکان هاوار ئەکات چوارتا بە قەمەرە. سەفەر چاوی پێوەیە کە باوک و کچەکەش سەرکەوتن، ئەمیش بێ یەک و دوو سەر ئەکەوێت. یەک نەفەریان ماوە پڕ ببێت، خێرا ئەویش پەیای ئەبێت و لە پێشەوە لای سایەق سوار ئەبێت و ڕێ ئەکەون بەرەو چوارتا. جادە قیرەتاوە و سایەقیش قەمەرەکەی بە خێرایی لێدەخووڕێت، لەناوەوە باسی بڕازیلی و بەرزی و نزمی نرخی مارکە نوێکان دەکەن کە حکومەت تازە داخیلی کردوون، سەفەر بۆی دەر ئەکەوێت مەبەستیان لە بڕازیلی جۆری ماشینێکی سەوارییە لەم جۆرەی ئێستا تیایدایە و بەرەو چوارتا ئەیبات. جاروبار ژێر بە ژێر چاوێک لە کچەکە ئەکات، بەڵام ئەو گوێ بە سەفەر نادات، وادیارە جل و سەروقژی سەفەر زۆر چڵکن و لەوانەشە بۆنی ئارەقەیەکی توندی لێبێت، خۆی زۆر هەست بە بۆنی خۆی ناکات. سایەقەکە تەنیا جارێک لە سەفەر ئەپرسێت ئیشت چییە لە چوارتا؟ سەفەر خێرا ئەڵێ، ئەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە. ئیتر کەس هیچی لێناپرسێت. تەنیا جارێک تووشی سەیتەرە ئەبن، عەرەبێکی پێست ڕەشی لاغرئەندام کە ئەبێت لە جنووبەوە هاتبێت بە کڵاشینکۆفەوە لە ناوەڕاستی خەتی جادەکە، دیوی دەستی شۆفیر ڕاوەستاوە و سەیری هاتنی قەمەرەکە ئەکات، بە نزیکبوونەوەی قەمەرە دەست ئەخاتە بەریان بە نیشانەی ئەوەی کە بووەستە و ئەوجار خێرا وەک ئەوەی یەکەمین جاری نەبێت ڕووی قامکی ئیشارەی دەستی چەپی ئەکاتە نیومیتری بەر پێی خۆی بۆ سەر ئیسفاڵتەکە، بەواتای ئەمەی کە وەرە ئالەویا بووەستە بە جۆرێک کە جامی سایەق ڕووبەڕووی خۆی بووەستێت بێ ئەوەی خۆی تەکان بدات. سایەق دەستەمۆئاسا وەک ئەوەی هیچ چارێکی دیکەی نەبێت بەقسەی ئەکات و ڕێک لە شوێنی داواکراو ڕای ئەگرێت و سلامونعەلەیکومێکی پڕ لە ڕێز پێشکەش عەسکەرە ڕەشە لاوازەکە ئەکات. عەسکەر وڵامێکی سووکی ئەداتەوە و چاوێک بەناو قەمەرەکەدا ئەگێڕێت و وەک ئەوەی سایەقەکە بەهۆی هاتووچۆی لەو خەتەدا بناسێت بە عەرەبی یەک دوو پرسیاری خێرای لێدەکات و ئەوجار ئیمشی و ڕۆحێک ئەڵێت و هەر بە دەستی چەپ وەک ئەوەی مریشک لەخۆی دوور وەخات ئەڵێ تێپەڕە و بڕۆ و سایەق شووکرەن سەیدییەک ئەڵێت و قەمەرە بە هێواشی دوور ئەکەوێتەوە. ئەگەنە نەقڵیاتی چوارتا و دادەبەزن. سەفەر هەروا سەرگەردانە. هیوایشی بە دۆزینەوەی خاڵەی لە چوارتا نییە، هاواری سلیمانی بە قەمەرە ئەبیستێت. بێ بیر لێکردنەوەی زۆر ئەیەوێت سوار ببێت، مادام تا ئێرە هاتووە، حەتمەن ئەبێ سلیمانیش ببینێت. کابرای دەلال دێتەبەردەمی لێی ئەپرسێت بە کۆستەر یا قەمەرە؟ قەمەرە ئەناسێت، ئەی ئەبێ کۆستەر چی بێت؟ تێدەگات مەبەستی مینیبووسە، خێرا ئەڵێت قەمەرە. سەری ئەخەن و نەفەراتی قەمەرە بە هاتنی ئەم تەکمیل ئەبێت و بێ ماتڵبوون ڕێدەکەون. تەنیا سەیتەرەی نزیک سلیمانی، ڕایان ناگرێت و بە هێمنی تێدەپەڕن. ئیتر ئێوارەیە و لە نەقڵیاتی چوارتا لە سلیمانی دائەبەزن. چەند کۆستەرێکی بچکۆلەی بیست نەفەرە ئامادەن، یەکیان هاواری چەند شوێن ئەکات، ئەسحابە سپی و مزگەوتی گەورە و کوێ و کوێی تر. سەفەر ئەزانێت مزگەوتی گەورە ئاسایی ئەبێ لەناوەڕاستی شاردا بێت، بۆیە خێرا سەر ئەکەوێت. لەناو کۆستەرەکە ئەبینێت مسافرەکان دەست ئەکەن بە پارە کۆکردنەوە لە ناو خۆیاندا و دەست بە دەست ئەیگێڕن، ئەمیش دینارێک ئەدات و ئەوەی ئێستا پارەکانی لەدەستدایە هەندێک وردەی ئەداتەوە و هەموو پارەکە ئەداتە نەفەری

پێش خۆی و پێی ئەڵێ دوواوە هەموو دراوە. ئەویش پارەی چەن کەسی دەوروبەری خۆی وەر ئەگرێت و هەروا تا ئەگاتە سایەق ئەمە بەردەوام ئەبێت، بە بێ ئەوەی سایەق خۆی پارەکان کۆ بکاتەوە، هەمووی بە حیسابکراویی ئەخەنە ناو چنگی. ئەویش ئەیانخاتە ناو قتوولەیەک لەسەر داشپۆرتی کۆستەرەکەی. سەفەر ئەوجار شێوە هەڵسوکەوتی خەڵک لەناو پاسدا ئەبینێت کە چۆن هەرکەس دادەبەزێت هاوار ئەکات "دابەزین هەیە" و سایەق ڕایدەگرێت، ئەوجار هەرکەسی نوێ کە سەر ئەکەوێت، دەست بە دەست پارەکەی ئەدات تا ئەگاتە دەست سایەق کۆستەر و دەست بە دەست باقی پارەکەی بۆ ئەگەڕێتەوە. هەموو ئەمانە بەلای سەفەرەوە سیستمێکی زۆر جوان و بێ غەلوغەشن کە یەکەم جارە ئەیانبینێت و فێری شێوە هەڵسوکەوتی خەڵکی سلیمانی ئەبێت لەناو پاسدا. ئەم سەفەرە زۆر ئەزموونی باش و جوانیان فێری سەفەر کردبوو کە بۆ دوواڕۆژی پێویستی پێیان دەبوو.

لەپڕ یەک لە مسافرەکان هاواریکرد مزگەوتی گەورە دابەزین هەیە و کۆستەر ڕایگەرت و چەند کەسێک لەوانە دوو ژنی بە تەمەنیش دابەزین و سەفەریش بەدوویاندا چووە خوار. هەوا هێشتا تاریکی نەکردبوو، مەیانێکی گەورە و ئێجگار پڕئیزدیحام بوو کە دووکاندار و دەستفرۆشەکان هەموو شتێکیان لا دەست ئەکەوت. ناوبازاڕێکی جوان بوو و دەنگەدەنگی دەستفرۆشان و تێکئالانی ئەو هەمووە کڕیارە دەتگووت شارە هەنگە و وێنایەکی زیندووی لەم شارە نیشان دەدا. جادەی ناو شار زۆر خاوێن و ڕێک و پێک بوو، سەفەر ساڵەها بوو شاری بەم خاوێنییەی نەدیبوو، بانە شارەکەی خۆی بەهۆی بۆردوومان و پێرانەگەیشتنی حکومەت وێرانە بوو، شارە گەورەکانی ئێرانیشی هێشتا نەدیبوو. سەفەر خێرا بۆ کاری دەست بەئاو و شتنی دەمووچاوی و خۆفێنک کردنەوە خۆی ئەکات بەناو مزگەوتی گەورەدا. پاشان وردە وردە هەست بە چڵکنی خۆی ئەکات، ئەگەرچی خۆخووراندنی نەماوە، ڕەنگە عادەتی پێکردبێت، بەڵام هەست ئەکات سەرتاپای جلەکانی بەکەڵکی لەبەرکردن نەماون. بەخۆشییەوە پارەی ئێراقیشی پێیە، خۆی ئەکاتەوە بەناو بازاڕدا بۆ ئەوەی جلوبەرگ بکڕێت بۆخۆی. سەفەر پێشتر قەت بەتەنیا جلی بۆخۆی نەکڕیوە، دایمە لەگەڵ باوکی یا کەسێکی گەورەتر چووە بۆ جل کڕین. بەڵام ناچارە و ئێستا کە تەنیا لە شارێکی غەریبە، ئەبێت خۆی بەرپرسیارەتی گرفتەکانی خۆی بگرێتە ئەستۆ. پۆشاک فرۆشییەک ئەبینێت، ئەڕواتە ژوور و یارمەتی ئەدەن، تیشێرت و ژێرکراس و شۆرتی ژێرەوە و جووتێک گۆرەویی پەیدا ئەکات و ئەیانکڕێت، بەڵام پانتۆڵی کوردیی ئامادەی دەست ناکەوێت، تەنیا شەرواڵیان هەیە بۆ بەری ئەو. بەڵام سەفەر پێشتر هەرگیز شەرواڵی لە پێ نەکردووە و پێی عەیبە شەرواڵی تەنگ بکاتە پێی! پێی دەڵێن ئەبێ بچیت بۆ لای بەرگدروو، بەڵام مەگەر شانست هەبێت بە بەری تۆ شەرواڵی حازریان هەبێت. سەفەر خێرا ئەڵێت شەرواڵم ناوێت، پانتۆڵم ئەوێت، فرۆشیار شەرواڵێکی لیی بۆ دێنێت و ئەڵێ ها ئەم پانتۆڵە بکەرە بەرت بزانە چۆنە! سەفەر سەری لێشێواوە ئەوە پانتۆڵ نییە و شەرواڵی لییە، بۆی دەر دەکەوێت کە لێرە ناوی شەرواڵ و پانتۆڵ بە پێچەوانەی لای خۆیان بەکار دەهێنرێن. بۆ ئەوەی پێی نەزانن خەڵکی ئەو دیوە، ئیتر لەسەری ناچێت و ئەوانەی کڕیونی هەڵیان ئەگرێت و ئەڕواتە دەر. بە شوێن خەیاتیدا ئەگەڕێت، چاوی بە دووکانێکی کەوش فرۆشی ئەکەوێت، چاوێک لە پێڵاوەکانی خۆی ئەکات و ئەڵێت کەوشەکانیشم بەعەمەل نەماون، ئەڕواتە ژوور. لاوێک دێ بە بەروپیرییەوە.

- مەرحەبا کاکە پێڵاوت ئەوێت؟
- ئەرێ جووتێ کەوشم ئەوێت، ئەوانەی پێم زۆر چڵکن و کۆنن.
- ئاساییە برام، خەڵکی ئێرانیت؟
- نا خەڵکی پێنجوێنم.
- ئەی بۆ بە ئێرانی قسە ئەکەیت.
- ئێمە خزمەکانمان هەمووی لەو دیوەوە دێن، لە مناڵەکانی ئەوانەوە فێر بووم.
- دەی کێشە نییە، چ جۆرە پێڵاوێکت ئەوێت؟
- ئەو وەرزشییە ئادیداسانە بە چەنن؟
- کالەت ئەوێ؟
- ئەرێ ئالەوانە و یەکیان هەڵ ئەگرێت.

- ڕەقەمی پێت چەندە؟
- وەڵا نازانم!
- ئەبێ ٣٤ یا ٣٦ بێت، تاقییان ئەکەینەوە. ها ئەمە سیوشەشە بزانە چۆنە.
- ڕاوەستە با گۆرەوییەکانم بگۆڕم زۆر پیسن، گۆرەویی تازەم کڕیوە، خێرا و فرز ئەیانگۆڕێت و ئەوجار پێڵاوەکان ئەکاتە پێی، زۆر چاکە پڕ بە پێمە.
- قیمەتی چەندە؟
- نرخی سێ دینار و نیوە، بۆ تۆ چوون میوانی بە سێ دینار.
- باشە زۆر مەمنوون.
- شایانی نییە.
- ئەی تۆ ئەزانیت لە کوێ ئاڵەم پانتۆڵە کوردییەی خۆم هەیە؟ بە دووقامک پانتۆڵەکەی بەری خۆی نیشان ئەدات.
- کاک هەردیی لەم کۆڵانەی پشت ئێمەوە بەرگدروونی هەیە، لەوانەیە ئەو هەیبێت، ئەگەر نەشیبێت یەکت بۆ ئەدوورێت.
- دووکانەکەیم پێشان ئەدەیت؟
- هەر بۆخۆم دێم لەگەڵت، باوکم لە دووکانە، کێشە نییە.
- زۆر مەمنون، تووشی زەحمەتیش ئەبیت.
- نا برام هیچ زەحمەت نییە. هاوار ئەکات، باوکە من تا لای کاک هەردیی ئەچم.

سەفەر پارەی پێڵاوەکانی ئەدات و پێی ئەڵێت قەیناکات ئەم شتوومەکانم جارێکە لێرە بن؟ وڵام ئەبیستێت، نا کێشە نییە، زۆر ئیعتیادییە، دووکانی خۆتە، لەو تەنیشتەوە دایان بنێ. پێکەوە ئەچن بۆلای کاک هەردیی، هەر کە لە دووکان دەر دەکەون لاوە پێڵاوفرۆشەکە ئەکەوێتەوە قسە و لێی ئەپرسێت، ناوت چییە؟ سەفەر دیسان خۆی ئەبوێرێت لەوەی کە ناوی ڕاستەقینەی خۆی بدرکێنێت، ترسێکی نارِوون لە هەناویدایە، هەر لە سەرەتای ڕێکەوتنی لە کانیوەندەوە نەیوێراوە ناوی خۆی بە کەس بڵێت. بۆیە دیسانەوە لەوڵامدا ئەڵێت ناوم یۆسفە، ئەی ناوی تۆ چییە؟ منیش کامەرانم ناوە. پێخۆشحاڵم بە ناسینت. منیش هەروەها. هەروا بەدەم قسەوە لە گووزەرێکەوە تێدەپەڕن بۆ کۆڵانی پشتەوە. ئەگەنە دووکانەکە و ئەچنە ژوورەوە. دووکانێکی بچووکی تەنگەبەرە، بە دەرگا و پەنجەرەیەکی شیشەیی گەورەوە، لەسەر جام و ڤیترینی دووکانەکەی نووسراوە بەرگدروونی هەورامان. دوو کورسی لەبەری پەنجەرەکەوە پشت بە کۆڵانەکە بەتاڵن. پیاوێکی چل بۆ چلوپێنج ساڵەی هەژگەسەر بە سمێڵ و ڕەدێنێکی ڕەشی کورتەوە کە تاڵە تاڵەی سپی تیا دەرکەوتووە ئەبیندرێت. هەنێک قەیافەی فلکلۆری کوردیی پێوە دیارە. ڕانکێکی بوزووی قاوەیی و جووتێک کلاشی سپی لەپێیە و کراسێکی قۆڵ کوورتی سپی لەبەرە و لە پشت مەکینەی بەرگدروونەکەی کە ڕووی لە کۆڵانەکەیە نووقمی دوورینی قووماشێکە. بە لێهاتوویەکی کەموێنە قەراغەکانی دوو تیکە پارچەی سەر یەک ناوە و بە خستنەکاری مەکینەکەی بە پێی، بە خێرایی و مووستەمەڕ پێکیاندا ئەدوورێتەوە. پێش ئەوەی سەفەر بێتە قسە، کامەران سڵاو ئەکات و ئەڵێ کاک هەردیی ئەم کاک یۆسفە کووڕی ناسیاوێکی ئێمەیە و تازە تاوێک پێش ئێستا لە پێنجوێنەوە هاتووە، شەرواڵی ئامادەت لایە بە بەری بکات؟ کاک هەردیی چاو لە دوورینەکەی هەڵدەگرێت و وڵامی سڵاوەکەی ئەداتەوە و بە سەرنجەوە سەیرێکی سەفەر ئەکات، چاوێک بەناو جلوبەرگە حازریەکانیدا ئەگێرێت. ئەوجار هەڵدەستێتە سەر پێ و نیومیترییە نایلۆنییەکەی ئەخاتە سەرشان و ملی و ڕوو ئەکاتە سەفەر و پێی ئەڵێت وەرە کاکە بێزەحمەت ئالێرەیا بووەستە و قاچەکانت جووت کە، بەدەم چوونە پێشی سەفەرەوە لێی ئەپرسێت شاڵت ئەوێت یا قوماشی عادیی؟ وەڵا هەر عادی بێت، ڕەش بێت یا قاوەیی فەرقیان نییە. هەردیی لە تەنیشتەوە درێژایی قاچی ڕاستی لە کەمەریەوە تا پاشنەی پێی ئەندازە ئەگرێت و ئەڵێ فەرموو دانیشە و هاوکات سەری لە دەرگای دووکانەکەی ئەکێشێتە دەرەوە و ڕوو لە چایخانەکەی بەرانبەری، بەجۆرێک کە دەنگی تا ئەوبەر کۆڵانە تەسکەکە بڕوات هاوار ئەکات کاک شەفیق،کاک شەفیق بێ زەحمەت سێ چایمان خێرا بۆ بنێرە، میوانم لایە. سەفەر هەست ئەکات کاک هەردیی وەک گەورەساڵێک ڕێزی لێئەگرێت و خۆبەخۆ متمانەیەک بە

هەردیی لە دڵیدا درووست ئەبێت. هاوڕێییەتی کامەران و بە ناسیاو ناساندنی بە هەردیش، کارتێکەری لەسەر جەوەکە داناوە. هەردیی دەستێک ڕانک و چۆغەی ڕەش دادەگرێت و ئەیاتە دەست سەفەر و ئەڵێ برۆ پشت ئەو پەردە بیانکەرە بەرت بزانە چۆنن. سەفەر تەنیا پانتۆڵەکەی ئەکاتە پێی و ئەبینێت هەندێک هەراوە و دەرەڵنگەکانیشی درێژن، لە پشت پەردەکەوە هاوار ئەکات تۆزێک گەورەیە. دەی وەرەدەرەوە با ببینین بزانین چۆنە. پەردە لا ئەدات و دێتە ناو دووکانە تەنگە بەرەکە. هەم هەراوە و هەم درێژە بە پێی. هەردیی ئەڵێت ئەگەر کاتم بەیتێ، هەندێک درێژییەکەی ئەگرم بۆت. سەفەر ئەڵێت بەڵام زۆر هەراویشە! کامەران بە جێگای هەردیی دێتە وڵام و ئەڵێت، ئەمە شێوە درووونی سلیمانییە، ئەوەی خۆت لە پێتە شێوەی ئێرانییە. سەفەر هەست ئەکات هەردووکیان زانیویانە کە پێنجوێنی نییە، بەڵام خۆی ئەکاتە گێل. هەردیی ئەیکاتە گاڵتە و ئەڵێ ئاخر لە ئێران قووماش دەست ناکەوێت، ئەبێ دەست پێوە بگرن. هەر سێکیان پێدەکەنن، سەفەر ئەڵێت، بەم پانتۆڵەوە زۆر قوورس بووم، وەک دووگی مەڕ لەپشتەوە بەربۆتەوە، دیسان پێدەکەنن و هەردیی ئەڵێت، بەقەوەت بوو.

سەفەر پانتۆڵەکەی خۆی کردۆتەوە پێی و وەک شتێ چاریشی ناچارە ئەبێ بیکڕێت، چوون لە ڕووی نایات شەرواڵی عەجەمی بکاتە پێی. بڕیار ئەدات و ئەڵێ باشە کاک هەردیی بێزەحمەت کوورتی بکەرەوە بۆم، بەڵام چۆغەکەیم ناوێت چوون هەوا گەرمە. ئاساییە بەقووربان. سەفەر ئەزانێت کە ئەبێت دەست بە پارەشەوە بگرێت، پارەی تەواو ببێت، تووش کێشە ئەبێت. هەردیی دەست ئەکات بە برین و کوورتکردنەوەی دەرەڵنگەکان. لەمکاتەدا سەفەر ڕوو ئەکاتە کامەران و هەر بەو شێوەزارەی خۆی پێی ئەڵێت، زۆر مەمنون کاک کامەران کە هاتی لەگەڵم، تا کاک هەردیی چاکی ئەکات من دێم لەگەڵت شتومەکەکانم ئەهێنم بۆ ئێرە. کامەران بە نیشانەی ڕەزایەت ئەڵێت، دەی وەرە با برۆین بۆ دووکان و ماڵئاوایی لە هەردیی ئەکات و ئەڕۆن. لەناو ڕێدا کامەران دیسان واز لە پرسیار ناهێنێت و لێی ئەپرسێت، کوردی ئێرانیت وانییە بەڕاست؟ ئەرێ بنەماڵەمان لە ئێرانەوە هاتوون، لەدەست حکومەت ڕامانکردووە و ئیستا لە دەوروپشتی پێنجوێن ئەژین. کامەران ڕازی ئەبێت و ئیتر هیچی لێناپرسێت. ئەگەنە دووکانی پێڵاوەکە و کەلوپەلەکانی هەڵ ئەگرێت و ماڵئاوایی ئەکات لە کامەران و باوکی و هەر کە ئەیەوێت بڕواتە دەر لە دووکان، چەند عەسکەر ئەبینێت بە چەکەوە بە بەر دووکانەکەدا تێدەپەڕن. خێرا ڕووی وەرئەگێڕێت و خۆی بە سەیرکردنی جووتێک پێڵاوی دیکەوە سەرقاڵ ئەکات، ئەبینێت کامەران و باوکیشی سەیری ئەکەن. کامەران ئەڵێت هەنێک ڕاوەستە با بڕۆن ئەوانە. سەفەر هەنێک ماتڵ ئەبێت تا عەسکەرەکان دوور ئەکەونەوە و ئەوجار دیسان بە نیشانەی ماڵئاوایی و سپاس دەستی هەڵئەبڕێت بۆ کامەران و باوکی و ڕێ ئەکەوێت بۆلای هەردیی. هەوا بە شێنەیی بەرەو تاریکبوون ئەچێت و گڵۆپی دووکانەکان و دەسفرۆشەکانیش وردە وردە هەڵ ئەکرێن. ئەگاتە دووکانی هەردیی و هەر ئەوکاتە چایەکانیش ئەگەن. فەرموو چایەکەت بخۆرەوە، درەنگ هێنایان فریای کامەران نەکەوت. سەفەر بێدەنگ بوو و هیچی نەوت. چایەکان لەسەر ژێرپیاڵە بوون و یەکی دوو کڵۆ قەندی بچووکیان لە سەر ژێرپیاڵەکان لەگەڵ بوو و کەوچکە چایەکیش لەناویاندا. سەفەر عادەتی بە چایی شیرین نەبوو، مەگەر لە بەیانیاندا، بۆیە چایەکەی هەر بە قەندەوە بە شێوەی ئێرانی خوارد و لەسەر پێداگریی هەردیی چایەکەی کامەرانیشی خواردەوە. ئەوجار تازە بە خۆی زانی کە برسیەتیی. لە نیوەڕۆوە لە میراوا تا ئێستا هیچی نەخواردبوو. بیری کەوتەوە کە ئەی شەو لە کوێ بخەوێت؟ متمانەی بە هەردیی کرد و لێی پرسی، کاک هەردیی لەم نزیکانەی تۆ مسافرخانەی لێیە کە ناسیاوی تۆ بێت و کارت شناسایی نەوێت؟ بۆ شەو ناچیتەوە بۆ ماڵی کەمەران و ئەوان؟ ناوەڵا پێم عەیبە بچمە ماڵی کەس، پوڵم پێیە ئەچم بۆ مسافرخانە، تەنیا کارت شناسایم پێ نییە. کاک یۆسف بوو ناوت؟ ئەرێ. کاکە یۆسف گیان ئێرە ئێراقە و هیچ کوێ بە بێ هەوییە و جنسیە ناخوات. کەس ناوێرێت لە ترسی حکومەت بە بێ هەوییە ڕێگا بەکەس بدات. ڕاوەستە با شەرواڵەکەت بۆ تەواو کەم، ئەوەندەی نەماوە، پێکەوە ئەچینەوە بۆ ماڵی ئێمە. نا بەخوا موزاحمتان نابم، کەواتە ئەچم بۆ مزگەوتی گەورە، لەوێ ئەخەوم. نا برا شیرینەکەم، حکومەت مانەوە لە مزگەوتی گەورەشی قەدەغە کردووە. عەسکەر دێن و ئەتگرن، ئەتخەنە شوێنێک عەرەب نێزەی بۆ نەخستبێت. بێجگە لە کامەران و باوکی کێیتر ئەزانێت تۆ لێرەیت؟ کەسیتر نازانێت، هەر ئەمرۆ گەیشتووم. ڕاتکردووە لە ماڵەوەتان لە پێنجوێن؟ ڕاستییەکەی من وام بە کامەران وت کە ماڵمان لە پێنجوێنە، بەڵام من لە بانەوە هاتووم. بە تەنیا هاتووی؟ ئەرێ. کەواتە تۆراویت و ڕاتکردووە، بەڵێ وایە، ناویشم سەفەرە و نەک یۆسف. بۆ سەفەر ناوە لای ئێوە؟ بەڵێ من ناوم

سەفەرە. ئاخر ئێمە سەفەر بە شتێکیتر ئەڵێین. لای ئێمەش. هەردووکیان زەردەخەنەیەک ئەکەوێتە سەر لێویان. سەفەر چارەیتر نابینێت و وادیارە تێوەگلاوە، ناچارە قەبووڵی بکات و ئەبێ خۆشحاڵیش بێت کە تووش هەردیی بووە، متمانەی پێ ئەکات و ئەڵێ باشە کاک هەردیی ئەمشەو دێم بۆ ماڵتان، بەڵام هەر ئەمشەو دێم و کومەکم بکە لە سبەینێوە ڕێگایەکی دیکە بۆ شەو مانەوەم بدۆزینەوە. باشە جارێ ئەمشەو لای من بە، مشووری ئەخۆین.

فەرموو شەرواڵەکەت حازرە، بیکەرە بەرت. سەفەر ئەڵێت ئەم جلانەشم ئەمرۆ کڕیوە، پێڵاو و گۆرەوییەکانم لای کامەران لەپێ کرد و لێرە ئەوانەی تریش ئەکەمە بەرم با ئەم جلە چڵکنانە نەهێنم بۆ ماڵی ئێوە. زۆر چاکە بڕۆ پشت پەردەکە بیانگۆڕە. پاش دوو خوولەک سەفەر سەرتاپای خۆی گۆڕیوە و لە پشت پەردەکە دێتە دەر، ئەگەرچی لەشی هێشتا زۆر چڵکنە، بەڵام ئەو جل و پێڵاوە پیسانەی پێشووی لەکۆڵ بوونەوە. ئاوەها باشە، نوێ بوویەوە، ئەمشەو بە ماڵەوەم ئەڵێم ئاوت بۆ گەرمکات جوان خۆت پشۆی. بەڵام تا ماڵەوە هیچ مەڵێ جارێ با خەڵک نەزانن بە زمانی ئەودیو قسە ئەکەیت. باشە بەسەر چاو، سەفەر لەدڵی خۆیدا وتی بۆ ماگەر ماڵیش ئەتوانێت ئاو گەرم بکات، دەی گرنگ نییە؟ سەفەر ئەیەوێت پێش ڕۆشتن پارەی پانتۆڵەکە بدات، بەڵام هەردیی نایەوێت لێی وەرگرێت، پاش پێداگرییەکی زۆر هەردیی پارەی لێوەرئەگرێت و بەزیاد بێیەک ئەڵێت و ئەیخاتە گیرفانی و ئەوجار پێشنیازی پێدەکات کە ئەو جلە چڵکنانەشی بخاتە عەلاگەیەک بۆ ئەوەی لە ماڵەوە بۆی بشۆن. نا پێویستم پێیان نییە، زۆر چلکنن، فڕێیان ئەدەم. دەی بیانخەرە ئەم عەلاگەوە کاتێک ڕۆیشتین فڕێی ئەدەینە لای ئەو زبڵانە. هەردیی وردە وردە دووکانەکەی کۆئەکاتەوە و گەسکێکی لێ ئەدات و هەندێک میوە و سەوزە و مریشک و کەلوپەلی دیکە کە بۆ ماڵەوەی کڕیوە ئەیانخاتە بەر دووکانەکە و دێتە دەرەوە دایئەخات و عەلاگەکانی هەڵ ئەگرێت و ئەڵێ فەرموو با بڕۆین. سەفەریش عەلاگەی جل و پێڵاوە پیسەکان ئەگرێت بە دەستییەوە و لای زبڵەکان فڕێی ئەدات و یەک لە عەلاگەکان لە هەردیی وەرئەگرێت و پێکەوە ئەڕۆن بۆ گەراجی ڕزگاریی و سوار پاس ئەبن. سەفەر لە ناو پاسەکەدا سەیری شەقامە جوان و ڕازاوەکانی سلیمانی ئەکات. جادەی کاوە، مەولەویی، دەرکی سەرا و حەسیب ساڵح تێئەپەڕێنن و ئەگەنە سەهۆڵەکە، و هەردیی ئەڵێت یاڵا با دابەزین. پێکەوە ئەچنە خوار، هەوا فێنکی کردووە، سەهۆڵەکە زۆر قەرەباڵغە و خەڵک بەتایبەت لاوان هاتوونەتە دەر و پیاسە ئەکەن، لە سەیرانگا ئەچێت و دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی هەیە بۆ سەفەر. کاک هەردیی ئێرە ناوی چییە؟ ئەمە سەهۆڵەکەیە لە جادەی ڕزگاری و ئەم پشتەش گەڕەکی عەقارییە و ماڵی ئێمە دوو کۆڵان لەولاترە. سەفەر ئەم دیمەنە جوانانە ئەبینێت و دڵی زۆر پێیان ئەکرێتەوە بەڵام هەست بە غەریبی ئەکات، دوو ڕۆژ و دوو شەوە لە ماڵ دەرچووە و وردە وردە بیری بنەماڵەکەی ئەکاتەوە و بەتایبەت تاقەتی بۆ دایکی چووە. ئەبێ ئێستا حاڵی دایکم و خووشکەکانم چۆن بێت؟ هەندێک دڵی پڕ بووە، بەڵام بەڕووی خۆیدا ناهێنێت، هەست ئەکات گەورەتر بووە و نابێت ڕێگا بە بێتاقەتیی بدات، ئەبێ بەهێز بێت، بەڵام چ هێزێک هەیە بەری بێتاقەتبوون بۆ دایک بگرێت؟

بە دەستی چەپی پیادەڕۆیەکدا تێدەپەڕن. لەوبەر شەقامەکە حەسارێکی تەلبەندکراو ئەبینێت کە ئێستا لە بەرانبەریانە. خانوویەکی گەورە لە ناوەڕاستییەتی و دەروازەیەکی گەورەی ئاسنیی داخراو ئەوەندەی دیکە دیمەنێکی ئەمنییەتی ئیتلاعاتیی ترسناکی پێبەخشییوە، هەنێکیش لە بەندیخانە ئەچێت. هەردیی هەندێک خێراتر ئەڕوات، وەک شتێک حەزناکات لەم بینایە، ئەبێ ئەویش سامی لێ بکات. پاش چەند خوولەکێک ئەگەنە بەر دەرگای حەوشی ماڵەوە، هەردیی دووجار زەنگی دەرگاکە لێدەدات و هاوکات بە کلیلەکانی دەرگاکە ئەکاتەوە و فەرمووی سەفەر ئەکات بڕواتە ژوور، بەڵام سەفەر ئەڵێ بەخوا نابێت تۆ گەورەتریت و من شارەزا نیم، تۆ فەرموو من بەدوواتا دێم. عەلاگە بەدەست ئەچنە ناو حەوشە. ماڵێکی گەورە نییە. کچۆڵەیەکی تەمەن حەوت-هەشت ساڵان بە دەم جەرەسی دەرگاکەوە هاتۆتە سەر پلیکانەکانی بەر دەرگا بە دەم باوکییەوە. هەردیی باوەشی پیا ئەکات، هەڵی ئەگرێت و دوو ماچی ئەکات و ئەڵێ ئەم گوڵەش شەوبۆ خانی کچمانە. شەوبۆ نازێک بۆ باوکی ئەکات و بە شەرمێکی منداڵانەوە دەمووچاوی بە سنگی باوکیەوە ئەنێت بۆ ئەوەی چاوەکانی لە میوانە تازە واردەکە بشارێتەوە. خوا لێتان نەستێنێت، زۆە جوانە ماشەڵا. هەردیی بانگ ئەکات، گوڵاڵە گوڵاڵە وەرە بە دەممانەوە میوانمان هەیە. گوڵاڵە دێتە بەر دەرگای ماڵەکە و بەخێرهاتنیان ئەکات و دوو عەلاگەکەیان لێوەردەگرێت. گوڵاڵە خاتوونێکی شۆخوشەنگی کووردی پۆشە

که تەمەنی حدوودی بۆ سی ساڵانێک ئەبێت. هەردیی سەفەر بە خێزانی ئەناسێنێت و ئەڵی ئەم کاک یۆسفە کووڕی ناسیاوێکی خۆمانە ئەم ئێوارە لە پێنجوێنەوە هاتووە. وەک شتێک جارێکە نایەوێت ڕاستیی سەفەر بدرکێنێت. سەفەر سڵاو لە خاتوو گوڵاڵە ئەکات، گوڵاڵە وڵامی ئەداتەوە و خووڵقی ژوورەوەی ئەکات و چاوێک بە سەرسووڕمانەوە ئەبڕێتە هەردیی و ئەڵێت ئەی بۆ زووتر جەرەسێکت لێنەدا کە میوانمان دێت؟ مەبەستی گوڵاڵە ئەمە بوو کە خواردنی زیاتر یا بەتامتری لێبنایەت. هەردیی زوو لە مەبەستەکەی گوڵاڵە ئەگات و پێی ئەڵێ، گوڵەکەم کتووپڕ هات بۆ دووکان و ئیتر نەمهێشت بڕوات بۆ شوێنێکیتر. ئەڕۆنە ژوورەوە و هەردیی کە هێشتا شەوبۆی بەباوەشەوەیە بە خێزانی ئەڵێت حەمام گەرمە؟ تا خواردن ساز ئەبێت با یۆسف ئاوێک بە خۆیدا بکات، هیلاکی دەرچێت. ئەرێوەڵا گەرمە، چاکە تا ئەو لێ ئەبێتەوە، منیش شتێکی دیکە سەر نێم. سەفەر دێتە قسە و بە شەرمەوە تەعارفێکی ئێرانی ئەکات، من زۆرم برسی نییە بەخوا، لەبەر من هیچی زیاتر ساز مەکە، نان و ماستێکیش هەبێت من بەسمە، ببەخشن موزاحمتان بووم. گوڵاڵە سەرنجی بۆ شێوەزاری سەفەر ڕائەکێشرێت بەڵام هیچ ناپرسێت لەوبوارەدا و ئەڵێت میوان حەبیبی خوایە کاکە گیان، بەدەست حەمامەکەی نیشان ئەدات و ئەڵێ تا تۆ بێیە دەر من خێرا شتێکی دیکەش حازر ئەکەم.

سەفەر ئیزن وەرئەگرێت و ئەڕوات خۆی بشوات، هەردیی کە سەری بە شەوبۆوە قاڵە و یاری لەگەڵ ئەکات، ڕوو ئەکاتە سەفەر و ئەڵێت، تاوێکیتر خۆم خاولی و بیجامەت بۆ ئەهێنم، لە پشت دەرگاکە دای ئەنێم. سەفەر زۆر مەمنونێک ئەڵێت و ئەڕواتە ژوور. گوڵاڵە لە ژووری چێشتخانە بە پەلە خەریکی سوورکردنەوەی مریشکێکە، و برینجێکیشی سەرناوە. بەدەم چێشت لێنانەوە هەردیی بانگ ئەکات بۆ لێپرسینەوە. هەردی دەستی شەوبۆ ئەگرێت و ئەچێ بە دەنگییە و گوڵاڵە دەنگی نزم ئەکاتەوە کە دەنگی نەڕوات و پرسیار دەست پێدەکات.

- هەردیی ئەمە کێیە؟ شێوەزاری بە پێنجوێنی ناخوات.
- کوردی ئەودیوە و لەماڵەوە تۆراوە!
- ئەی چۆن هاتووە بۆ سلیمانی؟
- وەڵا منیش لەوردەکارییەکانی هاتنی نازانم، موشتەری بوو هات بۆ دووکان و ئەو شەڕواڵەی لێکڕیم، ئەو جل و پێڵاوە نوێیانەشی کڕیبوو لای من گۆڕیانی و پرسیاری میوانخانەی لێکردم و هەویەشی پێ نییە، ئەگەر حکومەت بیگرێت تووش گێچەڵی گەورە ئەبێت، منیش هێنام بۆ ماڵەوە تا بزانین مشورێکی لێ بخۆین بەشکەم ئەمشەو ڕازی بکەین سبەینێ بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. دووای نانخواردن ورده ورده ئەیدوێنین. پێموابێت زۆری برسییە.
- ئەی باشە تۆ بیرت لەوە نەکردەوە حکومەت پێمان بزانێت، ئەوجار ئێمە تیا ئەچین؟
- ئەرێ، بەڵام چوون هەوییەی پێنەبوو، ئەیویست بچێت لە مزگەوتی گەورە بنوێت، لەوێ بیزەبت ئەیانگرت، کوردە خۆ غەوارە نییە ئەبێ یارمەتی بدەین.
- باشە من جەرەسێک بۆ ماڵی باوکم لێ ئەیەم بزانم ئەوان ڕایان چییە؟
- ئاخر نابێت لە تەلەفون هیچ بدرکێنیت، بڵێ سبەینێ هەردیی دێ بۆ دووکان ئیشێکی بە باوکتە.
- بەخوا ئەترسم تووش گێچەڵ و ئەمنییە و شت ببین بە دەستییەوە، من ئەڵێم سبەینێ ڕەوانەی بکە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، ئێستا دایک و کەسوکاریی زۆر خەمبارن بۆی. دایک و باوکی ماون؟
- وەڵا نازانم، با بێتە دەر پاش نانخواردن قسەی لەگەڵ ئەکەین.
- دەی با من بچم خێرا جەرەسێک بۆ ماڵەوە لێبەم، تا لە ژووری حەمامە، ئاگایەکیشت لە برنجەکە بێت، نەسووتێت، بیجامە و خاولیشی بۆ بەرە.
- باشە گوڵەکەم.

سەفەر بیجامە لەبەر لە حەمام دێتە دەرەوە و ماندوویەتی تەواو حەساوەتەوە، هەست ئەکات لەشی سووکتر بووە و هەست بە نوێبوونەوە ئەکات. سفرە داندراوە و ماتڵن سەفەر دانیشێت و خواردنەکان تێبکەن. پیرۆزت بێی پێ دەڵێن و فەرموو دانیشە. چەند جۆر خواردن و سەوزە و نان و دۆ ئیشتیای سەفەری برسی و تینوو دە ئەوەندە

ئەباتە سەرەوە و لە سەر سفرە دائەنیشێت و سپاسیان ئەکات بۆ میواندارییان. ژێرخەرێکی نەرمی ئەیەنێ بیخاتە ژێر خۆی. لە کاتی نانخواردن زۆر قسە ناکەن، تەنیا چەند پرسیاری چکۆلە نەبێت. ئەوەڵ جارتە هاتووی بۆ سلیمانی؟ بەڵێ. سلیمانیت پێخۆشە؟ ئەرێوەڵا تا بڵەی شارێکی جوان و خاوێنە. گوڵاڵە بەدەم خواردنەوە یارمەتی شەوبۆش ئەدات و جاروبار کەوچکێک ئەکات بە دەمیا، بەڵام شەوبۆ حەز ئەکات بەدەستی خۆی بیخوات و جاروبار چاوێک لە میوانە غەریبەکەیان ئەکات و نازێک ئەکا و ڕووی ئەکات بەولاوە و پێ ئەکەنێت، وەک شتێک پێی خۆشە میوانیان هەیە.

چایی دێت و لەسەر مۆبلەکان دانیشتوون بەدەم چایی خواردنەوە. تلویزیۆن هەڵکراوە و کاناڵی کوردیی کەرکوک هەواڵەکان بڵاو ئەکاتەوە. باسی شەڕی ئێراقی بەتەڵ و ئێرانی کافرە لە زۆربەی جەبهەکان. بە وتەی هەواڵەکان ئێرانیەکانیان تا ئەودیو سنوورەکان ڕاو ناوە و خۆشیان هەمدیسان چوونەتەوە ئەودیو سنوورەوە بۆناو خاکی ئێران. بەوتەی هەواڵنێرەکە، زۆربەی هێرشبەرەکانی دوژمنیان وەک سەگی پیس تۆپاندووە. سەفەر بیری ئەکەوێتەوە کە ئەم فیلمە لەودیویش هەر لێ ئەدرێت، ئەوانیش لە هەواڵەکانیان کە هەمووی تەنیا بە زمانی فارسین، شەو و ڕۆژ سرووت و مارشی سەرکەوتنیان بەسەر بەعسییە کافرەکاندا لێدەدەن و بەوتەی خۆیان بەمزووانە ئاڵای کۆماری ئیسلامی لە نەجەف و کەربەلا هەڵدەکەن! ئابەم شێوە هەردوو حکومەتە نابەرپرسە فاشیستییەکە بە ناوی شەڕی ئیسلام لە دژی کافر، سەتهەزاران مرۆڤ بەکووشتن و برینداربوون ئەدەن و میلیۆنەهای دیکەش وەک ماڵی باوکی سەفەر و زۆری دیکەش ئاوارە و دەربەدەر و ماڵوێران ئەکەن، ئەمانە بێجگە لە بە فیڕۆدانی سەدان میلیارد دۆلار پارەی وڵاتەکانیان کە لە چەک و تەقەمەنی و وێرانیی شارەکانیان سەرفی دەکەن. بە مەرجێک کە هەردووکیان خۆیان بە ئیسلام ئەزانن و گوایە هەر بۆ یەک خواش شەڕ ئەکەن. ئالێرەوەیە کە سەفەر شک ئەکات لەوەی کە ئایا خوا ئەمانە بەشەڕ ئەدات، یاخود خوا خۆی تەنیا ئەفسانە و بتێکی سازکراوە کە ئەمانە خەڵکی پێ سەرقاڵ ئەکەن بۆ مەبەستە شەیتانییە سەرئەرزییەکانی خۆیان.

هەواڵەکان کۆتاییان پێدێت و لە خۆشی سەرکەوتنەکانیان، کە ڕوون نییە چەندە ڕاست یا ناڕاست بن چوون هەر بەتەنیا خۆیان ڕۆژنامەنووس و فیلم هەڵگر و سیناریۆ نووسن، بۆیە بۆ هەڵخەڵەتاندنی ڕای گشتیی گۆرانی شادی کوردیی بە سەروباڵای قاعید و سەدامە زێڕەدا بڵاو ئەکەنەوە. هەردیی دەنگی تلویزیۆنەکە کەم ئەکات و دیارە ئەیەوێت سەفەر بدوێنێت.

- ئەتوانین هەندێک پرسیارت لێ بکەین، بۆ ئەوەی بزانین چۆ بتوانین یارمەتیت بدەین؟
- بەڵێ زۆر عادییە، فەرموون.
- تۆ وتت خەڵکی بانەیت و لەماڵەوە تۆراویت، وانییە؟
- بەڵێ وایە.
- ناویشت سەفەرە؟
- بەڵێ.
- ئەی مەبەستت چییە کە گەیشتوویە سلیمانی، بەتەمایت چ بکەیت؟
- ڕاستییەکەی من هاتم لەمبەر سنوور لە میراوا خاڵم بدۆزمەوە، پێشتر پێشمەرگە بوو و ئێستا ئەڵێن دانیشتووە، بەڵام لە میراوا نەمدۆزییەوە، بیستبووشم کە ماڵیان لە کارێزەیە، بەڵام کارێزە گەورەترە و لەوێ خێرا بێهیوا بووم لە بەدووا گەڕانیدا و نەشمدەوێرا لە کەس پرسم، نەکا گوزارشم لێبەن، ئیتر وتم مادام تا ئەو نزیکانە هاتووم با سلیمانیش ببینم.
- ئەی تۆ بیرت لەوە نەکردەوە حکومەت بتگرێت، سجنت ئەکەن و تازە کەس فریات ناکەوێت؟
- نەوەڵا من هەروا دام بە دەمیەوە و هاتم ئیتر، بەڵام لەم سەربازە عەرەبانەش زۆر ئەترسم.
- ئەرێوەڵا ئەبێ وریا بیت، زۆر بێ ویجدان و بێڕەحمن ئەمانە. ئەو خانووە سوورەکەت دیی کە لە پاسەکە دابەزین، ئەوە ئەمنە سوورەکەیە، چوونە ژوورەوە دیارە، هاتنەدەرەوە نییە و پڕە لە کوردی بێتاوان کە.....

- گوڵاڵە ئەپەڕێتە ناو قسەکانی هەردیی و ئەبینێت باسەکە جوان ناڕواتە بەرەوە و نایەوێت هەردیی باسی حکومەت و ئەمن و سیاسەت و شتە بکات، ئەپرسێت: دایک و باوکت ماون شوکور؟
- بەڵێ ماون.
- ئەی چەند ڕۆژە ڕاتکردووە؟
- دوو شەو و دوو ڕۆژە.
- تاقەتت بۆ دایک و کەسوکارت نەچووە؟
- بەرێوەڵا زۆریان بۆ بێتاقەتم بە تایبەت بۆ دایکم، بەڵام بەدەست خۆم نەبوو، خۆشم نازانم چ هێزێک هانیدام بڕۆم!
- مەگەر کەسێک هانی داویت کە سەری خۆت هەڵبگریت و بڕۆیت؟
- بەڵێ، بەڵام هێزێکی دەروونی بوو، ناتوانم بڵێم چیبوو!
- باشە، ئەی حەز ئەکەیت بگەڕێیەوە بۆ لایان؟
- حەز ئەکەم، بەڵام ناڕۆمەوە!
- ئەی چی ئەکەیت؟
- نازانم جارێکە، بەدووای خاڵمدا ئەگەڕێم، ئەی لە سلیمانی پێشمەرگەی ئەودیوی لێیە؟
- بێگومان لێیەتی و مەقەڕ و شتیان هەیە، بەڵام ئێمە شوێنەکەیان پێنازانین.
- دەی قەیناکات، سبەینێ بە تاکسییەک ئەڵێم بمبات بۆ لایان؟
- نا کاکە، هەموو سایەق تاکسییەک جێگای بڕوا نیین و نازانین تووشت بە کێیوە ئەبێت. کاتێ لە حەمام بوویت لەگەڵ باوکم قسەم کرد، باوکم دووکانی هەیە، سبەینێ بەیانی هەردی ئەتبات بۆ ئەوێ ئەو ناسیاوی زۆرە و ئەتوانێت یارمەتیت بدات. بەڵکوو ڕازی ببیت بڕۆیتەوە، تۆ منالی هێشتا بە کاری پێشمەرگایەتی و شتی وا نایەیت.
- بۆ بەکار نایەم؟
- ئاخر تۆ هێشتا منالیت، ئەبێ بخوێنیت، ئێستا دایکی قووڕبەسەرت دیقی کردووە بۆت.
- زۆر منالی دیکەش بوون بە پێشمەرگە و دایکیشم پاش ماوەیەک عادەت ئەکات. یەک لە قاچاخچییەکانی سەرسنوور ئەمیناسیی، ڕەنگە ئەو تا ئێستا هەواڵی پێدابن کە من لەم ڕێگایەدام و دووایەش خۆم هەواڵیان بۆ ئەنێرمەوە کە ساخ و سلامەتم و بوومە پێشمەرگە!
- پێمباشە بچی بۆ مەقەڕی ئەو پێشمەرگانە، ئەوان هیچ نەبێت هەوییەی تەڕەدودت ئەیەنێ با حکومەت نەتگرێت جارێکە، بەڵام مەبە بە پێشمەرگەیان، ئەگەر هەویەت بۆ بکەن تا سەرسنوور کەس کاری نابێت بەسەرتەوە و لەوێشەوە بڕۆرەوە بۆلای دایک و کەسوکارت، بەڵکوو خۆیان تا سەر سنوور بەرێت کەنەوە.
- سەفەر لە هیلاکی ڕێگا و نەنووستنی کافی و سکی تێر، هێندەی خەو دێت وردە وردە چاوی بۆ هەڵنایات و وەختە وەنەوز بات، بەدەم باوێشکەوە ئەڵێت: بەخوا ناڕۆمەوە تازە و .... قسەکەی تەواو ناکات و هەر لەویا لەسەر مۆبلەکە خەوی لێ ئەکەوێت.
- هەردیی ئەڵێ: بڕۆ جێگای بۆ چاک بکە، هەڵی ئەگرم، ئەیخەمە سەر جێگاکەی. جادووایی قسە ئەکەین.

* * * * * *

لە کانیوەند لەماڵی ئاوارەیی بنەماڵەی سەفەر غەوغایە. دادە مینا، دایکی سەفەر بە گریانەوە بە باڵای کوڕە ونبووەکەیدا هەڵ ئەیات. براژنی و چەند ژنێکی کانیوەندیی دراوسێیان و دوو کچەکەی فەخریی و فەتحییە بە دیاریەوەن و هاوپشتی ئەکەن و هاوخەمی بۆ دەرئەبڕن. جەوەکە زۆر عاتفی و هەستیارە، دوو ڕۆژە هیچ هەواڵێک لە سەفەر نییە. دڵی دادە مینا خەبەری خۆش نایات. هەردەمەی شتێک ئەڵێت، کوڕی من منالە خۆ هیچ فیعلێکی نییە، گرتوویانە، ئەمانە منالکوژن، دەجاڵن، ئەوساڵە کوڕە چکۆلەکەی کا شەریفیان نەڕفاند و دووایی جەنازەکەیان دۆزییەوە؟ ماوەیەکیتر ئەڵێ سەر مین کەوتووە، خوا ئەزانێ ئێستا بەکام شاخەوە گورگ لاشەکەی

ئەخۆن! دەمێکیتریش دڵی خەبەرێکی خۆشی ئەیاتێ و ئەڵێ، هەر لەم دەوروبەرانە لە شوێنێک خۆی حەشارداوە و ڕوو ئەکاتە کچەکانی و ئەڵێ بڕۆن بگەڕێن بەدوویدا، حەتمەن ئەیدۆزنەوە و ئەوجار دەست ئەکات بە لاڵانەوە و پاڕانەوە ڕوو بە ئەسمان و داوا ئەکات لە هەرکوێ هەیە خوا ئاگایاری بێت و بیپارێزێت و ...

کاک محەمەدی باوکی سەفەر ناسراو بە خاڵەحەمە لەماڵ نییە. وەک هەمیشە ئەبێ یا لە کەپرە دووکانەکە بێت، یا چووبێتە ناو شار بۆسەردانی ماڵوحاڵەکەیان. ئێستا کە سەفەر ڕۆیشتووە ئەویش باڵێکی یارمەتیدانی کەم بۆتەوە و تەنیاباڵە. سەفەر کوڕی گەورەی بوو و کوڕەکەی دیکەیان بچووکە و دووکانی بۆ بەڕێوە ناچێت، بەڵام ئەوکاتانەی قووتابخانەی نییە ئەیبات لەگەڵ خۆی بۆ ئەوەی پیشەکەی خۆی فێر بکات. سەفەریشی هەروا فێری دووکانداری کردبوو، کە بەو کەم تەمەنییە لێی ڕادەدیی بە تەنیا لە دووکان دایبنێت و دووکانەکەی پێ بسپێرێت.

ئێوارە درەنگ نزیک کاتی نانخواردن یەکێک لە دەرگای ماڵیان ئەدات، فەخری یەک لە کچەکان دەرگا ئەکاتەوە، پیاوێکی بەتەمەن لەبەر دەرگایە. فەرموو خاڵە حاجی، ئەمرێکتان هەبوو؟ ئێرە ماڵی خاڵە حەمەیە؟ بەڵێ فەرموو. کوڕەکەتان هاتۆتەوە؟ نەوەڵا، ئەی تۆ ئەزانیت لە کوێیە؟ فەرموو وەرە ماڵەوە دایکم لەماڵە. خاڵە حاجی ئەڕواتە ژوورەوە و هەموو لەبەری هەڵدەستن. پێش ئەوەی ئاو یا چاییەکی بدەنێ، هەموو هەواڵی سەفەری لێ ئەپرسن. وەڵا من خۆم نەمدیوە، لە چۆمان بووم، باسییان ئەکرد، حەمەئەمین کوڕی ڕەسووڵ بۆی گێڕامەوە، وتی بە دزییەوە دووا کاروانەکەی ئەوان کەوتووە و شەو لە گمۆ پێیانزانیوە و ئەوانیش بە ناچاری تا میراوا بردوویانە و وتوویەتی ئەچم بۆلای خاڵم. حەمەمین ئەمڕۆ لە چۆمان بوو و کە زانی من ئەگەڕێمەوە وتی ئەم هەواڵەشتان بۆ بێنم. حەمەمین پێیوابوو لەوانەیە خاڵەی دۆزیبێتەوە و لەلای ئەو بێت یاخود گەڕابێتەوە ماڵەوە، ئەویش نەیدەزانی ئیتر بۆکوێ چووە! چایی و ئاوی سارد گەیشتە بەردەمی خاڵەحاجی. ئەم هەواڵە هەندێک دڵی دادە مینا و کچەکانی و میوانەکانیتری خۆشکرد کە لانیکەم سەفەر زیندووە و ئیشەڵا لای جەعفەری برامە، دادە مینا هات بەدەمیا و هاوکات زۆر سپاسی خاڵەحاجی کرد بۆ ئەم هەواڵە خەشە بەجێیەی کە هێنابووی. سفرەیان دانا، خاڵە حاجی ویستی بڕوات ئیتر، ڕێگایان پێ نەدا، بەخوا ناڕۆیت، خواردنی زۆر سازکراوە. خاڵەحاجی دانیشتەوە، وتی لە مزگەوتیش گەڕام بەدووای خاڵە حەمەدا، لە مزگەوت نەبوو، بۆیە با ناچار هاتم بۆ ماڵەوە. یاخوا بەخێر بێی و هەردەم خۆش خەبەر بیت. بە هۆی میوانەکانیانەوە کە ئەم چەند ڕۆژە سەردانیان ئەکەن، هەموو ڕۆژێک خواردن ساز ئەکرێت. برینج و خۆرشتی قیمە و سێوبنعەرزیلەی سوورەوەکراو. سەوزەی تازەی ناوگووند کە یەک لە میوانەکان لە بێستانەکەی خۆیان بە دیاریی هێناویەتی و دادە ڕەعناش دۆی مەشکەی بۆ هێناون. زۆربەی خەڵکی کانیوەند بە تایبەت دەرودراوسێکانی دەوروپشتیان زۆر بەدەوریانەوەن و هاوخەم و پشتیوانیانن. ئەمڕۆژانە ئیتر بۆ هێنانی شیر و ماست و پەنیر و سەوزە و دۆی خۆماڵی پوڵیان لێ وەرناگرن. هەرچەند دادە مینا و کچەکانی پێداگری ئەکەن کە حەتمەن بێ پوڵ ئەو شتانە قەبووڵ ناکەن، بەڵام هەندێک لە کانیوەندییەکان بە هیچ جۆرێک پوڵیان لێوەرناگرن. وەک شتێک لە ناو خۆیاندا بڕاندوویانەتەوە کە ئەم ماوە بە نۆبە و بە پێی کات و مەجالیان یارمەتییان بەن و بە دەمیانەوە بن. خاڵە حەمە باوکی سەفەر کە نزیک پەنجا ساڵی تەمەنە، هەرچەند زۆر دەوڵەمەند نییە، بەڵام موحتاجیش نییە و لە چینێکی مامناوەندیدایە و هەر لە تەمەنی شەش–حەوت ساڵییەوە کە باوکی مردووە، دەستی داوەتە شاگردیی و کاری کردووە و پاشانیش دووکانی داناوە و تا ئەمڕۆکەش نزیکەی سی– سیوپێنج ساڵە کە دووکاندار و کاسبە. دادە مینای خێزانی لە ماڵەوە دەست ڕۆشتووە و پوڵی بەدەستەوەیە و دڵسەخاوات بووە لە ئاست ئەوانەی شیر و ماست و پێداویستیی دیکەیان لێ ئەکرێت، بەڵام ئێستا کاتی هاوپشتیی و هاوخەمییە. خاڵە حەمە بڕیار ئەدات دووکان و شتەکەی هەمووی تەختە بکات و بڕوات بەدووای کووڕەکەیدا بگەڕێت، بەڵام بە بێ زانیارییەکی تەواو نازانێت بەرەو کوێ بچێت، بۆیە پاش ڕاوێژ لەگەڵ دادە مینای خێزانی واز لە بڕیارەکەی دێنێت جارکە تا هەواڵی دەقیقتر ئەگات. بە گەیشتنی هەواڵی تازە و زیندوو بوونی سەفەر، جەوەکەش ئارامتر ئەبێتەوە و وردە وردە ژیانی ئاسایی دەست پێدەکاتەوە، ڕەنگە ئەمجارە بە بێ سەفەر بژین، کە ئەمە خۆی دڵی دادە مینا و کچەکانی و ڕەنگە کوڕە بچکۆلەکەی و خاڵە حەمەش هەرگیز ئاسایی ناکاتەوە. ژیان بەڵام بەردەوامە، بە سەفەرەوە یا بێ سەفەر، ئەمە سرووشتی ژیانە. دایک و باوکی سەفەر و منداڵەکانیان ئەتوانن ئاواتی گەڕانەوەی سەفەر لە

دڵیاندا زیندوو ڕابگرن، یا کەسێک بنێرن بیدۆزێتەوە و داوای لێبکات بگەڕێتەوە، یا بۆخۆی لە کتوپڕ پەیدای ببێتەوە، لەمانە زیاتر جارێکە هیچیدیکە لە گۆڕێدا نییە...

* * * * * *

بەیانی زوو سەفەر لە ژووری دانیشتن لەپاڵ یەک لە مۆبلەکاندا لەناو جێگاوبانێکی نەرم و خۆشدا خەبەری ئەبێتەوە، پاش ئەو خۆشۆردنە بە جێیەی دوێشەو و ئەو خواردنە بە لەزەتانە خەوێکی زۆر خۆشی کردووە و تێر حەساوەتەوە. شەو خەوی بە دایکیەوە بینیوە، لە خەویا دادە مینای دایکی بیست ساڵێک جەوانتر بۆتەوە و لە دەشتێکی سەوز و بەریندا بە سووار ئەسپێکی سپی بەرەوڕووی دێت، کە نزیکی ئەبێتەوە ئەسپەکەی ڕادەگرێت. چاوێکی پڕلەواتا ئەبڕێتە ناو چاوی سەفەرەوە و چاوی لێهەڵناگرێت، هاوکات ئەسپ حیلەیەک ئەکات و دووجار هەڵدەستێتە سەر قاچەکانی و دەستەکانی بە حەواوە تەکان ئەدات و ئەوجار هەر بەو غارەی کە هاتبوو، ئەگەڕێتەوە و ئەڕوا تا لە ئاسۆ ون ئەبێت بێ ئەوەی یەک وشەش لە نێوانیان ڕەد و بەدەڵ کرابێت. سەفەر گوێ بە خەوەکەی نادات. خاوەنماڵ هەڵنەستاون لەخەو و لە ژووری خەو دەنگیان نایات، ڕەنگە شەو درەنگ خەوتبن. سەفەر جێگاوبانەکەی بە بێدەنگی کۆ ئەکاتەوە و قەییان ئەکات و لە گۆشەیەک دایانئەنێت و لەسەر مۆبلەکان دائەنیشێت. سەیرێکی سەعات ئەکات، نزیک سەعات حەوتە. پاش تاوێکیتر دەرگای ژووری نووستن ئەکرێتەوە و شەوبۆ، بووکەڵە لەباوەش بە ئیحتیاتەوە سەری لە گۆشەی دەرگاکەوە ئەهێنێتە دەر. سەفەر چاوێکی لێ ئەکات و نایەوێت بە دەنگی بەرز قسەی لەگەڵ بکات، با خاوەنماڵ خەبەر نەکاتەوە. بە سووکی ئەڵێ، چۆنی شەوبۆ خان و دەستێکی بۆ تەکان ئەدات، شەوبۆ دیسان چاوی ئەدزێتەوە و ڕائەکاتەوە ژوور. یەکیان خەبەری ئەبێتەوە و پێی ئەڵێت، دەرگاکە جووت کە ڕۆڵە. ئەبێ گوڵاڵە بێت، دەرگا بە شێنەیی ئەبەسترێت. پاش دە خولەکێکیتر جم و جۆڵ ئەبیسترێت و هەردیی دەستی شەوبۆی گرتووە و بەچاوی نیوە هەڵاتوو دێتە ژووری دانیشتن. سەفەر بەیانیت باشێک ئەڵێت و لەبەری هەڵدەستێت. دانیشە دانیشە ڕۆحەکەم، بەیانیشت باش، شەو زۆر هیلاک بوویت، هەر بەدەم قسەکردنەوە خەوت لێکەوت. بەڵێ ببەخشن، خۆم بۆ ڕانەگیراوە، شەوی پێشتر تەنیا یەک دوو سەعاتێک لەناو کورتانی هێستردا لەو سەرمایەی کوێستان خەوتبووم و پیادەڕەوی زۆرم کردبوو. ئیعتیادییە، ئێمەش زانیمان زۆر هیلاکیت، چاک بوو شەو زوو خۆت شۆرد و ئەوجار چووە چێشتخانە، ئاوی سەماوەرەکەی سەرنا بۆ چایی و هاتەوە دانیشت. شەوبۆش هەر بەدووای باوکییەوەیەتی و بۆ هەر کوێ ئەچێت، ئەمیش لەگەڵیەتی. سەفەر بانگی ئەکات بچێت بۆلای دانیشێت یاری لەگەڵ بکات، شەوبۆ ناچێت، جارێکە هێشتا نایناسێت. چۆن بوو باش خەوتیت؟ ئیسراحەتت کرد؟ بەڵێ زۆر باش خەوتم، زۆر مەمنوون، بەڕاستی زۆرم عەزیەت دان دوێشەو، ئەمڕۆ ئەڕۆم بزانم بنکەی پێشمەرگەکانی ئەودیو ئەدۆزمەوە. نا چاوەکەم، وەک دوێشەویش گوڵاڵە پێتی وت، نان و چایی ئەخۆین و ئەتبەم بۆلای خەزوورم، تا بزانین ڕای ئەو چی ئەبێت، باشە؟ زۆر چاکە، هەرچی ئێوە پێتان باشە وا ئەکەین. هەردیی جێگاوبانەکانی سەفەر ئەباتە ژووری نووستن و هاوکات گوڵاڵە دێتەدەر و بەهەمان شێوە، بەیانیت باش و لەبەری هەڵدەستێت و فەرموو دانیشە، هەڵمەستە گیان، بەیانیت باشتر. زوو خەبەرت بۆتەوە؟ بەڵی، نیو سەعاتێک ئەبێت. ئاخر شەو زوو نووستیت، بەڵێ ڕاستە. گوڵاڵە ئەچێت نانی بەیانی ساز کات. سەفەر شەوبۆ ئەدوێنێت. ئەمە بووکەڵەی تۆیە؟ ئەرێ. ناوی چییە؟ ناوی ئاوریمە. ئاوریم ناوە؟ ئەرێ. ئەچی بۆ مەکتەب؟ ئەرێ. هەردیی دێتەوە و دائەنیشێت، جارجارە هەڵدەستێت بۆ یارمەتیدانی گوڵاڵە.

- حکومەتی ئەودیو چۆنە لەگەڵتان؟ ئێمە بیستوومانە خومەینی لەمەی ئێمە باشتر نییە.
- ناوەڵا لای ئێمەش هەر شەڕە و بۆردوومان و گرتنی لاوان و بردنیان بۆ جەبهە بە زۆر و هەرکەسیش نەیەوێت بچێت یا ڕابکات، ئەیگرنەوە و زیندانی یا سەربەنیستی ئەکەن.
- سەربەنیست چییە؟
- واتە بەدزییەوە ئەیکووژن و ئەڵێن ئێمە نازانین لەکوێیە!
- لێرە هەرکەس بگرن بە عەسکەر، تازە هەر عەسکەر ئەمێنێت، تەواو بوونی نییە!
- نا لای ئێمە دوو ساڵە، بەڵام زۆریان لە جەبهە ناگەنە دوو ساڵ ئەکووژرێن یا سەقەت ئەبن!

- کورد زۆر بەسزمانە بەدەست ئەم داگیرکەرانەوە.
- گوڵاڵە دیسان ئەپەڕێتە ناو قسەکان و باسەکە ئەگۆڕێت: ئەی ئەمرۆ چۆنی، زۆر بێتاقەتی ماڵەوەیت؟ ئێستا دایکت حەوت شینی گێڕاوە. گوڵاڵە زۆر بە سیاسەت ئەیەوێت مێشکی سەفەر زیاتر بەرەو لایەنی عاتفی بەرێت و تەحریکی بکات بگەڕێتەوە و هاوکات مانعی بە سیاسی بوونی باسەکە ببێت.
- بەڵێ دوێشەو خەوم بە دایکمەوە دیی، لەخەوما بە ئەسپێکی سپی هات بۆلام و بێ ئەوەی بمدوێنێت چاویی تێبڕیبووم، هەروا ڕۆیشتەوە.
- ئاگات لێیە؟ عاجز بووە لێت!
- هەردیی دێتە وڵام، ئەسپی سپی باشە لە خەوا.
- بەخوا نازانم ئیتر، زۆریش جوان و جەحێڵ بوو لەم خەوەما.
- لەوانەیە هەواڵیشت بزانن، ئەوە نییە خەم و خەفەتی لێ دوور کەوتۆتەوە، گەنج بۆتەوە، ئاخر خەو بۆی هەیە ڕاست بێت، هەردیی ئەڵێت.
- گوڵاڵە ئەڵێت، ناوەڵا، من خۆم دایکم ئەزانم ئێستا دایکت چ حاڵ و وەزعێکی هەیە، ئێمە ئافرەتان زۆر لایەنی عەتفیمان بەقووەتە. بڕۆرەوە بۆلای دایکە بەسزمانەکەت برام!

نان و چایی بەیانی ئەخۆن و هەردیی و سەفەر ئامادەی ڕۆیشتنن بۆلای باوکی گوڵاڵە. گوڵاڵەش ئەبێ شەوبۆ بەرێتەوە قووتابخانە و لەوێشەوە بچێت بۆ دایرە بۆ سەر ئیش. سەفەر نەیزانیبوو گوڵاڵە خانیش ئیش ئەکات، خووشکەکانی خۆی ئەگەرچی خوێندەواریش بوون بەڵام هەر لە ماڵەوە بوون و لەدەرەوەی ماڵ ئیشیان نەدەکرد.

کۆماری ئیسلامی لە ئێران ژنانی بەگشتیی لە پەستووی ماڵەکانیان خنیوە و زۆر مەجالی کاریان بۆ نارەخسێنێت و بگرە زۆرجاریش کارکردنی ژنان قەدەغەن ئەکات. ئەفلاتوون پێیوابوو هەر کۆمەڵگایەک مەجالی کار و خوێندن بۆ ژنان نەخووڵقێنێت، وەک کەسێکی نوقسان وایە کە تەنیا بە یەک دەست ئەژیی و کار ئەکات، بەڵام کوا کۆماری ئیسلامی ئەقڵی بەمشتانە کار ئەکات، لە بیرو بڕوای ئەواندا ژن ناقسوالئەقڵە و نیوەی پیاوێکە و ئەبێت لەماڵەوە نەیاتەدەر و خزمەت بە پیاوەکەی بکات، بۆ ئەوەی کۆڵەکە پڕووکاوە ڕزیوەکانی شەریعەتیان نەڕووخێت! دیارە شارەکەی ئەوانیش بچووکترە و کاتی شەڕە و بۆردوومانیش زۆرە، ڕەنگە لە شارە گەورەکانی دیکەی ئێران کە لە شەڕ و بۆردوومان دوورن، وەزعەکە هەندێک جیاوازتر بێت، بەڵام دیسانیش پڕ بە پێست نییە. خۆ بە ناشکوری نەبێت هەرچی بەدبەختییە هەر بۆ کورد و شارە کوردییەکانە لە ئێران. ڕژیمی شیعە لە ئێران لەگەڵ کوردا هەم دژایەتی ئاینی و هەمیش دوژمنایەتی نەتەوەیی هەیە و لە ئاست کوردانا زۆر دڵڕەق و دڵ پڕ لە قینە. ژنانی کورد زێدە لەسەر ئەمانە ستەمی ڕەگەزیشیان بە هۆی ژنبوونیانەوە بەسەرەوەیە. وڵاتیشت داگیر بکەن و نەوت و گاز و کانە ژێرزەوینییەکانی دیکەشت بەرن و بەم شێوە نائینسانییەش هەڵسوکەوتت لەگەڵدا بکەن، کووا ئەمە مرۆڤایەتییە؟ حکومەتی ئیسلامی ئێران وەک لە ناوەکەیدا دیارە نیزامێکی سیاسی مەسەبییە لە جنسی شیعەی دوازدە ئیمامی و خۆیان بە نوێنەری خودای ئاین لەسەر زەوی ئەزانن! ئیسلامیش تابووە هەم دژی ژنان بووە و هەمیش بەشەڕ پەرەی گرتووە و بەشەڕ گەورە بۆتەوە و بەشەڕ خۆی سەقامگیر کردووە. ئەتوانین بڵەین کە ئیسلام هەمزادی شەڕە و بێ شەڕ نایکرێت. هەردەم ئەبێت دووژمنێک لەکاردا بێت بۆ ئەوەی ئەمان لەگەڵیدا بەشەڕ بێن، بێ دوژمن هەڵناکەن و ئەوەتای لە ئێرانیش دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، لەگەڵ نیوەی زیاتری وڵاتانی جیهان شەڕیانە. ئەم شەڕانە چەندەها جیلیان قووربانیی کردووە و لە ئاسایش و ژیانێکی ئاسایی کە شایانی قەدر و مەرتەبەی مرۆڤایەتیی بێت بێبەشیان کردوون. کاتێک مێژوو ئەخوێنینەوە ئەبینین کە هەر ئاین یا ئایدیۆلۆژییەک لە هەرقووژبنێکی دنیا دەسەڵاتی گرتبێتە دەست، دەسەڵاتەکە لە سەرئەنجامی خۆیدا ئەکەوێتە دەستی تاقە یەک کەس و ئاکامەکەیشی دیکتاتۆرییەتێکە کە پایە و کۆڵەکەکانی لەسەر خوێنی نارازایان و جیاوازبیران دائەڕێژرێت. بۆیە ئاین و ئایدیۆلۆژیی هەرگیز نابێت دەسەڵاتیان لەدەستدا بێت. یۆنانییەکان نزیکەی دووهەزار ساڵ لەمەوبەر بیریان لەمە کردەوە کە دەسەڵات ئەبێت بەدەست نوێنەرانی خەڵکەوە بێت و نەک تاقە یەک کەس. سەرەڕای ئەمانەش کلیسا لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئوروپا دەسەڵاتدار بوو و ناڕازیانی خۆی بە تاوانی ئیڕتیداد و دژایەتی خودا بە

درندانەترین شێوە وەک سووتاندنیان بە زیندوویی، سزا ئەدا. ئیسلامییەکان لەمبوارەدا زۆر لە کلیساکان دڕندەتر بوون و تا ئێستاش بە سەربڕین و چاو دەرهێنان و دەست و لاق بڕینەوە و هەڵواسین، جیابیرانی خۆیان سزا ئەدەن و ئەم دەزووە سەرێکی ئێجگار درێژی هەیە...

تەکسی ئەگرن بەرەو حەوزەوشکە و لە جادەیەکی قەرەباڵغ دائەبەزن. ئەگەنە بەر زێڕنگەرییەک. زێڕێکی زۆر بە عەیاری جۆربەجۆر کە کراونەتە ملوانکە و بازنە و گوارە و هتاد بۆ ژنان، بە ڤیترینی دووکانەکەدا هەڵواسراون. پیاوێکی باڵابەرزی کەواپانتۆڵ لەبەر و سک ئەستووری حاجی شێوە بە کڵاو و ڕەشکەی سەریەوە دێت بەرەوپیریان.

- هەردیی گیان بەخێرهاتی ئەمە میوانەکەتانە؟
- بەڵێ حاجی برایم.
- ناوت چییە کوڕی من؟
- من کووڕی تۆ نیم، ناوم سەفەرە و کوردی ئێرانم.
- قاقای پێکەنین، ئەزانم تۆ کوڕی من نیت، ئێمە شێوەزارمان هەروایە! باشە سەفەر گیان، باوکت ئەم ناوەی لە کوێ دۆزیوەتەوە؟
- نازانم، ڕەنگە لەسەفەر!
- هاهاهاها، ئافەرەم زۆر دەمبەوڵامیت. ئەی چی ئەکەیت لە سلیمانی؟
- نازانم، بەدووا خاڵمدا گەڕام لە میراوا، نەمدۆزییەوە، ئیتر سواربووم هاتم بۆ ئێرە، حەزمکرد سلیمانیش ببینم.
- سلیمانیت پێخۆشە؟
- زۆر نەگەڕاوم جارێکە، بەڵام تا ئێستا پێمخۆش بووە.
- ئەی تۆ ئەزانیت عەسکەر بتگرن، ونت ئەکەن و کەس ناتدۆزێتەوە؟
- بۆ ئەمگرن، خۆ من پێشمەرگە نیم.
- ئاخر تۆ هەوییەت پێنییە و خەڵکی ئێرانیت! ئێراق و ئێرانیش شەڕیانە، دوژمنی یەکن و خەڵکی یەکتر ئەکووژن.
- ئەزانم.
- ئەی کە ئەزانیت بۆ هاتوویت؟
- کە هاتم نەمئەزانی، ئێستا ئەزانم.
- زۆرچاکە وادیارە شتێک فێربوویت لەم سەفەرەتدا
- بەڵێ زۆر شت فێربووم.
- ئەی ئێستا بە تەمای چیت؟ ئێمە چیت بۆ بکەین؟
- بمبەن بۆلای مەقەڕی پێشمەرگەکانی ئەودیو ، یا خۆم بە تاکسی ئەچم.
- نا نا باوانەکەم، لێرە لە دووکان دانیشە، تا من بزانم عینوانیان لە کوێیە؟
- هەردیی دێتە قسە، ئەڕێ سەفەر گیان، لێرە دانیشە حاجی برایم ڕێت ئەخات. من ئەبێ بچم بۆ دووکان.
- منیش بێم لەگەڵت؟ وەک شتێ سەفەر زۆر دڵی بە حاجی برایم ناکرێتەوە، قیافەی یادی مامی ئەخاتەوە کە پیاوێکی ماڵدز بوو!
- نا کاکی من، دانیشە لێرە، من هیچم لەدەست نایات بۆت، حاجی تەواوی خەڵکی ئەمشارە ئەناسێت و پیاوێکی ناسیاوە لە شارەکە، خەمت نەبێت لە جێگەیەکی ئەمینیت. لێرە کەس کاری نییە بەسەرتەوە.
- باشە، کەواتە دائەنیشم!
- دەی من ئەڕۆم ئیتر، ماڵئاوا.
- خواحافیزت بێت، حاجی و سەفەر پێکەوە دێ بە دەمیاندا و هەردیی ئەڕوات.

- دەی ڕۆڵە وەرە لەویا دانیشە، ئەگەر پێتخۆشە ئەتوانیت گەسکێکیش لە دووکانەکە بدەیت. حەزت لە شاگردیی هەیە؟
- جارێکە نازانم حەزم لەچییە!
- هاهاها، ئەی خەڵکی کام شاریت لەودیو؟
- خەڵکی بانەم.
- ئاها، زۆر نزیکین ئێمە، تێکەڵاویمان زۆرە لەگەڵتان.
- چۆن؟
- خەڵکی سلیمانی و بانە هەر لە تەئریخدا زۆر تێکەڵ بووین؟
- ئاخر هەردووکمان هەر کوردین بۆیە.
- بەڵێ بەڵێ، ئێمە تەئریخەنیش هەر یەک وڵاتین! بەڵام وا ئیستا لێکیان جیا کردووینەتەوە. پێشتر کوردستان میرنشین بوو. دەوڵەتانی دراوسێمان هێزی گەورە بوون و بۆ شەڕەکانی خۆیان میرەکوردەکانیان بەکرێدەگرت و بەقازانجی خۆیان لەگەڵ هێز ولەشکرەکانی خۆیان دەیاننارد بۆ شەڕ. ئەگەر خۆیان شەڕیشیان نەبوویایە، هەر خودیی میرە کوردەکانیان لەیەک بەردەدا بەوەی کە بەر تەماحیان ئەخستن.
- ئەی میرە کوردەکان بۆ بە قسەیان ئەکردن؟
- ئاخر کورد تەئریخەن گەلێکی خۆخۆربووین، پیاوێکی! باشمان تیاهەڵنەکەوت یەکمان بخات و هەموو گوێی لێبگرین. دراوسێکانمان هەم لەئێمە زیرەکتربوون و هەمیش بەقەوەت بوون. فارسەکان لە ئێران هەر لە زووەوە دەسەڵاتداربوون. ئێران لە سەرەتادا بەدەست مادەکان درووست کرا و کاتی خۆی وڵاتی مێدیا بوو بە یەکەمین و گەورەترین ئیمپراتۆرییەتی سەر زەویی. کۆرشی هەخامەنەش لە دژی ئاستیاگی ماد کە بابە گەورەی خۆی بوو شۆڕشی کرد و کووشتی و دەسەڵاتی گرتە دەست، بەڵام ئەمە تەئریخێکی کۆنە. زۆر میر و پادشاە هاتن و ڕۆیشتن و مادەکانیان ڕاو دەنا و ئەوانیش پەنایان بۆ کوێستانەکانی زاگرۆس و دەوروبەر ئەبرد و بۆ پارێزگاریی لە خۆیان میرنشینیان ساز دەکرد.
- ئەی بۆ کورد دەوڵەتێکی بۆخۆی درووست نەکرد؟
- کورد دەسەڵاتی کەمبوو و سەرکردەیەکی لێزانیشی نەبوو. کورد ببووە دەسکەلای دوو زلهێزی ناوچەیی وەکوو سەفەوییە شیعەکان لە ئێران و عووسمانە سوونییەکان لە تورکیا. ئەمانە دایمەن لە دژی یەک لەشەڕدا بوون. عوسمانلییەکان نیوەی ئوروپایشیان داگیر کردبوو و لەبەر دەروازەکانی داگیرکردنی شاری وییەن پێتەختی نەمسا بوون و بەتەمای داگیرکردنی هەموو ئوروپا بوون. بەڵام شەڕی یەکەمی جیهانی زۆر زەربەی لێدان و ڕاونران و تیاچوون. شێخ مەحمووی خۆشمان لێرە لە دژی ئینگلیزەکان بەشەڕ هات و بە کافریانی ئەزانی و تورکی بە برای ئاینی کورد ئەزانیی! لە پەیماننامەی ئاشتیی سێڤێر کە بووە هۆی کۆتاییهێنان بە شەڕی یەکەمی جیهانی بڕیاردرا دەوڵەتێکی کوردیش پێک بێت، بەڵام لە تورکیا مستەفا کەماڵ، هەر ئەوەی کە شێخ بە برای خۆی ئەزانیی، دەسەڵاتی گرتە دەست و لەدژی ئەو پەیماننامە بوو و کەوتەوە شەڕ لەگەڵیان. ئەوجار لە ١٩٢٣ پەیماننامەی لۆزان هاتە ئاراوە و لەوێ باسێک لە دەوڵەتی کورد نەبوو، بە پێچەوانە کورد دابەشکرا بە سەر چەند وڵاتدا و هاوکات چەند دەوڵەتی ناوچەیی دیکە وەک ئێراق و سورییە و ئەرمەن و ئەمانە هاتنە دامەزران کە سێبەشی خاکی کوردیش درا بەوان و دووبەشە گەورەکەیدیکەشی دارن بە تورکیا و ئێران.
- زۆر بەداخەوە، ئەی کتێب هەیە لەمبارەوە من بیانخوێنمەوە؟
- بەڵێ کتێب هەن، بەڵام زۆربەیان بەدەست غەیرەکورد نووسراون و تەنانەت تەئریخەکەیشیان زۆر بە قازانجی خۆیان و لە دژی ئێمە گۆڕیوە!
- ئەی بۆ کورد خۆی دەست ناکات بە نووسینەوەی ئەم مێژووە؟
- مێژوو، وشەیەکی کوردیی خۆشە، مام هەژار موکریانی زۆری بەکار دێنێت!
- بەڵام ئەمە وڵامی پرسیارەکەم نەبوو.

- **جا بڵێم چی کوڕم، کورد کوا ئەوەندە خوێندەواری هەیە، خۆ ئەگەر بیشمان بێت یا بۆ بێگانە دەنووسن، یا هەر ناوێرن بنووسن، ئەمانە باسی سەرن لەم سەردەمەدا، تەنانەت من کە بۆ تۆشیان ئەگێڕمەوە دڵم ئەلەرزێت، ئەی خودا نەخواستە ئێستا بێن و بتگرن، خێرا پێیان ئەڵەیت حاجی برایم باسی چی بۆ کردوویت.**
- **وەعدت پێ ئەیەم باسی هیچ نەکەم ئەگەر گیرام.**
- **ڕۆڵە قەت وەعدێک مەیە کە نەتوانی ڕایبگریت، ئەمانە لە ژێر ئەشکەنجەدا ئیعتراف لە خوداش بۆ خودانەبوونی وەردەگرن، ئەمە ئەڵەی چی تۆ؟ پێتوایە منال بازاڕە؟**
- **من پێموابێ بڕیار ئەیبڕێنێتەوە، ئەگەر من بڕیارم دا و ئیمانم بە بڕیارەکەم بوو، هەرگیز ناشکێم و ناڕووخێم لەژێر سەختترین ئەشکەنجەکانیشدا.**
- **من منالی وەک تۆ ژیر و بەقسە و بوێرم کەم بینیوە، ڕەنگە هەر نەمبینیوە و تەنیا لە چیرۆکەکاندا خوێندوومەتەوە. ئاخر چ منالێک وەک تۆ هەڵئەستێت و لە ناز و نیعمەت دوور ئەکەوێتەوە و خۆی ئەخاتە ئەم داوەوە؟**
- **چ داوێک؟ ئەوجار خۆ ئێمە نازانین، زۆر منال لە منیش بچووکتر بوونە و ئاوارە و دەربەدەر بوون.**
- **بەڵێ، بەڵام نەک بە خواستی خۆیان، ڕاونران شتێکە و خۆبڕیاردان ئەمەی تۆ کردووتە شتێکی دیکەیە.**
- **لەوانەشە تۆ ڕاست بکەیت، من هەندێک جیاوازتر بم، خۆشم نازانم بۆ!**
- **دەی چاکە با من بچم هەندێک تەلەفون بکەم بۆ ئەملا و ئەولا، بزانم ڕێگایەکەت بۆ ئەبینمەوە.**
- **دەی زۆر مەمنون، منیش گەسکێک لە دووکانەکەت ئەیەم. حاجی هەندێک چۆتە دڵی سەفەرەوە و پێیوایە ئەوەندەش لە مامی ناچێت، لەخۆڕا لەڕووی هەیکەلییەوە قەزاوەتی خراپی لەسەری کردبوو، بۆیە نابێت پێش ئەوەی کەسێک بدوێنی یا چەند کردارێکی ببینیت، خێرا هەڵیسەنگێنیت.**
- **حاجی تەلەفون ئەکات...**
- **سەفەر دووکان گەسک ئەیات...**

## کورتەیەک لەسەر مێژوو و کۆچ و پەرەسەندنی عوسمانلیەکان[2]

**کورد پێویستە ئەم مێژووە بە تێروتەسەلی بخوێنێتەوە و بیناسێت، من لێرە تەنیا بەکوورتی باسی ڕووداوە گرنگەکانی ئەکەم، چوون بە گرنگی ئەزانم. شایانی باسە کە نووسەری سەفەر ئەم مێژووە پڕ لە جەنایەتە بە هیچ کلۆجێک بە شانازی نازانێت! ئەگەر خوێنەرێک حەزی لەخوێندنەوەی نییە و نایەوێت زۆر لە ڕۆمانەکە دابڕێت، با بڕواتە سەر درێژەی ڕۆمانەکە، واتە: ئەوەی لە مشک بێت جەواڵ ئەدڕێت!**

**عوسمانلیەکان مێژوویەکی زۆر نوێتریان هەیە لە ناوچەکەدا لە چاو کورد وەیا تەنانەت فارس و عەرەبیشدا. تورکانی ئاغوز کۆنفیدڕاسیۆنێک بوون کە لە ئاسیای ناوەڕاست[3] ئەژیان و لە سەدەی دەهەمی زاینیدا لەوێوە بەرەو ئاسیای بچووک[4] کۆچیان کرد. ئەوکات ئیسلام ئاینێکی نوێ بوو و حدودی چوارسەد ساڵێک ئەبوو لە بیابانەکانی حیجازەوە سەری هەڵدابوو و خەریکی شەڕ و خۆگەورەکردنەوە بوو و نەیدەتوانی لە مەتەرێزی کورد و فارس تێپەڕێت بەرەو ناوەوەی ئێران، چوون کورد و ئێرانییەکان بە گشتیی میترایی و زەردەشتیی بوون و ئاینی نوێیان نەدەویست و لەبەرانبەر هێرشی عەرەبەکاندا بەرگرییەکی توند و تۆڵیان لەخۆیان نیشان دەدا. ئاغوزەکان کۆچیانکردبووە ناو سنوورەکانی موسوڵمانەکان کەئەوکات تا ئاناتۆلی هاتبوون و بە سەرکردایەتی سەلجووق ببوونە بەکرێگیراوی لەشکری ئیسلام و بە بێ مەرجیش ئەم دینەیان قەبووڵ کردبوو و هاوکات بەهۆی نیشاندانی ئیرادەت و وەفاداری تەواو بە دەسەڵاتی ئیسلامی ناوچەکە، لەلایەن لەشکری ئیسلامەوە پشتیوانیان لێکرا لەوەی کە بتوانن حکومەتێکی**

[2] سەرچاوە: (Ottoman Empire and Islamic Tradition)، (Norman Itzkowitz) کتێبی ئیمپڕاتوری عوسمانی لە نووسینی نۆرمێن ئیتزکۆویتز

[3] ئاسیای ناوەڕاست وڵاتانی ئوزبەکستان، تاجیکستان، تورکمنستان، قەزاقستان، قرقیزستان، مەغولستان و هتاد لەخۆ ئەگرێت.

[4] ئاسیای بچووک یا صغیر، کە ئاناتۆلیشی پێ دەکووترێت، تورکیای ئەمڕۆ و دەروبەریی لەخۆ ئەگرێت

**ڕۆمان، ئەیوب ڕەحمانی** © Roman, Ayub Rahmani

ئەیالەتی سەلجووقی بچووک بنیات بنێن و وردە وردە پەرەیان بەو خاکە بچووکە دا. سەلجووقەکان کە لەشەڕدا زۆر بێڕەحم و بێویجدان بوون و دەستیان لەهیچ نەدەپاراست، ئەوجار هێرشیان کرد بۆ ئێران و ساڵی ١٠٤٣ ی زاینی [5] ئیسفەهانیشیان داگیرکرد و لەوێوە لایانداوە و بەرەو بەغدا بەڕێکەوتن و ئەمجارە بە ڕێبەرایەتی توغرڕوڵ بەیگ لە ساڵی ١٠٥٥ ئەو شارەشیان داگیرکرد. وردە وردە بە تاڵانی شارەکان دەوڵەمەندتر و بەهێزتر دەبوون و بەرەو دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتێکی بچووک هەنگاویان دەنا. ئەگەرچی بە زاهیر لە خزمەت خەلیفەی موسوڵماناندا بوون بەڵام سوڵتان سەلجووق بۆخۆی سەربەستانە بڕیاراتی دەدا. ئەوجار هاتن و تورکمانەکانیان کە دووژمنیان بوون ئاشتکردەوە و بەناوی پەرەدان بە (دارالاسلام) ناردیانن بۆشەڕ لەدژی دەوڵەتی بیزانس کە دەوڵەتێکی ئوروپایی دەوڵەمەند بوو بۆ تالان و چڵپەخۆریی بەناوی لەناوبردنی (دارالحرب). شەڕ درێژەی کێشا و ساڵی ١٠٧١ لە مەلازگرد، شاری باکووری کوردستان لە نزیک گۆلی وان، بیزانسییەکان شکستێکی گەورەیان خوارد و بەهۆی شۆڕشگەلێکی ناوخۆیش نەزمیان تێک چووبوو و ئەوەندەیتر لاواز بوون و ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ پێشڕەوی زیاتری سەلجووق و تورکمانەکان و بە ئیسلامی کردنی ناوچەی ئاناتۆلی. ئیتر شەڕ هەربەردەوام بوو و جارێک ئەمان و جارێک ئەوان سەردەکەوتن تا هێرشی مەغوولەکان سەری هەڵدا کە لە مانگی ژوئەنی ١٢٤٣ی زاینیی لە نزیک کوسەداغ لە ڕۆژهەڵاتی ئاناتۆلی سەلجووقییەکانیان شکست پێهێنا و لەولاشەوە بیزانسییەکان شاری قوستەنتەنییەیان (ئیستانبوڵی ئەمڕۆ) گرتەوە.

پاش لاوازبوونی سەلجووقەکان، عووسمانلییەکان بە سەرپەرەستی عوسمان ناوناوبانگێکیان دەرکرد و بچووکترین ئەیالەتییان بەدەستەوە گرتبوو. ساڵی ١٣٠١ی زاینیی یەکێک لە گەورەترین هێزەکانی بیزانسیان لە بافاکۆن شکست پێهێنا کە ئەمەش دەنگدانەوەی زیاتری هەبوو و گەورەیانی کردەوە و عوسمانی ئەوەندەیتر بەناوبانگ کرد و لەقەبی عوسمانییان بۆخۆیان هەڵبژارد. پەیڕەوانی عوسمان بوون بە خاوەنی کلیلی بەهەشت لە حاڵەتی کووژراندا و ئیفتیخاری شەهادەتیان پێ دەبڕدرا و دەستیشیان ئاواڵە کرا کە هەر شوێنێکیان لەنێوان قوونییە و قوستەنتەنییەدا غارەت کەرد هی خۆیان بێت و بەمشێوە سەروەتێکی زۆریان بۆخۆیان پێکەوەنا! عوسمان سەردەستەی تایەفە لە ساڵی ١٢٩٩ تا ١٣٢٦ی زاینیی سوڵتەنەتی کرد. ئورخان کوڕیی عوسمان بوو بە جێنشینی باوکی و لە ١٣٢٦ تا ١٣٦٢ی زاینیی سوڵتەنەتی کرد. ئورخان چاوی تەماحی لە باکووری ڕۆژئاوای ئاناتۆلی بڕیبوو و لە ١٣٢٨ شاری بڕۆسە، ١٣٣١ ئیزنیک و ١٣٣٧ ئیزمیتی داگیرکرد و شاری بڕۆسەی کردە پێتەختی خۆی کە ئەمشارە تا ساڵی ١٤٠٢ گرنگترین ناوەندی عوسمانییەکان بوو. ئورخان لە کێشەناوخۆییەکانی ئەمارەت نشینی قەرەسی کەڵکی وەرگرت و لە ١٣٣٦ ئەوێشی داگیر کرد و بەمشێوە عوسمانییەکان دەستیان گەیشت بە زەریا و کاناڵی مەرمەڕە و کەنارەکانی زەریای ئێژە و لە داردانێل لە بەرانبەر ئوروپادا ڕاوەستان. ئەمیرنشینی عووسمانی کە حکومەتێکی غازیی بوو کاری تەنیا شەڕ و پەرەدان بە خاکی عووسمانی و تاڵانیی بوو و بۆ ئەم مەبەستە نوێترین و بەکارترین و بێڕەحمانەترین ڕێگاوشوێن و کەڵەک و كڵووکەکانیان ئەدۆزییەوە و بەکاریان دەهێنان. یەکەم سەرکەوتنی عوسمانەکان لە ئوروپا لەسەر داوای یوحەنای شەشەم کانتاکوزینۆس ئیمپراتۆریی بیزانس بوو کە ناردیانی بۆ شەڕی ڕەقیبەکەی خۆی بەناوی پالئولوگ. ئەوجار ئورخان لەگەڵ کچەکەی یوحەنا کانتاکوزینۆس زیواجی کرد و پەیوەندیی ئەو دووانە پتەوتر بوو [6]. پاشان عوسمانەکان هێرشیان کرد بۆ ئادریانۆپل (ئادرنەی ئەمڕۆ) و ئەوێشیان گرت، یوحەنا داوای لێکردن چۆڵی کەن و تەسلیمی خۆی بکەنەوە، بەڵام داواکەیان ڕەت کردەوە و چوون عوسمانەکان بەتەمای تەرکی غارەتی وڵاتان نەبوون و ئەوجار چاوی تەماحیان لە باڵکان یا ڕوملی (ئیمپراتۆریی بیزانس) بڕیبوو و بەمشێوە كڵاویان سەر یۆحەنا ئیمپراتۆری بیزانس نا. فەرماندەیی لەشکری عوسمانی بەدەست کوڕە گەورەی ئورخان بەناوی سلیمانی ئەوەڵ بوو و ئێستا کە بەتاڵانکردنی وڵاتان بێ ئەندازە دەوڵەمەند و بەهێز ببوون، شەڕیان لە دژی مەسیحییەت ڕاگەیاند. سەرەتای مانگی مارسی ١٣٥٤ی زاینیی بوومەلەرزەیەک هات و دیوارەکانی کۆشکی گالیپولی و چەند کۆشکی دیکەشی ڕووخاند و عوسمانەکان ئەمەیان بە موعجیزەی الله ناساند و هێرشەکانیان بێ موقەدەمە دەستپێکرد و شاریان داگیرکرد و ڕێگای باڵکانیان بۆ کراوە. ئەمە بووە هۆی کۆچی بەلێشاوی بنەماڵە تورکەکان

---

[5] هەموو تاریخەکان لەم مژارەدا زاینین!
[6] زیواجی موسوڵمان و مەسیحی تەنیا بۆ خەڵک حەرام و یاساغ بوو و نەک بۆ سوڵتانەکان!

ڕۆمان، ئەیوب ڕەحمانی © Roman, Ayub Rahmani

بەرەو ئەو شارە کە بۆ هەمیشە بمێننەوە. سلیمان وازی نەدەهێنا و چاوی تەماحی لە باقی ئوروپا بڕیبوو و بەرەو باکوور بەڕێکەوتن. سلیمان لە ساڵی ١٣٥٧ مرد، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ڕاگرتنی پێشڕەوییەکانیان و برابچووکترەکەی سلیمان بەناوی موراد کە عینوانی والی پێدرابوو بە یارمەتیی ڕاوێژکارەکانی فەرماندەیی لەشکری گرتە ئەستۆ و ١٣٦١ ئادرنەیان داگیر کرد و لەوێشەوە دابەشبوون بەسەر سێ لەشکردا و هەر کامە و بەرەو لایەک بەڕێکەوتن. لە لای چەپەوە بەرەو سرس و سالۆنیک، لەلای ڕاستەوە بەرەو زەریای ڕەش و لە ناوەڕاستەوە بەرەو فیلیپۆپۆلیس و سووفییە لە ڕۆمانی. سرس لە ١٣٨٣، سووفییە لە ١٣٨٥، نیش لە ١٣٨٦ و بەندەری گرنگی سالونیکیان لە ١٣٨٧ داگیر کرد و ئەمانەش هەموو بە قەتڵوعامێکی داعشیانەی ئەو سەردەمە! ئەمانە بوونە هۆی ئاوارە بوونی ملیۆنها نەفەر لەخەڵکانی ئەو ناوچانە، تەبعەن ئەوانەی نەکەوتبوونە بەر تیغی خەلافەتی عوسمانی. موراد‌ی ئەوەڵ (١٣٨٩–١٣٦٢) لەساڵی ١٣٦٥ پێتەختی خۆی لە برۆسەوە نەقڵکرد بەرەو ئادرنە. باڵکان ناوچەیەکی کوێستانی سەختە و تێپەڕین بۆ لەشکر ئاسان نییە، ئەمێنێتەوە ئەو چەمانەی ئەڕژێنە دۆڵی دانوب، ئەمە تێپەڕێنن، داگیرکردنی مەجارستان و ئوروپای ناوەندیی زۆر سەهلتر ئەبێتەوە بۆیان. باڵکان لەمکاتەدا بۆماوەی بیست ساڵە لەژێر فەرمانڕەوایی ستێفان دوشان ئیمپراتۆری سێربدایە، کە ئەم ئیمپراتۆرییە لەساڵی ١٣٥٠ ئاڵبانی، سێربستان، مەقدوونییە و تەراسی لەخۆ دەگرت. بەڵام پاش مەرگی ئیمپراتۆر کێشەیان لەنێواندا درووست بوو و پەنایان بۆ عوسمانەکان برد بۆ حەلی گرفتەکانیان ئەمەش خۆبەخۆ کردیانی بە خەراجدەر یاماڵیاتدەری عوسمانەکان و ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ داگیرکردنی خاک و وڵاتیان. بێجگە لەمانە شیشمانی بولغاریی، موراد‌ی ئەوەڵی وەک سەروەری خۆی بەفەرمی ناسیی و گەورەکانی ئاڵبانیش کە زۆربەیان بەڕەچەڵەک بێگانە و غەیرە ئاڵبانی بوون هەر بە شێوەی شیشمان خۆیان بە عوسمانەکان فرۆشت. لە قۆناخی دووهەمدا عوسمانەکان هەر هەموو ئەم ئەمیرە ناوچەییانەیان وەلانا و وڵاتەکانیانیان بە خەلافەتی عوسمانی زیاد کرد. موراد لەساڵی ١٣٨٩ بەدەست پیاوێکی سێرب ئەکووژرێت و بایەزیدی کوڕی موراد (١٤٠٢–١٣٨٩) دەسەڵاتی گرتە دەست و کەوتە تۆڵەسەندنەوەی باوکی و یەکەم کەس پاتشای سێربی کە بەدیلگیرابوو سەربڕیی و هەوادارانی بەم بۆنەوە لەقەبی ئیلدریم واتە ئەژدەر یا توندوتیژیان پێدا. بایەزید بە داگیرکاریی و تاڵانیی زیاتر ڕێگای بۆ کاملترکردنی ئیمپراتۆری عوسمانی خۆشکرد. لەولاوە لە ئوروپا مەسیحییە کاتۆلیک و ئۆرتۆدۆکسەکان بڕیاریان دا کێشە ئاینییەکانیان وەلا بنێن و خۆیان لە دژی عوسمانی ئامادە بکەن. بایەزید بە لەشکرێکی گەورە و بەهێز لە بەهاری ساڵی ١٣٩٤ گەمارۆی خستە سەر شاری قوستەنتەنییە، هاوکات لە باڵکان خۆی شەخسەن لە داگیرکردنی مەجارستان بەشداری کرد و نوێنەری دەستنیشاندەی خۆی کردە والی ئەوێ. قوستەنتەنییە هەروا بەرگری دەکرد و خۆی بەدەستەوە نەدەدا و نزیک لەدەستچوون بوو تا ئەوەی کە تەیموری لەنگ لە ڕۆژهەڵاتەوە پەیدای بوو و هێرشی کردە سەر عوسمانییەکان و ئەوانیش هێزەکانیان لە قوستەنتەنییەوە ڕاگوێزاوە بەرەو شەڕ لەگەڵ تەیمور و بەمشێوە قوستەنتەنییە ئەمجارەش لە دەستی داگیرکاری و تاڵانیی و کۆمەڵکوژیی عوسمانییەکان ڕزگاری بوو. تەیموری لەنگ زاوای بنەماڵەی چەنگیزخان بوو و خۆی تورکی مەغول بوو و ساڵی ١٣٨٠ی زایینیی شکستی بە ئێرانیش هێنابوو و ساڵی ١٣٨٧ بەسەر هەموو فەلاتی ئێراندا زاڵ ببوو و بەکردەوە ببووە دراوسێی عوسمانییەکان. ١٣٩٤ هێرشی کرد بەرەو ئاناتۆلی و ساڵی ١٣٩٩ بەناوی جێگری چەنگیزخانی مەغول داوای باج و خەراجی لە ئاناتۆلی کرد. هەر ئەو ساڵە بایەزیدی عوسمانیش خۆی گەیاندە قاهیرە کە بەرزترین پێگەی سیاسی مەسسەبی موسوڵمانەکان بوو ئەوکات و لەوێ لەقەبی سوڵتانی ڕۆمی پێدرا و ئەویش لەگەڕانەوەیدا هەروەتر داوای باج و خەراجی لە ئاناتۆلی ئەکرد. ئاقبەت لە ٢٨ی ژوئنی ١٤٠٢ تەیمور و بایەزید لە دەوروپشتی ئەنقەرە کەوتنە شەڕ لەدژی یەک و عوسمانەکان دۆڕاندیان و بایەزید بەدیلگیرا و ساڵی ١٤٠٣ مرد، هەندێک دەڵێن لە زیندان خۆی کووشتووە و بەمشێوە ئیمپراتۆریەتەکەیان فێعلەن پرژ و بڵاو بووەوە و ئیقتیداری نەما بەڵام ئەو سوونەت و شێوە بەڕێوەبەرایەتیی حکومەتییەی کە جێکەوتبوو مانەوە و تیانەچوون، چوون تەیمور دەوڵەمەندە عوسمانییەکانی بۆ ڕۆژی مەبادا هێشتبووەوە. کاتێک لە ١٤٠٥ تەیموریش مرد و شاڕوخی کوڕی چووە جێی، لەولاوە عوسمانییەکانیش کەوتنەوە خۆ و لە ١٤١٣ محەمەد (١٤٢١–١٤١٣) یەکێک لە چوار کووڕەکەی بایەزیدیان کردە سوڵتان و جێنشینی باوکی. محەمەد دەورەیەکی سازندگی و بێ شەڕی تێپەڕاند، بەڵام دووای ئەو موراد‌ی دووەم (١٤٥١–١٤٢١) هەر لە سەرەتاوە بەشەڕ دەستی پێکرد و لەیەکم شەڕدا مامی خۆی مستەفای

لە باڵکان شکست دا. موورادی دووەم بەرەو ئاناتۆلی و ناوەڕاستی ئوروپا هەڵدەکشا بۆ ئەوەی ئەو شوێنانەی ڕۆژێک عوسمانییەکان داگیریان کردبوو و ئێستا ناچار بە چۆڵکردنەوەیان ببون، هەمدیسان داگیر بکاتەوە. شەڕ گەیشتەوە مەجارستان و ڤێنیز لە باکوری ئیتالیا. عوسمانەکان لە ۱٤۳۰ سالۆنیکیان داگیر کردەوە و لەگەڵ ڤێنیزیش پەیمانی ئاشتییان واژۆ کرد. لە ۱٤۳۷ زیگمۆند پادشای مەجارستان مرد و عوسمانەکان بە هەلیان زانی و هێرشیان بۆ برد. لە ۱٤۳۸ هەمدیسان سێربستانیان داگیر کردەوە و دەستیان بەسەر کانە دەوڵەمەندەکانی زیوی ئەو وڵاتەدا گرت و پاشان کۆشکی سەمەندەرییەیان داگیر کرد. لە ۱٤٤۰ شاری بلگراد کە بەهێزترین مەتەرێزی بەرگری دژی عوسمانەکان بوو تا ئەوکات، شکستی هێنا و ئەوێش کەوتە دەست تاڵانچییانی عوسمانی. پاش شەش مانگ پاشەکشەیان پێکرا، بەڵام شاریان وێران و تاڵان کردبوو کاتێک چۆڵیانکرد. ئەوجار هێرشیان کردە سەر تڕانسیلوانی و لەوێش بەهۆی لێهاتوویی فەرماندەی تڕانسیلوانی بەناوی یانوش هونیادی شکستیان خواردەوە. ئەم بەرگرییەی هونیادی لە هەموو ئوروپا دەنگی دایەوە و ئوروپاییەکانی هاندا کە شەڕی سەلیبی لەدژی موسوڵمانە عوسمانییەکان ڕابگەیەننەوە. بەڵام هونیادی لەسەر سەلیبییەکان ڕانەوەستا و لە ۱٤٤۳ شارەکانی نیش و سوفییەی لە عوسمانەکان سەندەوە و ڕاویانی نا. ئەمە موورادی دووهەمی ناچار بە واژۆکردنی پەیمانی ئاشتی لە باڵکان کرد. مێژووی عوسمانییەکان بە گشتی پڕە لەم جۆرە تاکتیکە درۆینانە، هەر کاتێک لە پێشڕەویدابوون هیچ ئاشتییەکیان قەبووڵ نەبووە و هەرکات لە شکستدابوون خێرا دەستی ئاشتییان درێژ کردۆتەوە! مووراد بەڵام نەخۆش ئەکەوێت و لە شاری بڕۆسە دادەنیشێت و سوڵتەنەت ئەیاتە دەست کوڕە دوازدە ساڵانەکەی خۆی بەناوی محەمەد کە بەیارمەتی مامۆستا و ڕاوێژکارانی سەڵتەنەتی دەست پێکرد. یەک لەم ڕاوێژکارانەی ناوی خەلیل پاشا چەندارلی بوو کە چەندین جیل بوو بە بنەماڵەوە لەخزمەت سوڵتانە عوسمانییەکاندا بوون و یەکێتریان ناوی مەلا خەسرەو کەسایەتییەکی ئاینیی و لێزان بووە. لەولاوە ئوروپاییە سەلیبییەکان ئەمەیان بە لاوازیی عوسمانی لێکداوە و هێرشیان بۆ کردن بۆ دەرکردنیان لە ئوروپا، بۆیە خەلیل پاشای ڕاوێژکاری محەمەد ئەچێتەوە بۆلای مووراد و داوای لێدەکات سەڵتەنەت نەداتە دەست منداڵێکی دوازدە ساڵە و ئەم قوماره نەکات، مووراد هەندێک چاک بۆتەوە و ئەگەڕێتەوە سەر سوڵتەنەتەکەی و لە مانگی نۆڤێمبری ۱٤٤٤ سەلیبییەکان لە واڕنا شکست ئەدات و هەمدیسان دەست بە پشوودان لەشاری بڕۆسە ئەکاتەوە. ئەوجار شۆڕش و نارەزایەتیی خەڵک ئادرنە ئەگرێتەوە، بۆیە مووراد لە ساڵی ۱٤٤٦ هەمدیسان خۆی دەچێتەوە سەر حوکم و لە ساڵی ۱٤٤٨ تۆڵە لە هونیادی ئەکاتەوە و شکستی ئەدات و لەشکر بەرەو ئاڵبانی و یۆنان و سێربستان ئەنێرێتەوە. مووراد تا کاتی مردنی لە ۱٤٥۱ لە دەسەڵاتدا ئەمێنێتەوە. مووراد تەنانەت بە گەمارۆی قوستەنتەنییە ڕێگای بۆ داگیرکردنی خۆش کردبوو، هەندێککەس قووستەنتەنییەی گەمارۆدراویان بە میوەیەکی گەیو ئەزانی کە تەنیا پێویستی بە چنینەوە بوو. محەمەدی دووهەم کە ئێستا ئیتر ببووە نۆزدە ساڵی بە سەڵتەنەت گەیشتەوە و کۆمەڵێک فەتحیاتی دیکەی بۆ عوسمانەکان تۆمار کرد کە هەوادارەکانی لەقەبی فاتیحیان بەسەریدا بڕییەوە. ناوبراو ناوی جەهادی خستە سەر شەڕەکانی خۆی و لە ۱٤٥۸ شاری ئاتێن، ۱٤٥۹ هەموو سێربستان، ۱٤٦۰ مووراویی و ۱٤٦٤ بۆسنیی داگیر کردەوە. بۆسنییەکان زۆربەیان ئیسلامی عوسمانییان قەبووڵ کرد و بوونە بەشێک لە لەشکری عوسمانیی و لە هێرش بۆ مەجارستان و سەرحەداتدا بەشدارییان کرد. ئەوجار شەڕ لەگەڵ ڤێنیز ۱٤٦٦ داگیرسا کە چوار ساڵ دەوامی هێنا و ئاکام بوو بە داگیرکردنی دوورگەی نگروپونت (ئوبە) لە زەریای ئێژە و کەنارەکانی ئادریاتیک. ئەم داگیرکارییانە بوونە هۆی ئەمەی کە بە کردەوە زەریای ڕەش و مەدیتەرانەش لەلای خەڵک بە زەریای عوسمانی ناولێدەبران و ۱٤۷٥ ڕێگای بازرگانیی نێوان ئاسیای ناوەڕاست و ڕووسییە و ئاناتۆلی و تا ئوروپا هەمووی لەژێر سەیتەرەی عوسمانییەکاندا بوو و بەڕێوە دەچوو. محەمەد هەروەها هێرشی کردبووە سەر قەرامانەکان و لە ۱٤٦۸ ناوچەی قەرامانەکانی لە ناوەڕاستی ئاناتۆلی داگیر کرد. قەرامانەکان لەگەڵ ئوزون حەسەن ئەمیری تورکمانەکان لەدژی عوسمانییەکان یەکیانگەرت و ئوروپاش هاندەر و پاڵپشتیان بوو، بەڵام ئەم هاوپەیمانییە لە ۱٤۷۳ شکستی هێنا. محەمەد سی ساڵ بوو بەردەوام لەشەڕدا بوو و ئاقبەت شاری قوستەنتەنییەی داگیرکرد وناوەکەی گۆڕیی بە ئیستانبوڵ و دەستیکرد بە بەئیسلامی کردن و دروستکردنی چەندین مزگەوتی گەورە تێیدا. ڕووداونووسی یونانی کریستوولوس ئەنووسێت: محەمەد دەستووری دروستکردنی بیناگەلێکی زۆر جوان و گران و گەورەی بە سوونەتی ئیسلامییەوە ڕاگەیاندوو و هەمووانی بۆ ئەم مەبەستە خستبووە گەڕ.

بیناگشتییەکان، حەمامە گشتییە گەورەکان، چایخانە و بازاڕ و مزگەوت و هتاد. هاوکات دەستووری دابوو مزگەوتێکی گەورە بەناوی خۆیەوە بینا بکەن کە لەپاڵیدا میوانسەرای گەورە (هوتێلی ئەمڕۆ) نەخۆشخانە و ماڵی هەتیوان و مەکتەبی ئیسلامیی بوونی هەبێت کە وانەکانی شەرع و تێب تێیدا بگووترێنەوە. قوستەنتەنییە پێش داگیرکردن سی هەزار دانیشتووی هەبوو، دانیشتوانی ئیستانبوڵ پاش داگیرکردن لە ساڵی ١٤٧٨ بوو بە سەد هەزار کەس و لە کۆتایی سەدەی شانزدەهەمدا دانیشتوانیی گەیشتبوو بە ٧٠٠ هەزار کەس کە هیچ شارێکی ئوروپا پێی نەدەگەیشتەوە. محەمەد لە ساڵی ١٤٨١ مرد و دوو کوورەکەی بەناوەکانی بایەزید و جەم کە مودەعی جێگریی باوکیان بوون کەوتنە ڕەقابەت و بایەزید سەرکەوت و جەم ڕایکرد بۆ فەڕانسە و ١٣٨٩ چوو بۆ ڤاتیکان بۆلای پاپ و لە فیڤرییەی ١٤٩٥ لە ناپل مرد. لە سەردەمی بایەزیدی دووهەمدا هێزی زەریایی عوسمانییەکان پەرەی سەند و چەند جار سکەی پوڵی لێدا، کارێک کە پێشتر محەمەدی باوکیشی کردبووی. ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی ساکارتر بچێتە شەڕی ڤێنیز و ئیسپانیاش و ئەمکارانە عوسمانییان کردە لایەنێکی گرنگی دیپلۆماسیی لە ئوروپا. لەلایەکی دیکەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوچەی ژێردەسەڵاتی عوسمانییەکان لە ئێران سەفەوییە شیعەکان ببونە کۆسپ بۆ عوسمانییەکان و بە مەترسیی ئەژمێردران. شا ئیسماعیلی سەفەویی فرقەی شیعەی سەفەوییە کە بنەماڵەکەی لە سەدەی چواردەهەمی زاینییەوە بناخەدانەری ببوون کردبووە بنەمای دەوڵەتێکی شیعە لە ئێران. کێشەی نێوان شیعە و سوونە جیهانی ئیسلامی کردە دوو پۆل و دووجەمسەری دژ بە یەکە، هەزارپێیەک بە دووسەرەوە. سەفەوییەکان کارتێکەرییان لەسەر تورکمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاناتۆلی زۆربوو و ماڵیاتی قوورسی عوسمانییەکانیش بەسەر توورکمانەکانەوە یارمەدیدەری هەڵکشانی ئەوان بەرەولای سەفەوییەکان بوو. بایەزید بۆ دامرکاندنەوەی ئەم مەترسییەی ئێران هەوڵی کۆچپێدانی تورکمانەکانی دا بەرەو مورە لە ڕۆئاوای خۆی، بەڵام ئەوان لە ١٥١١ شۆڕشیان کرد و ئەم کۆچە ئیجبارییە سەری نەگرت. سەلیم کوورە گەورەی بایەزید باوکی خۆی ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە ئەکات و خۆی لە جێی باوکی دادەنیشێت و بە بێڕەحمی بەناوبانگ بووە، بە جۆرێک کە تەنانەت براگەورەکەی خۆی ئەحمەد و هەموو برازاکانی کوشت و برا سێهەمەکەشی کە لە دژی ڕاوەستا بەدیل گرت و ئەویشی کوشت و هێزەکەی هەڵوەشاندەوە! ئەوجار کەوتە شەڕ لەگەڵ سەفەوییەکان لە ئێران. سەرەتا شیعەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاناتۆلی سەرکووت کرد و چل هەزار نەفەری لێ کووشتن، ئەوجار لەشکری بەرێ کرد و لە چاڵدران گیرسانەوە و لە ٢٣ی ئاوڕیلی ١٥١٤ کەوتنە شەڕ. عوسمانییەکان ببوونە خاوەن تۆپخانە و ئەمە شەڕی بەقازانجی ئەوان تەواو کرد و سەفەوییەکان ڕایانکرد و ناوچەی شەڕیان بەجێ هێشت. سەلیم پاشا لە ٥ی سێپتامبر شاری تەورێزی داگیر کرد. لە ١٥١٦ و ١٥١٧ سوارکارانی مەمالیکیان شکست پێهێنا و ناوچەکەیانیان داگیر کرد کە دەکەنە سورییە و میسر و حیجاز (سعودییە و ئوردۆن) ئەوجار خۆیان بە وارسی پارێزگاری لە ناوەندە گرنگەکانی ئیسلام واتە مەکە و مەدینە ئەزانیی و سوڵتان سەلیمی بێڕەحم و قاتڵی چەند برا و دەیان برازای خۆی و هەزاران مرۆڤێ دیکە، خۆی کردە گەورەترین فەرمانڕەوای جیهانی ئیسلامی سوننە. عوسمانییەکان هەروەها لە ساڵانی ١٥١٥ بۆ ١٥١٩ باکوری ئەفریقاشیان بە یارمەتی هێزی زەریایی بەهێزیان داگیرکرد و کەوتنە شەڕ لەگەڵ پورتوگالییەکان و تا ناوەڕاستەکانی سەدەی شانزدەهەم بەردەوام بوون لەشەڕ. شەڕی ئەمدووانە هەر تەنیا شەڕی ئیسلام و مەسیح نەبوو، بەڵکوو شەڕ بوو بۆ بەدەستهێنانی هێژەمۆنیی بازرگانی زەریای هیند و بازاڕی ئەدوییەجاتی هیندیی. سەلیم لە ١٥٢٠ مرد و کوورەکەی بەناوی سلیمان بووە جێگریی. سلیمان سوڵتانی لاو دیسان درووشمی غەزا و جەهادی بەدەستەوە گرتەوە و شەڕی لە دژی مەسیحییەکانی ئوروپا ڕاگەیاندەوە. لەم سەردەمەدا شارۆڵی پێنجەم لە سلسلەی هابسبورگ لە ئوروپا سەرۆکی مەسیحیە کاتۆلیکەکان بوو کە ئەویش خۆی لەگەڵ فرانسوای یەکەم (پرۆتستان یا ڕیفۆرمیستەکان) لە بنەماڵەی والوا لەسەر ئەمەی کامیان بەرحەقن، دەرگیر بوون. سلیمان دیسان ئەم هەلەی قۆستەوە و بلگراد و دوورگەی ڕودسی داگیر کردەوە. بلگراد وەک هەمیشە دەروازەی گرتنی مەجارستان و ئوروپای ناوەندیی بوو و دوورگەی ڕودسیش بۆ زاڵبوون بەسەر زەریای مەدیتەرانەدا بۆیان گرنگ و پێویست بوو. لە ٢٩ی ئاوگوستی ١٥٢١ بلگراد داگیرکرا و لە کریسمەسی ساڵی داهاتوودا لە ٢٥ی دێسامبری ١٥٢٢ پاش گەمارۆیەکی درێژماوە چوونە ناو کۆشکی سێن ژان لەم دوورگە و سوارکارەکانی سێن ژانیان لەوەی وەدەرنا. بەمشێوە لە سەردەمی سەڵتەنەتی سلیماندا عوسمانییەکان هەوکات لە ئوروپا و ئێران و مەدیتەرانەش لە پێشڕەویدا بوون. عوسمانییەکان لەگەڵ هابسبورگییەکانی ئوروپا کە بەشوێن

سەپاندنی کاتۆلیک و قودرەت بەسەر هەموو جیهاندا بوون، بەردەوام لەشەڕدا بوون. پاش ئەوەی کە لە ١٥٢٥ فرانسوای یەکەم لە پاویی بەدەست هابسبورگیەکانەوە شکستی خوارد، فەرانسەوییەکان هاوپەیمانییەتێکیان لەگەڵ عوسمانییەکان پێکهێنا و ئەمە بووە هۆی دروستبوونی موازنەی هێز لە ئوروپا و دەستی هابسبورگییەکان کورت بووەوە و ئەمە لە قازانجی پەرەسەندی پرۆتستانیش بوو. لەمسەردەمەدا زەریاداری عوسمانی بەناوی خەیرالدین بارباڕۆسا (ڕیش سوور) ئەلجەزایری کردە هاوپەیمان و ژێردەسەلاتی عوسمانی و لە تونسیش لەگەڵ شاڕۆڵی پێنجەم بە تەوافوق گەیشتن. لە ساڵی ١٥٣٨ لەناوچەی پرەوتسا لە یونان زەربەیەکی توندی هێزی زەرياييان لە هێزەکانی ڤێنیز وەشاند و شکستیان پێهێنان و بەمشێوە زەریای مەدیتەرانە تا ساڵی ١٥٧١ و شەڕی لێپانت، کە شکستیان خوارد، لەژێر دەسەلات و نفوزی عوسمانییەکاندا بوو. بەمشێوە سلیمان ببووە گەورەترین فەرمانڕەوایەکی موسوڵمان کە جیهانی ئیسلام (سووننە) تا ئەوکات بەخۆیەوەی بینیبوو. عوسمانییەکان دووجار تەوریزیان داگیر کردبوو و هەموو جارێک کە لە ئوروپا بەشەڕ دەهاتن و پێویستیان بە هێز دەبوو و تەوریزیان نیوە چۆڵ دەکرد، سەفەوییەکان ئەیانتوانی تەوریز بستێننەوە، تا ئەوەی کە بە پێی پەیماننامەی ئاماسیا لە ٢٩ی مانگی مای ١٥٥٥ تەوریز بۆ هەمیشە درایەوە بە سەفەوییە لە ئێران بەو مەرجەی سەفەوییەکان دەست لە هێرش و تەبلیغ لەدژی عوسمانییەکان هەڵبگرن و بەکردەوە ببوونە پارێزەری سنوورەکانی عوسمانی لە ڕۆژهەلاتی ئاناتۆلی و ئەمەش نزیکەی چارەکە سەدەیەک بەردەوام بوو! کاتێک عوسمانییەکان لە سنورەکانی ڕۆژهەلاتی خۆیان ئەرخایەن بوون دیسان بەرەو ئوروپا هەڵکشانەوە، ١٥٦٥ شەڕێکی قورسیان کرد بۆ داگیرکردنی دورگەی ماڵت، بەلام تێدا شکستیان خوارد. ساڵی دواتر شەڕی مەجارستانیان کردەوە و لەمکاتەدا سلیمان ببووە حەفتاد ساڵ و بەزەحمەت ئەیتوانی خۆی بەسەر ئەسپەوە بگرێت. بەلام ئەیزانی هێزەکانی تەنیا کاتێک شەڕکەری چاکن، کە خۆی لە نزیک شەڕەکان بێت، بۆیە بە هێزێکی دووسەد هەزار کەسییەوە لە یەکی مانگی مای ١٥٦٦ بەرەو مەجارستان لەشکری کێشایەوە و ئەمە ئەخیر شەڕی ئەو بوو، لە پێنجی سێپتامبردا لەکاتێکدا کە چگتواریان گەمارۆ دابوو شەو لە خێمەکەیدا ئەمرێت. مردنەکەی ئاشکرا ناکەن، تا ئەوەی کە کوڕەکەی دیسان بەناوی سەلیم لە ئیستانبوڵ سەڵتەنەت ئەگرێتە دەست.

شەڕەکانی عوسمانییەکان بەمانەش کۆتاییان پێنایات و هەر درێژەیان ئەبێت تا شەڕی یەکەمی جیهانی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کە عوسمانییەکان بۆ هەمیشە شکست دێنن و لە تورکیە مستەفا کامال کە بە ڕواڵەت پیاوێکی عیلمانی و سێکولار بوو دەسەلات ئەگرێتە دەست. لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا تورکەکان لە هەموو ئوروپا و ئەوانەش کە چەندین سەدە داگیریان کردبوو، وەدەر دەنێن و لە تورکیای ئەمڕۆ ئێزنیان پێدەدرێت کۆماری تورکیا دابمەزرێنن. پاش پەیماننامەی ئاشتی سێڤێر بڕیار ئەدرێت حکومەتێکی کوردیش لە ناوچە کوردییەکان لە نێوان ئێران و تورکیا و ئێراق و سوریە و ئەرمەنیا دابمەزرێت، بەلام مستەفا کەماڵ لە دژی ئەوێستێتەوە و کوردیش خۆی پیاوی نەبووە بەری مستەفا کەماڵ بگرێت، بگرە بەهۆی موسوڵمان بوونی تورکانەوە بە برای موسوڵمانیان زانیون و هاوڕاشیان بوون. بۆیە لە ٢٤ی ژولای ١٩٢٣ بڕیارنامەی لۆزان ئەبەسترێت و خاکی لەمێژینەی ئەژدادیی کوردان بەسەر پێنج وڵاتدا داگیر ئەکرێت و کورد کە هەر خەریکی خۆخۆری بووە تازە بە خۆی ئەزانێت چی بەسەر هاتووە، بەلام تازەودووا درەنگ بووە. کورد ئەگەرچی خۆیشی ئیسلامی زۆرەملەی قەبووڵکردووە بەلام تووشی سێ نەتەوەی هار و موسوڵمان لەناوچەکە ئەبێتەوە و بە ناشیرینترین شێوەکان ئەچەوسێندرێتەوە، بۆیە لەئەگەری بەرگریکردن لەخۆی تووشی شەڕی ماڵوێرانکەر و نابەرابەر ئەبێتەوە کە تا ئەمڕۆکەش کەم تا زۆر بەردەوامە.

درێژە پێدانی ئەم مێژووە ئەبێتە هۆی درێژتر بوونەوەی ئەم باسە کە مەبەستی کتێبەکە نییە. ئەمەندە مێژووەم بۆیە لێرە هێناوەتەوە بۆئەوەی بزانین قومێکی قەرەچی بچووکی ماڵباتی عوسمانی تورک نیوەی دنیای داگیرکرد، بەلام کورد لەسەر خاکی خۆی هێشتا ئاوارەیە!!

**ئەوەی لە مشک بێت جەواڵ ئەدڕێت!؟**

سەفەر تازە لە گەسک لێدانی دووکانی حاجی برایم ببووەوە کە لە ناکاو، دوو پیکابی جامڕەش لە بەر دووکانەکە ڕایانگرت و وەک ئەوەی لە پڕ تەرزە دایکردبێت، حەوت هەشت دانە عەرەبزمانی چەک و دەمانچە بەدەستی سەروچاو بەستراو بە جلوبەرگی مەدەنی خۆیانکرد بەناو دووکانەکەدا و لەگەڵ حاجی بەدەنگی بەرز کەوتنە قسەکردن. ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ ئەوەی کە دوانیان دەستبەجێ سەفەری چواردەساڵەیان، بە بێ ئەوەی هیچ پرسیارێکی لێبکەن و وەک ئەوەی مەڕی قووربانییان بۆسەربڕین لەبەردەستدا بێت، بەتووندیی فڕێدایە سەر مزایکە مەڕمەڕینەکانی کەفی دووکانەکە و تەوێڵی تووند لەعەرز درا و ژانێکی تووندی خستە سەری و گێژیکرد، چۆنبوو بێهۆش نەبوو زۆرتر لە هەڵکەوت و پەرجۆ ئەچوو. هەر لەوێ کەلەپچەیان کرد و تەلیسێکی زبر و ڕەشی چادرییان کرد بە سەریا کە ئیتر چاوی هیچکوێی نەدەدیی. ئەوجار بە دووان هەڵیانستاند و ژێربالیان گرت و بە پەلە و بە قاچەخشکە خستیانە ناو یەک لە پیکابەکان و یەکیان لە لای دانیشت و ئەویتریان لە پشت دەرگای پیکابەکە بەحەرەس و دەست بەچەک ڕاوەستا. سەفەر زۆر پەشۆکابوو و هاوکات زۆریش ترسابوو و بۆ چەند چرکەیەک هەر نەیزانی چ ڕوویداوە و چ ڕوودەدات و ڕەنگە زەربەکەی سەریشی کە وەعەرز کەوتبوو کارتێکەری لەسەر ئەم بێهۆشییە کاتییە هەبووبێت. هەندێک کە سەرخۆی هاتبووەوە تازە هەستیکردبوو بەدووان ژێربالیانگرتووە و ئەیبەن و قاچەکانی لەعەرز ئەخشکێن، ئەوجار زانیی گیراوە و تازە سەرنجی بۆلای دەنگە دەنگی بەرزی حاجی و عەرەبەکان ڕاکێشرا. بەلام هیچ تێنەدەگەیشت. هێندەی نەبرد کە هەستیکرد هەموو سووارببوون و دەرگاکان شەق پێوەدران و پیکابەکان بە خێرایی ڕێکەوتن، بەجۆرێک کە سەفەر بەملاولادا ئەکەوت و ئەگەر ئەو دوو موخابەراتییەی لای دەستی نەیانگرتبایە لە مێژبوو کەوتبووە سەر کەفی پیکابەکە. تەڕاییەکی گەرم گەیشتبووە چاوی، ئەبێ خوێن بێت. بۆنی تووندی ناو پیکابەکە و بەملاولاداکەوتنی بە دەستی بەستراو و سەروچاوی داپۆشراو، حاڵەتی ڕشانەوەیەکی خەفیفیان بۆهێنابوو و ئەگەر پیکابەکەی بەزوویی ڕاینەگرێت ئەڕشێتەوە. هاوکات بیری دەکردەوە بزانێت چ ڕوویداوە؟ موخابەڕات چۆن پێیانزانیوە؟ تۆ بڵەی حاجی فرۆشتبێتی؟ حاجی بە زێرنگەرییەکەیدا دیارە کە پێویستی بە پارە نییە و قسەکانیشی لەدووکان دەریان دەخست کە هەندێک لە مێژووی نەتەوەکەی خۆی ئەزانێت و ڕەنگە دەستی نەچێتە خیانەت، بەلام ئەگەر بەمحاڵەش کاری خۆی بێت حەتمەن بۆ خۆشخزمەتیی عەرەب کردوویەتی؟ نا بابە کاری ئەو نییە، ڕەنگە تەلەفونەکەی کۆنترۆڵ کرابێت، یا تەلەفوونی ئەوانەی کە ئەم قسەی لەگەڵ کردوون لە کۆنترۆڵدا بووبێت و حاجی پێوە بووبێت؟ یا لەوانەشە یەک لەوانەی حاجی متمانەی پێی کردووە، ڕاپۆرتی دابێت؟ ئەی ئەگەر کاری حاجی خۆی نییە، بۆچی حاجی نەگیرا؟ هیچ نازانرێت جارێکە و ڕەنگە سەفەر هەرگیز سەر لەم معەمایە دەرنەهێنێت! پیکاب ڕایگرت و دەرگاکراوە و دایانگرت و لە ژێر تەلیسەکەدا هەوایەکی دەرەوەی هەڵمژیی و خوێن گەیشتبووە ناو دەمی و سوێرایی دەکرد. بردیان و کەوتنە پشکنینی گیرفانەکانی و ئەوەی تیایبوو هەڵیانڕشت. ئەوجار لەسەر کورسییەک دایاننا. بە شەقەی دەرگا ئاسنیەکاندا زانی خراوەتە ژووری زیندان.

هێندێک بە عەرەبی بەرز لەگەڵی دووان و ئەویش تێنەدەگەیشت. ئەوجار ڕۆیشتن و تەنیا یەک کەس مایەوە و قسەی لەگەڵ ئەکرد و جار جارەش زللەیەکی تووندی تێ ئەسرەواند یاخود مشتێکی ئەکێشا بە پەنا گوێچکە و سەر و پشتەملیدا. سەفەر حاڵی نەدەبوو، تەنیا وشەی "ئێرانییە" حاڵی ئەبوو، بەلام ئیتر ترسی نەمابوو، ئەوەی نەدەبوو ڕووبدات تازە ڕوویداوە. لەمکاتەدا بیری خاڵە حەمەی باوکی کەوتەوە کە جاروبارە حەدیس و ڕەوایاتی ئیسلامی بۆ ئەگێڕایەوە و باسی لێپرسینەوەی ناو قەبری بەپێی ڕەوایەت بۆ ئەکرد، باوکی هەردەم لەمکاتانەدا ڕستەیەکی بەلاوە گرنگ بوو کە بیڵێت بۆ ئەوەی سەفەر لە نوێژنەکردن بترسێنێت، پێی ئەوت: "پاشان کە مرۆ مرد و خستیانە ناو قەبر و سەریان بەگڵ داپۆشی و قورئانیان بەسەردا خوێند و فاتحا دادرا و تەواو بوو و مەلا وتیی دەی خەڵکینە خوا خێرتان بنووسێت و هەستن با بڕۆین، مردووەکەش کە گوێی لە قورئان و فاتیحاکانە، ئەویش ئەیەوێت هەستێت لەگەڵ جەماعەت و بڕوات لەگەڵیان، لەمکاتەدا کە ئەیەوێت هەستێت سەری لە بەردی ئەڵحە ئەدرێت و تازە ئەزانێت کە مردووەکە خۆیەتیی، جا ئەگەر نوێژی کردبێت ئەوە دڵخۆشە! وە ئەگەر نوێژی نەکردبێت ئەڵێت، "ئەمە ڕۆژەکە بوو کە لێی ئەترسام"! سەفەر بەم بیرکردنەوە لەبەر خۆیەوە وتیی، ئەمە ڕۆژەکەبوو کە هەردیی و گوڵاڵە و حاجی

برایم لێی دەترسان! ئەیەویست ڕۆحییە بەخۆی بدات و وەبیر خۆی بێنێتەوە کە ئەو ناترسێت و نابێت بترسێت! سەفەر تێگەیشتبوو کە هەندێک شت لەبارەیەوە ئەزانن، بۆیە لەبەرخۆیەوە وتی ئیتر چ دەبێت با ببێت و خۆی سپارد بە دەست چارەنووسەوە. وەعدیشی دابوو بە حاجی برایم کە ئەگەر گیرا و ئەشکەنجەشی کەن هەر نەیفرۆشێت.

کات وەستابوو، یا ڕەنگە کات خێراتر بووبێتەوە، سەفەر لەناوخۆیدا بوو و هەر بیری لە بەسەرهاتەکە دەکردەوە، لەپڕ دەنگە دەنگێک پەیدا بوو و یەکیتر خۆیکرد بە ژوورەکەدا و لەسەفەر نزیک بووەوە بەجۆرێک کە دەنگی هەناسەی ئەبیست و زانی لە بەرانبەری دانیشتووە. بە کوردییەک کە شێوەزاری هەندێک نامۆ بوو بە گوێچکەی سەفەر کەوتە پرسیار کردن.

- ➢ خەڵکی کوێی؟
- ➢ بانە.
- ➢ بانە لە کوێیە؟
- ➢ شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە!
- ➢ شەتەرەق، گەلەنگەدەنی دەمانچەیەک لێدرا و بە پشتی دەمانچە کێشای بە پەنا گوێیا بە جۆرێک کە پەناگوێی تەڕ بوو و هەستیکرد خوێن فیچقەی کردووە و هاوکات جاشەکە بە دەنگێکی زۆر بەرز نەڕاندیی: ئەحمەق هەر ئێستا ئەتکووژم، تەنیا ئەو گووە بخۆرەوە کە ئێستا خورادت! [7]
- ➢ بانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، هەی جاش!!
- ➢ بەهههههههههههه مممممممممممممم، ناڵەی ترسناکی گوولەیەک!
- ➢ کووژرام ☆✞✞ سەفەر پێیوابوو تەواو بووە، بەڵام بیری کاری دەکرد!
- ➢ نا،ماوم، حەتمەن بریناداری کردووم و گەرماوگەرم بە خۆم نازانم. ئاخر سەفەر لە تەمەنی دە ساڵاندا جارێک لە بانە لەبەر دووکانی باوکیدا بە هۆی تەقاندنەوەی نارنجۆکی چالاکێکی حیزبیی لە بەر پێی دوو سەربازی سفردا کە بووە هۆی تیکە تیکە بوونیان لە سەر شەقامی قازی محەمەی کۆن و خومەینی نوێ، بریندار ببوو. ئەوکات باوکی چووبوو بۆ مزگەوتی سەیرەزا بۆ ئەوەی نوێژی عەسری بکات، بۆیە سەفەری دە ساڵان کە زۆر زۆر ترساو و پەشۆکابوو بە گریان ڕائەکات بەرەو مزگەوت بۆلای باوکی، هەر بۆیە هیچ بەخۆی نازانێت کە بریندار بووە، تا ئەوەی کە باوکی و خەڵکێکی زۆریدیکە کە بە هۆی بیستنی ناڵەی نارنجۆکەکەوە نوێژیان بەجێهێشتبوو، پێی ئەگات و ئەیگرێتە باوەشی. ( وەکوشتێک لەمکاتەدا کەس بڕوای بە مووقەدەر و ئەجەل و ئەوەی کە مەرگ تەنیا بەدەست خوودایە، نەمابوو! نا، ڕەنگە تەنیا بۆ یارمەتیدانی بریندارەکان ڕایانکردبێتە دەرەوە و نەک لە ترسان!)، تازە سەفەر لە باوەشی باوکیدا پێ ئەزانێت کە ناو پێڵاوی چەپی تەڕ بووە و ئاوێکی گەرمی تیایە! بەڵام باوکی زوو خوێنەکەی بینیوە و زانیویەتی سەفەر بریندار بووە و بەپەلە بۆ ئامبووڵانسێک، ماشینێک، تەکسییەک ... ئەگەڕێت سواریکات و بیگەیەنێتە نەخۆشخانەی سەلاحەدینی ئەیوبی. پاش ئەو هەموو ڕاکردن و بەسەرهاتە، تازە وردە وردە کە لە باوەشی خاڵە حەمەی باوکیدا ئارامی گرتووە، ژانێکی قوورس قاچی چەپی ئەگرێتە خۆی و هەر دێت و تەحەمموولکردنی بۆ سەفەر دژوارتر ئەکات، کە ناچاری ئەکات پڕبەهاواریی بگریی! [8] بۆیە سەفەر لێرە لە بەندیخانەش بەهۆی ئەو ئەزموونەی چوار ساڵ پێشتری، وائەزانێت دیسان ئەم جاشە بریناداری کردووە و

[7] نووسەر خۆی ئەم بەسەرهاتەی ساڵی ١٩٩٤ لە تورکیا بەسەرهاتووە. کاتێک پاش ماوەیەک پێشمەرگایەتیی بە چەند هۆیەک چەک دادەنێت و ئەڕوات بۆ تورکیا، لە یوئێن پێی دەڵێن کە ئەبێت لای پۆلیسی تورک کەیسی هەقیقیت بڵەیت و ئێمە پشتیوانیت لێدەکەین و مەترسە دیپۆڕتت ناکەنەوە حکومەتی تورکی قەراردی لەگەڵ یوئێن بەستووە. نووسەر ئەچێت بۆ موساحەبەی پۆلیس، لەوێ لەکاتی پرسیاری "خەڵکی کوێی؟" کە میتی جاشکوردی تورکیی بەناوی عەدنان لێی ئەپرسێت لەوڵامدا ئەڵێت: خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم، کە عەدنان دەمانچەی لێ موسەلەح ئەکات و ئەیخاتە سەر سەری و ئەگووڕێنێت بەسەریدا و پێی ئەڵێت پرسیارەکەت لێدەکەمەوە ئەگەر ئەو وشە گووە بڵەیتەوە هەر لێرە ئەتکووژم. بە نێوبژیوانیی و داوای موتەرجمی فارس بەناوی مووسا کە موجاهیدینی بوو، نووسەر ئەوجار ئەڵێت کوردی ئێرانم و عەدنانیش واز دێنێت و نووسەر دووایی ئەمە ڕاپۆڕت ئەکاتەوە بە یوئێن و هەر ئەمەش کەیسی پەنابەرییەکەی پێش ئەخات و زووتر لە مەوعد وڵامی قەبووڵی ئەگرێت. ☺ نووسەر ئەم بەسەرهاتە بۆ ون نەبوون و ناساندنی ڕادەی دژی کوردستان بوونی داگیرکەران ئەنووسێتەوە، بەڵکوو نەوەکانی داهاتوو بیخوێننەوە و بیزانن!

[8] نووسەر خۆی لە دەساڵیدا ئەم کارەساتەشی بینیوە و بەسەریا هاتووە و بریندار بووە، بۆیە لێرە پاڵەوانی چیرۆکەکەی پێ تەشریح ئەکات!

هێشتا گەرماوگەرمە و بەخۆی نەزانیوە! لەوانەشە لەسەر دڵی دابێت و هەر ئێستایە کە بمرێت! گوێچکەی زرررررر زرررر ئەزرینگێتەوە، لەبەرخۆیەوە ئەڵێت مردم، لە ئازاری گوێچکەی لە هۆش ئەچێت!

هۆش خۆی دێتەوە، نازانێت چەندە لەبێهۆشی یا خەودا بووە، ئەبینێت نیوەساخ و سەلیمە و نەمردووە، بێغیرەت درۆی کردووە لەگەڵم، نەیکووشتووم جاشی جەلاد، لە دڵی خۆیدا ئەیڵێت.

هەستی پێدەکەن کە هۆش خۆی هاتۆتەوە، پرسیار دەست پێدەکاتەوە:

- دەی پێمان بڵێ ئەم ڕۆژهەڵاتی کوردستانەی تۆ خەوی پێوە ئەبینیت لە کوێیە؟ لە مانگە؟ نا نابێت لەوێ بێت، مرۆڤ چووە بۆ مانگ لەوێ نەیانبینیوە، حەتمەن ئەبێ لە مریخ بێت؟
- نەوەڵا کەرە هەر ئێستا تۆ خاکەکەیت داگیر کردووە وا خەریکی قسە بە زمانەکەی ئەکەیت و ئەمزمانەش وەک خۆت چەپەڵ ئەکەیت.
- بەدەنگی بەرز: هەتیو ئەتکووژم واز بێنە، مناڵی بۆیە تا ئێستاش ماویت، بەڵام ئەزانم غیرەتت زۆر خواردۆتەوە، تائێستا تووش گوونڕەشی خۆت نەبوویتە، ئەشزانم ئاقبەتت ئێعدامە، با مناڵیش بیت، ئێمە دەستمان قوورسە و دەست ناپارێزین.
- چیت لەدەست دێت بیکە، نە تۆ و نە سەرۆکەکانت هەرگیز ناتوانن کەسێک بکووژن کە زۆرجار کووژراوەتەوە و ئەمەش هەر غیرەت نییە، بڕوایە، ئیمانە، ئیرادەیە، کە ئێوە هیچکامیانتان نییە!
- دەمت داخە بزانم، چیدەکەی لە سلیمانی؟
- سەفەر هەستیکرد ئەم جاشە ئارامتر بۆتەوە با ئەمیش هەندێک ژیرانەتر وڵام بداتەوە بۆ ئەوەی خۆی لەم مەهلەکە ڕزگار بکات و وتی: هاتووم ببم بە پێشمەرگە دژی جمهوری ئیسلامی شەڕ بکەم.
- بەڵام ئێمە شتی ترمان بیستووە لە بارەی ئێوەوە!
- مەبەستت چییە ئەڵەیت لەبارەی ئێوەوە؟ هەر چیتان بیستووە، تەنیا ئەمەی کە خۆم ئەیڵێم عەینی هەقیقەتە. سەفەر لەڕاستیدا شتێکی لەم بابەتەی بە هەردیی و گوڵاڵە و حاجیش وتبوو، تەنانەت گوڵاڵەی کچی حاجی دژی بوونی بە پێشمەرگە بوو و لەگەڵ گەڕانەوەی بوو بۆماڵەوە.
- زللەیەکی دیکەی لێدا و وتی تۆ درۆ دەکەیت، ئێمە ئەزانین کە حکومەت ناردووتانی بۆ سیخوڕی و زێرەڤانی!
- سیخوڕ و زێرەڤان چین؟
- جاسوسی!
- جا قیافەی من بە جاسوس ئەخوات؟ لەدڵی خۆیدا وتیی، کەرە!
- سیخوڕی بە قیافە نییە، ئێران لە جەبهەش زۆر کەڵک لە منداڵانی وەکوو تۆ وەرئەگرێت.
- بەڵێ ئەوانەی ئەچنە سەر مین و ژێر تانک بە کلیلی بەهەشتەوە، بۆ ئەوەی گوایە شەهید ئەبن و یەکڕاست بەرەو ماڵەکەیان لەبەهەشت ئەچن، ئەو کەرانە فارس و تورکن و شیعەن. من کوردم و ضدی جمهوری ئیسلامیم.
- یەکیتری کێشا بە سەریا و وتی ڕاستی بڵێ بزانم، ئێمە ئەزانین کە تەنیا نیت و ئێوە چەند کەسن کە هاتوونەتە ناوەوە، تۆیان ناردووە هەواڵ و زانیاری و خواردنیان بۆ کۆبکەیتەوە و هەواڵەکانیان بۆ بەریت بۆ خانە تیمییەکانیان! ئەگەر ڕاستیی بڵەیت ناتکووژین، بەرت ئەیەین و مەعاشیشت بۆ ئەبڕینەوە بۆخۆت لە سلیمانی بژیی.
- من ئەو پارە گڵاوەم ناوێت، نابمە جاشی کەس.
- ئەمە تاکتیکی ئێوەیە کە کەڵک لە مناڵ وەردەگرن و ئێمە زۆر چاک ئەزانین ئێوە چۆن کار ئەکەن. تۆش هاتوویت بەقسەی خۆتان شەهید ببیت، خۆ دیارە بە قسەکانتا... کێشە نییە، هەر ئەمڕۆ ئەتنێرم بۆ دۆزەخ!
- ئەمە ئەبێت چ تاکتیکێک بێت کە بە دووڕۆژ ئاشکرا ببێت؟ ئەوجار من موسوڵمان نەماوم تا بڕوام بە شەهادەت و بەهەشت و دۆزەخ هەبێت.

- ئەی ئەگەر موسوڵمان نیت، خۆت بە چی ئەزانیت ئێستا؟
- نازانم، جارێ هەر ئینسانم و هیچ بەرچەسپێکم پێوە نییە!
- تۆ یەک مانگە لە سلیمانیت، ئێمە ئەزانین!
- هەی هۆۆۆۆۆ، خۆ دیارە ئێوە هیچ نازانن!
- بە شەق و مستەکۆڵە و زللە کەوتەوە گیانی و لە کورسییەکە خستییە خوارەوە و هاوکات جنێو و فەزیحەتی پێ دەکرد و ئەیگووڕاند بەسەریدا، ڕاستمان پێ بڵێ بزانم، ئەوانیتر لە کوێن؟ دەنا جیهازی ئەشکەنجە ئەخەمە کار...
- وەک پێتموت، من تەنیام و هاتووم ببمە پێشمەرگە بەر ضدی جمهوری ئیسلامی. ئەگەر من بەرن بۆلای پێشمەرگەکانی ئەودیو یا پێیان بڵێن کە من لێرەم و وادەڵێم، ئەوان ئەزانن کە من هەقیقەتتان پێ دەڵێم.
- پێشمەرگەی ئەودیو خۆیان لێرە پەنابەرن و ناتوانن قەزاوەت بکەن.
- بەڵام ئەوان لە دژی ڕژیمی ئێران شەڕ ئەکەن و خانەوادەی منیش ئەناسن و خاڵم پێشمەرگەیانە.
- خاڵت کێیە؟ ناوی چییە؟
- جەعفەر حەیدەری بانە
- ئێستا لە کوێیە؟
- نازانم، منیش بەدووایدا ئەگەڕێم، بۆیە هاتووم بۆ سلیمانی.
- ئەویش هاوکاری ئەکات لەگەڵ تیمەکەتاندا؟
- ئەو پیاوێکی شۆڕشگێڕە، دەست ڕژیمی ئێران بکەوێت، ئەنجن ئەنجنی ئەکات!
- ئەمە بە قسەی تۆ؟ هەڵبەت ناردوویانیت ئەو بدۆزیتەوە و تیمەکەتان بیدزن یا بیکووژن.
- من کە شەرافەتم ئیزنی جاشبوونم پێ نەدات، ئیزنی دزین و کووشتنی خاڵیشمم پێنادات. ئەمشتانە لە ئێوە ئەوەشێتەوە، جاشی خوێڕی!
- بەس گوو بخۆ هەی هیچوپووچ!
- دیارە چەند نەجیبیت، باوکی خۆت ئەناسیت ئەسڵەن؟
- لەدووکانی حاجی چیت ئەکرد؟
- چووبوم پرسیاری لێبکەم.
- ئەی ئەو گەسکە چیبوو بە دەستتەوە؟
- کەوتبوو لەبەر پێدا، هەڵمگرت و لامبرد لە سەر ڕێگاکە.
- درۆ ئەکەیت، چاومان پێوەبوو گەسکت لێدەدا! جاش دیسان زۆر تووڕە ئەبێتەوە و هەمدیسان لێی ئەداتەوە، بەڵام لێدانەکەی کەم ئازارترە.
- جا گەسک لێدان بۆ قەدەغەیە! سەفەر گاڵتەی پێدەکات و هاوکات هەست ئەکات ئەم جاشە یا دڵی بۆی ئەسووتێت، یا ئەمکارەی بەزۆر پێدەکەن، دەنا بەم وڵامانەی ئەم ئەیداتەوە تا ئێستا دەجار کووشتبوویان، چوون ناوبانگی دڵڕەقی و بێڕەحمیی ئیتیخباراتی ئێراقی بیستبوو، تێناگات چ باسە ...

پرسیار بە دووای پرسیاردا، پێداگریی موخابراتیی جاشزمان لەسەر سیخوڕبوونی سەفەر و پێداگریی سەفەر لەسەر هاتنی بۆ بوون بە پێشمەرگە لە دژی ڕژێمی ئێران. هەموو گیانی سەفەر کەوتبووە ژان، کزانەوە و ژانی تەوێڵە شکاوەکەی، پەنا گوێچکەی و زرنگانەوەی، جێگا شەق و مشتەکانیان بەسەر جەستە ناسکەکەیەوە، حاڵەتی ڕشانەوە و بێزاریی و تووڕەیی. بەڵام هیچکام لەمانە نەبوونە هۆی ئەوەی کە سەفەر فرمێسکێکیش برێژێت یا لێیان بپاڕێتەوە کە لێی نەدەن و وازی لێبێنن. ئەمە بڕیار و پەیمانێک بوو کە سەفەر لە دەروونی خۆیدا بەخۆی دابوو. ڕەنگە تەنیا غوروورێکی کازب و بێکەڵک بێت، بەڵام بۆ سەفەر گرنگ بوو کە ئەبێت ئەو وەها بێت، پێیوابوو دووژمنی ئەو بێ بەزەییە لە ئاستیدا، کەواتە ئەویش ئەبێت بێبەزییانە مەغروو و خۆڕاگر بیت، ڕۆڵ و دەنگ و نەوای قووربانیبوون مەترسیدارترین نەوایە لەمکاتەدا ئەگەر بچێتە دڵی سەفەرەوە و خێرا ئەیرووخێنێت و ئیرادەی ورد و خاش ئەکات

بەسەریەکدا. کێ پێی وتبوو تۆ ئەبێت وابیت، خۆیشی نەیدەزانی، تەنیا ئەیزانی کە ئەو ئەبێت وەها بێت ئەگەر بە نرخی لێدان و تەنانەت کووشتنیشی تەواو ببێت! ئەم نەدایە لەکوێوە هاتبوو؟ کێ پێیدابوو؟!

هەروا بە کەوتوویی و بە سەر و دەستی بەستراوەوە لەسەر زەوییە ڕەقوتەقە سمیتە فێنکەکە بەجێی دێڵن و شەق دەرگا ئاسنییەکە دادەخرێت. خوێن و چڵم و لیک بەدەمووچاویەوە تێکەڵ بەیەک بوون و زامەکانی ئەکوولێننەوە. سەفەر ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگیی لە جێی خۆیدا ئەمێنێتەوە بۆ ئەوەی کەڵک لە هەموو هەستەکانی، بێجگە لە بینایی کە ناتوانێت هیچ ببینێت، وەربگرێت و هەلومەرجەکە هەڵسەنگێنێت. پاش لێکدانەوەیەکی تەقریبی دائەنیشێت و ئەوجار هەڵدەستێتە سەر پێ. قاچی چەپی و لای سمتی ئازاریان تیایە و ئەشەلێت و ناتوانێت ڕاوەستێت. دائەنیشێتەوە. بەخشکە ئەیەوێت خۆی بگەیەنێت بە دیواری ژوورەکە و پێی ئەگات و پاڵ ئەداتەوە، ماوەیەک هەروا ئەمێنێتەوە و ئەوجار ئەیەوێت گەورە و چکۆلەیی ژوورەکە بزانێت، هەڵئەستێتەوە سەر پێی و پشت بە دیوار و بە خشکەپشت بەدیوارەکە بەلای ڕاستیدەستیدا خۆی ئەکێشێت. کاتێک دایاننیشاندبوو ئەیزانی دەرگاکە لە پشت سەریەوەیەتی، بەڵام پاش لێدانخواردنەکە حاڵەتەکەی ونکردبوو. تا گۆشەی دیوارەکە دوو مەترێک ڕۆیشتبوو و ئەوجار بەرەو گۆشەکەی دیکە ڕۆیشت و پشتی لە دەرگاکە درا، فێنک بوو و ئاوجار بە گۆشە گەیشت. تەقریبەن زانیی کە ئەبێت لە ژوورێکی دوو لە سێ مەتردابێت. دیوارەکانی دیکەشی تاقیکردەوە و گومانەکەی تەقریبەن ڕاست بوو. ئەوجار بۆ کورسییەکان گەڕا نەیدۆزینەوە، وادیاربوو لەگەڵ خۆیان بردبوویاننە دەر. بە پێی لێکدانەوەی خۆی نزیک کاژێرێک دەبوو تەنیا بوو و ویستی بە یارمەتی دیوارەکە سەری لەو گۆنییە ڕەشە بێنێتە دەر، بەڵام لە ژێر ملی توونديان کردبوو و دەرنەدەهات و لێی گەڕا و پاش ماوەیەک لەسەر عەرزە فێنکەکە بەلای ڕاستیدا کە ئازاری کەمتر بوو ڕاکشا و پشتی نا بە دیوارەکەوە و دیسان نووقمی بیرکردنەوە بوو.

لەپڕ لەو بێدەنگییەدا هەست بە تەنیاییەکی ترسناک ئەکات، بێکەسوکار، بێدەسەڵات، غەریب، برسیی، تینوو، کوێر، دەستبەستراو، بەدیلگیراو لەژێر دەستی کۆمەڵێک حەیوانی نائینساندا و ئەو هەموو ئازارە جەستەییانەش بەلای خۆیان. ئەمە چ بەربەرییەتێکە؟ چۆن ئەبێت لەگەڵ دیلێکدا بەمشێوە هەڵسوکەوت بکرێت؟ بەتایبەت کە دیلەکە مێرمنداڵیش بێت و بەدەم ئەم بیرانەوە لەسەر سمیتە فێنکەکە خەوی لێدەکەوێت.

لەپڕ خەبەری ئەکەنەوە، دیسان نازانێت چەنێک خەوتووە، دوو نەفەر دێن هەڵیئەستێنن و ئەیبەن بۆ ژوورێکی دیکە. لەوێ کووردەکە، ئەمجارە نەک بە زمانی هەڕەشە بەڵکوو بە زمانێکی نەرم پێی ئەڵێت، ئاخرین فورسەتت ئەیەینێ کە هەقیقەتمان پێ بڵەیت، پێنج خوولەک مەجالت ئەیەینێ، ئەگەر تا ئەوکات هیچ نەڵەیت و پێمان نەڵەیت تیمە جاسووسییەکەتان لەکوێ خۆی حەشارداوە هەر لێرە لە بن ئەم دیوارەدا ڕم (تیرباران) ئەکرەیت. سەفەر ئەڵێت، لەوە زیاتر هیچتان لەدەست نایات، منەتتان بە چڵە پووشێک! ماوەیەکی بێدەنگ تێپەڕ ئەبێت و جمەجم و پچەپچێکی جەمعییەت بە هێواشی لە گوێچکەیدا دەنگ ئەدەنەوە، بەڵام کەس هیچ ناڵێت، کات بەخێرایی تێدەپەڕێت، دڵی سەفەر زۆر توونـد لێدەدات، هیچ بەڕووی خۆیدا ناهێنێت و ئەیەوێت تا ئاخر توونـد و بەهێز لەسەر قاچەکانی ڕابوەستێت، نەکا دووژمن خەیاڵ بکات ئەژنۆی شکاوە لە ترسان. خەیاڵی ئەچێتەوە بۆلای دایکی و باوکی و برا بچووکەکەی و خووشکەکانی. لەدڵی خۆیدا داوای لێبووردنیان لێدەکات کە بەجێیانی هێشتبوو. گەلەنگەدەنی سیلاحێکی گەورە لە چەند میتری لێدەدرێت ڕەنگە کلاشینکۆف بێت، ئەوجار جاشەکە دێتەوە قسە و ئەڵێت جوان گوێبگرە هەی بێ ئەقڵ، حوکمی ڕمکردنت ئامادەی جێبەجێ بوونە. بەڵام هێشتا درەنگ نەبووە و مەجالی تیا ماوە و خۆت ڕزگار کە، تا دە ئەژمێرم، لە ڕەقەمی دە کووژراویت، ئەمەش وەک جاری پێشوو نییە، ئیتر خۆت ئەزانیت، ڕاستی بڵێ و خۆت ڕزگار بکە. سەفەر خەیاڵی دۆڕان و ڕووخانی نییە، وڵام ناداتەوە. ژمارە بێدەنگیی ئەشکێنێت: یەک....، دوو....، سێ....، چووواااررر.....، پێێێێنننجججج....، سەفەر میز ئەکاتە ناو شەرواڵەکەی بەڵام هەروا بێدەنگ و ڕەقوتەق وێستاوە، ئەها ترساویی، زووکە خۆت ڕزگار کە، تەنیا ناوی ماڵەکە بڵێ یا ناوی کەسێکیان یا گەڕەکەکەیان، شششششەەەەشششش....، حەوت....، هەشت...، نۆۆۆۆۆۆۆ...............، چەند دڵۆپە فرمێسکێک لە چاوەکانی سەفەر ئەتکێن و ئەوجار ئاهێک هەڵ ئەکێشێت، چاوەکانی لە ژێر تەلیسەکەوە

ئەبەستێت و لە دڵی خۆیداماڵئاوایی لە خۆشەویستانی و لە ژیان ئەکات و ئەوجار ئەگووڕێنێت و پڕ بە گەرووی هاوار ئەکات .... بژی کوردستان، بژی ئازادیی! .......... دە.........!

لەپڕ هەموو شتێک بێدەنگ بوو. هیچ تەقەیەکی نەبیست، بۆ چرکەیەک پێیوابوو مرد و تەواو بوو! سەفەر چاوەکانی ئەکاتەوە، دیسان ماوە! ورده ورده جمەجمی جەمعییەت زیادی کرد و کتووپڕ بوو بە چەپڵەڕێزان!!

ئەوجار بە هێواشی کیسەکە لەسەری لائەبرێت، چاوەکانی هێشتا بەجوانیی نەکراونەتەوە. ڕووناکی چەند پەنجەرەی گەورە ئازاری ئەدەن. هەندێک چاوی ئەکرێتەوە، پاشان باشتر لە جەماعەت ئەڕوانێت کە بە دەورییەوە ڕاوەستاون و بەردەوام چەپڵە لێ ئەدەن، هەندێکیان گریاون و چاویان سوور و تەڕە! ورد ئەبێتەوە لێیان، چەند پێشمەرگەیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حاجی برایم و هەردیی و گووڵاڵە و تەنانەت شەوبۆ و چەند کەسێکی تریش هەموو بە دەورییەوە وەستاون و چەپڵەیان بەردەوامە و بەسەرنجەوە سەیری دەمووچاوی سەفەر ئەکەن و ئەیانەوێت جوان ببینن بزانن پەرچەکرداری سەفەر چی ئەبێت پاش بینینی ئەم سورپرایزە! پێشمەرگەیەک لە پێنجمیترییەوە بە کامێرایەکی کانونی ڕەشی گەورە بەسەر شانییەوە فیلمی ئەگرێت بۆ یادگاریی و بیرەوەریی دوواڕۆژ! سەفەر پێیوایە خەو ئەبینێت، ئەژنۆی بەرگە ناگرێت و ئەکەوێتە سەر مێزەکەی خۆی، زللەیەک لە خۆی ئەدات، لەولایەی کە نائێشێت، ناکاکە بەخەبەرم لە دڵی خۆیدا ئەیڵێت. ئەوجار هەموو دەست ئەکەن بە پێکەنین و چەپڵەکانیان توندتر دەکەنەوە و یەک لە پێشمەرگەکان، ئەوەی ڕۆڵی جاشی کایە کردبوو ئەچێت بۆلای و باوەشی ئەگرێت و ئەیخاتە سەر کوورسیەک و خۆیشی تەڕ ئەبێت بە تەڕاییەکەی سەفەر بەڵام گوێی نایاتێ، ئەوجار بە میهرەبانی پێی ئەڵێت، هاوڕێ گیان من ناوم ئەمجەدە، ئەوەڵەن زۆرت داوای لێبووردن لێدەکەم بۆ ئەوەی لێتمداوە، ڕۆڵەکەم ئەمە بوو، ئەوەی بەسەرت هاتووە ئەمڕۆ هەمووی فیلم بووە و هیچ ڕاست نەبووە، تەبعەن بێجگە لە لێدان خواردنەکانی تۆ بەداخەوە، ئافەرەم هاوڕێ و هاوبیرمان، تۆ گەورەترین وانە و دەرسی ژیان و خەبات و خۆڕاگریی ناو سیاچاڵەکانت بە ئێمە گەورەترەکان دا، تۆ لە ئەزموونەکەت لەسەداسەد دەرچوویت و هەر لەمچرکەوە ئەندام و پێشمەرگەی کوردستانیت و لە نوێنەرایەتیی هەموو هاوبیرانمانەوە پڕبەدڵ پیرۆزبایی و بەخێرهاتنت لێ دەکەم. سەفەر هەر بەواقمانەوە سەیریان ئەکات و چاو ئەگێڕێت، بەتایبەت چاوی لە حاجی و گووڵاڵە و هەردیی و شەوبۆیە چوون ئەوان لە دوێنێ شەوەوە ئەناسێت و شەو پەنایان دابوو و تەبعەن ئەم فیلمەشیان بۆ ساز کردبوو. ئەمجەد درێژە بە قسەکانی ئەدات و ئەڵێ: هاوڕێم لە دووای ئەوەی هاوڕێیان دوکتۆرە سەبێحە و دوکتۆر کەریم زام و برینەکانتیان جوان پێچا و چاک بوویتەوە و ئیستراحەتێکی باشت کرد و جوان پشووت دا، ئەوجار حەوتووی داهاتوو دەورەکانی سیاسی و نیزامی تۆ لەگەڵ پەلی کاک شوان کە هەمووان خوازیارانی نوێی پێشمەرگایەتین، دەست پێ ئەکەن. تۆزێکیتریش ئەچین بۆ سێڵفسرویس کە بە بۆنەی تۆوە هاوڕێیان تەواوی ئەمڕۆ زەحمەتییان کێشاوە و بەرخێکیان سەربڕیوە و خواردنێکی باش درووست کراوە، هەموومان لەگەڵ پەلەکەت پێکەوە نان ئەخۆین با لەگەڵ ئەوانیش ئاشنا ببیت. سەفەر ئیتر خۆی پێناگیرێت و هۆڕە هۆڕە و بەکووڵ ئەگریی و فرمێسک تاڤگە ئاسا بە چاوەکانیدا ئەڕژێنە خوار. دەنگی گریانی لەسەر کورسییەکە بەرز و بەرزتر ئەبێتەوە و گیرسانەوە و تەواوبوونی بۆ نییە. پێنج خوولەکێک بە کووڵ ئەگریی، تەنانەت بۆخۆیشی هیلاک ئەبێت لە گریان و ئەیەوێت تەواوی بکات، بەڵام گریانی پڕ لە هەست و ئیحساسی نابڕێتەوە و هاوڕێیانی پێشمەرگە توند توند ئەیگرنەباوەش و خۆشیان هۆڕە هۆڕە لەگەڵی ئەگرین و ژێری ئەکەنەوە و ماچبارانی ئەکەن و ئاوی بەدەما ئەکەن و دەمووچاوی بۆ ئەشۆن. پاش دە خوولەکێک ئەم کووڵە سارد ئەبێتەوە، بەڵام هەنیسک هێشتا مەجالی قسەکردنی نادات و هێشتا ناتونێت ڕای خۆی دەربڕێت. چەند خوولەکێکی پێ ئەچێت تا ورده ورده ئەیەوێت قسە بکات و ئەوجار بە چاوانی پڕ لە ئەسرینەوە دێتە قسە.

هاوڕێیانی پێشمەرگە، کاکە حاجی، گووڵاڵە خان، کاک هەردیی و شەوبۆ گیان، منیش هەمووتانم زۆر خۆش ئەوێت. بەڕاستی گریانەکەی من هەر تەنیا بۆ خۆشحاڵیم لە ڕزگاربوون لەدەست بەعسی خەیاڵی و ئەشکەنجە و ئیعدام، کەبۆمن تەبعەن هەموویان ڕاست بوون، و هەر دیتنی ئێوەش نەبوو، بەڵکوو بەشێکی زۆریشی بۆ ئەو بەرخە چەند مانگە بوو کە هاوڕێیان بە بۆنەی منەوە کووشتوویانە، من ناتوانم گۆشتەکەی بخۆم، ئیتر ناتوانم هەرگیز گۆشت

بخۆم! نازانم بۆ لەپڕ ئەو کووشتنە لە جەرگ و دڵ و هەناوم کاری کرد. هاوڕێیان بە هۆی مەرگی ئەو بەرخەوە من هەر لە ئێستاوە تەرکی گۆشتخواردن ئەکەم. ئێمە ئەمانەوێت شۆڕشگێر بین، ژیان ببەخشین، ژینگە بپارێزین، ئاشتیخواز بین، نەک ژیان بستێنین، ژینگە بسووتێنین، ئاشتیی بکووژین! ئەمڕۆ من وێڕای دەستخۆشی لە هەموو ماندوو بوونەکانتان، بەتایبەتیش بۆ خواردن سازکردنەکەتان، بەڵام من ئەمڕۆ تەنیا برینجی خاڵی یا ئەگەر هەبێت بە شتێکی غەیرە گۆشتییەوە ئەیخۆم. هەمووتانم زۆر خۆش ئەوێت، ماچتان ئەکەم، لەئامێزتان ئەگرم و بە نوێنەرایەتیی هەمووتان شەوبۆ گیان و ئاوریم بووکەڵەکەی باوەشیشی توند ماچ ئەکەم، تەبعەن ئەگەر شەوبۆ خۆی و گووڵاڵە خان و کاک هەردیی و بابەگەورەشی ڕازی بن! سەفەر بەم تەبعەن وتنەی، سەلماندی کە لە پێرێکەوە تا ئێستا هەندێک فێری زمانی سلیمانیش بووە! دیارە هەموو ڕازین و شەوبۆ خێرا ئەچێت بۆلای چوون خۆی قاچی ناتەواو بوو و پانتۆڵەکەی تەڕ، وریابە تەڕ نەبیی گووڵی جوان، ئا لەولاوە وەرە، ئەوجار باوەشی کرد بە شەوبۆ و بووکەڵەکەیدا و ماچیانی کرد. جلی تازەیان بۆ هێنا و ئەمجەد و هاوڕێیەکی پێشمەرگەی دیکە کە ناوی نەدەزانی، بە هێواشی بن باڵیان گرت و بردیان تا خۆی بشووات!

سەفەر بۆ گیرانی و وەعەرزکەوتن و لێدران و کووژران و ئەشکەنجە نەگریا، خیانەتی نەکرد و ئامادە بوو بکووژرێت، بەڵام بۆ ئەشق بە بیروبڕواکەی و بەتایبەتیش بۆ بەرخەکە بە کووڵ گریا.

☆ ☆ ☆ ☆ ☆

لە مێژە ڕۆژهەڵاتووە، بەڵام سەفەر تازە خەبەری بۆتەوە. لەسەر تەختی نەخۆشخانەی خەبات ئیسراحەت ئەکات، برینەکانی جوان پێچراون و شەوی پێشوو بەهۆی موسەکنێک کە لێیانداوە باش خەوتووە و پشووی وەرگرتووە. لە گۆشەی پەنجەرەکەوە کە لایەکی پەردەکە لادراوە سەیری دوو کۆترە باریکە ئەکات کە بەسەر شاخەی دارێکەوە لەودیو پەنجەرە گمەگمیانە و پێکەوە ئەشقبازیی ئەکەن و جارجارەش بە فرزیی ژێر باڵ و لەشیان بە دەنووک ئەخوورێنن، ئەبێت گەرمایان بێت چوونەتە ژێر سێبەر ئەو گەڵایانە، لەدڵی خۆیدا ئەیڵێت. بەیانیت باش هاوبیر سەفەر، بێدەنگییەکە ئەشکێت و سەرنجی بۆلای دەنگەکە ڕائەکێشرێت. پەرەستارێک بە دیسێک خواردنی بەیانی لەدەرگاوە دێتە ژوورەکەوە. سەفەر وڵام ئەیاتەوە بەیانیت باشتر. هێلکە و ڕۆنێکی بەتام و نانی گەرم و چایشیرین. من ناوم سەرگووڵە هاوبیر سەفەر، ماوەی دووساڵە پێشمەرگەم، لە فێرگەی خەبات ڕێکخراوم، ئەم ماوە تا لێرەیت و چاکتر ئەبیتەوە زیاتر ئەمبینیت، ڕاستی وەزعت چۆنە؟ باش خەوتیت؟ ئازارت نییە؟ هەر شتێک بوو حەتمەن دەنگ بکە. ئەوجار بە پێکەنینێکی میهرەبانانەوە پێی ئەڵێت، تاقیکردنەوە تەواوبوو، ئیتر هەرگیز پێویست ناکات بیسەلمێنیت چەندە بەورە و سەرسەختیت، تۆ دوێنێکە بوویتە سونبول تازە و ئەم تایبەتمەندییەت بۆخۆت تۆمار کرد بۆ هەتا هەتا...، سەفەر قسەکانی ئەبڕێت و سپاسی ئەکات، لە دڵەوە حەز بە پیاهەڵدان ناکات، ئەزانێت کە سەرگووڵ نییەتی پاکە. مەمنوونم هاوڕێ سەرگووڵ، مەمنوون بۆ زەحمەتەکانیشتان، ڕاستی لێرە کتێبخانەمان هەیە؟ ئێمە لێرە ئەرکی سەرشانی خۆمان جێبەجێ ئەکەین، ئێمە هەموومان ئیتر یەک جەستەین، یەک بنەماڵەین، یەک ئامانجی پیرۆزمان هەیە، کتێبخانەش بەڵێ بێگوومان هەمانە، دوواتر لیستی کتێبەکانت بۆدێنم، هەرچیت ویست لەخزمەتداین. هەر بژیت و گەلێک سپاس، وڵامی سەرگووڵ ئەداتەوە. دەی فەرموو با خواردنەکەت سارد نەبێتەوە و منیش ئەچم بەلا ئەرکەکانی ترمەوە، هەرچی بوو خێرا ئەو دوگمە لێدە، یەکمان دێین بە دەنگتەوە، بە هاوڕێیان ئەڵێم لیستی کتێبەکانیشت بۆ بێنن، دەی جارێ لای تۆخۆش و ئەڕوات. سەفەر تیکەیەک نان ئەپچڕێنێت و هێلکەی سەر ئەکات و بە شێنەیی دەست ئەکات بەخواردن و چایی شیرین بەسەریا. کۆترەکان لەوێ نەماون، هەوا لەدەرەوە ئەبێت گەرم بێت، لەژوورەوە هەوا فێنکترە.

پاش چوار ڕۆژ سەفەر ئیتر زۆر چاکتر بۆتەوە و بۆی هەیە نەخۆشخانەی خەبات بەجێ بێڵێت. لەم چوارڕۆژەدا لەگەڵ زۆر هاوڕێ و هاوبیری کە سەردانیان کردووە ئاشنا بووە و بیروڕای گۆڕیوەتەوە. هەست ئەکات هاوڕێیانی

ڕۆمان، ئەیوب ڕەحمانی © Roman, Ayub Rahmani

نوێی بەگشتیی خاوەن بیرێکی پتەون و جوان ئەزانن چیان ئەوێت. بەڵام هەست ئەکات ئەوەی ئەوان ئەیانەوێت، ئەم بەجۆرێک لەجۆرەکان کەمتر لەگەڵیان هاوڕایە، بەڵام هێشتا خۆی دەرنەبڕیوە لەمبوارەدا، دایناوە بۆ دوواتر کە زانیاریی زیاتری هەم لەسەر حیزبەکەی و هەمیش هاوڕێیانی پەیدا کرد و پێیوایە ڕەنگە لەناو دەورەدا بتوانێت هەندێک لە بۆچوونەکانی خۆی باشتر و ڕوونتر گەڵاڵە بکات. بەردەوام لەگەڵ هاوڕێکانی دووبەدوو یا چەند کەسی باسی سیاسەتەکانی حیزب و داهاتوو و ئامانجی پیرۆزیان کە ڕووخاندنی کۆڵەکە ڕزیوەکانی نیزامی دیکتاتۆڕیی ئێرانە مناقشە ئەکەن. زۆربەی باسەکان بۆ سەفەر نوێن و وردە وردە و بە شێنەیی لەگەڵ کاکڵی سیاسەتە گشتییەکانی حیزبەکەی ئاشناتر ئەبێت، بەڵام هەست ئەکات ئەم ڕەنگە نەتوانێت هەموو ئەو بۆچوونانەی قەبووڵ بێت و پێیوایە ئەم شتێکی هەندێک جیاوازتری ئەوێت، ناشتوانێت بە دەقیقی لێکیبداتەوە چی ئەوێت، بەڵام شەکاک و گووماناوییە لەسەر هەندێک باس. پێوستی بە خوێندنەوەی زیاتر هەیە تا بتوانێت ئەوەی خۆی لە زەینیدا بەدرووستی ئەزانێت، بخاتە ڕوو و ڕای هاوڕێیانیشی لەوبووارەدا بزانێت. ئەیەوێ هیوادار بمێنێت کە لەتوێی دەورەکەیدا بتوانێت هەندێک زیاتر لەو شتەی کە خۆی ئەیهەوێت سەردەر بێنێت! جاروبار لەدڵی خۆیدا بەخۆی پێ ئەکەنێت، چۆن ئەبێت شتێکم بوێت کە خۆشم نازانم چییە؟! ئەمە چ ڕازێکە لە دەروونی مندایە؟ من بەڕاستی زۆر شێتم، دیسان بە خۆی پێدەکەنێت، دەی گوێ مەدە، بەخۆی ئەڵێت، کات فراوانە و زەمەن کێشەکان چارەسەر ئەکات، تەنیا ئەشی هیوادار بمێنین، ڕێگا خۆی دێتە سەر ڕێت!!

هاوبیران خۆیان ئامادە ئەکەن بۆ دەسپێکی دەورە. سەفەر هەر لە نەخۆشخانە ناوی نهێنی خۆی کردووە بە شۆڕش، ئەیەوێت لەمەودووا بە شۆڕش بانگی بکەن، وەک ئەوەی سەفەر کۆتایی پێهاتبێت و سەردەمی شۆڕش گەیشتبێت! بێجگە لە چەند هاوڕێی سەرەتایی کە ئاشنا ببوو لەگەڵیان و بنەماڵەی حاجی، کەمکەسیتر ناوی ئەسڵی ئەزانن، ئەمانە گرنگ نین بۆی، گرنگ ئەمەیە ئیتر بەم ناوە نوێیە بانگی بکەن. سەرەتا دەورەی سیاسی دەستپێدەکات و پاش مانگێکی دیکە بڕیارە دەورەی نیزامیشی پێ زیاد ببێت و دەورەکان چڕتر ببنەوە. یەکەم وانەی ئەمڕۆ، وانەی یەکسانییە. هاوبیر ئاوات مامۆستایانە ئەمڕۆ. پرچە کاڵە جوانەکانی کردۆتە ئەگریجەیەکی شیک. ئەویش وەک هەموو هاوبیرانی جلوبەرگی فێرگەی لەبەر کردووە بۆئەوەی یەکسان بێت لەگەڵ هاوڕێکانی لەژوورەکەدا، گەرچی لەمێژە پێشمەرگەیە بەڵام نایەوێت خۆی بە ڕوخی تازەواردەکاندا بکێشێت و دەمانچەیەکیش بەکەمەریەوە هەڵواسێت! ئەم جلانەیان ناوناوە یونیفۆرمی خەبات. جلی خەبات کەواپانتۆڵێکە لەقوماشێکی خەنەیی ڕەنگی پڵنگیی. جلوبەرگی پێشمەرگە بەڵام کاڵترە و خاکییە و هەر ئەو جلەش بۆ جەولەی سیاسی و نیزامی لەبەر دەکەن، کە بەستنی ڕەخت و فیشەکدان و نارنجۆک و چەکیش بەشانەوە، سیمایەکی هەرە ڕەزمیی و بەهەیبەتیان پێئەدات. هەیبەتی پاڵەوانانی نەتەوەیەکی ژێرچەپۆکە و ستەمدیتووی نەسرەوتوو و نەترس، پاڵەوانانێک کە دوژمنانیان لێیان هەراسان ئەبن، هەرە پیرۆزە! دوژمن، ڕەنگە ئەمە یەک لەو چەمکانە بێت کە سەفەر لەگەڵیا تەبا نەبێت، دوژمن دوژمنی چیمانە، پێیوایە بەجێگای ئەوەی هێندە وشەی دوژمن دائەتاشین ئەشی دە ئەوەندە وشەی دۆست داتاشین! بەڵام چۆن ئەم بۆچوونانەی گەڵاڵە بکات، هێشتا نازانێت! لەوانەی بە هەڵپچڕینی دەم و وتنەوەی ئەم بڕوایەی لێتێنەگەیشتن و سوئیتەفاهوم درووست ببێت، ئەبێ وریا بێت لە قسەکردن لەمبوارەدا!

هاوڕێ ئاوات لەناو قسەکانیدا کۆمەڵێک چەمک و واتای جوان و ئینسانی ئەنەخشێنێت، ناوبراو باس لە داهاتووی کۆمەڵگایەکی یەکسانی فرەچەشن و فرەڕەهەند ئەکات کە لەوێدا قەدر و ئەرزش و حوورمەت بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتیی و سەروەریی بۆ یاسا ئەگەڕێنێتەوە، یاسایەک کە هەموو ڕەگەز و چینەکانی کۆمەڵگا بەیەک چاو ببینێت، لەناو قسەکانیدا ئەڵێت: "هاوڕێ و هاوبیرانم ئێمە بەدووای کۆمەڵگایەکی پلوڕاڵ سێکولار و دێمۆکراتەوەین، کۆمەڵگایەک کە هەمووکەس بتوانێت تێیدا بەبیروباوەڕی خۆییەوە بژیی و کەس مەجبور بە قەبووڵکردنی ئاینێکیتر، بیروباوەڕێک یاخود مەجبوور بە بێ بیروباوەڕیی نەکرێت. هەموو ئازادبن لە تەبلیغکردن و پەرەدان بە بیروباوەڕی خۆیان بەو مەرجەی کە یاسا و مافی هیچکەسیتر ژێر پێ نەخەن و کەس مەجبوور بە قەبووڵکردنی بیروباوەڕەکانی خۆیان نەکەن. یاسا ئەبێت لە هەموو بوارەکاندا پشتیوانی کۆمەڵگا بێت، یاسا ئەشێ پشتیوانی تاکە بە تاکەی دانیشتوانی ناو کۆمەڵگا بێت. هەموو کەس ئەبێت بتوانێت بۆخۆی بەدڵی خۆی بژیی و بەدڵی خۆی جلوبەرگی خۆی هەڵبژێرێت

و حیجاب و بی حیجابی چ بۆ ژنان و چ بۆ پیاوانی کۆمەڵگا هەروەک ئاین و بیروبڕواش ئەمرێکی بەتەواویی تایبەتی و خسوسیین. یەکسانی لە کۆمەڵگای داهاتووی ئێمەدا ئەبێ بە ئیجبار ببێتە بنەما، ببێتە کۆڵەکە، سیاسەت، ئەخلاق، پێداویستیی، ئەرکی سەرشان و هتاد. هیچ کۆمەڵگایەکی نایەکسان، کۆمەڵگایەکی ئینسانی و شایانی مرۆڤایەتی نییە. تەنیا مرۆڤ و بەها مرۆییەکان ئەشێ ببنە بنەما و نەک ڕەگەز، نەک سەروەت، نەک مەدرەک، نەک پۆست و مەقام و هتاد. حکومەت ئەشێ پاڕلەمانی بێت و ئەندامانی پاڕلەمان ئەشێ لە ژنان و پیاوانێک پێک هاتبن کە بە دەنگی ڕاستەوخۆ و ئازادانەی خەڵک هەڵبژێردرابن. هیچ پاڵاوتن و فیلتەرێکی حکومەتیی نابێت ڕێگای پێبدرێت و هەموو مرۆڤێک کە تەمەنی یاسایی خۆی تێپەڕاندبێت و شاروومەندیی کۆمەڵگاکە بێت، ئەبێ بتوانێت و بۆی هەبێت خۆی بۆ هەر پۆستێکی حکومی و ناحکومی کاندید بکات و ئاخری سەر ئەوە دەنگی زۆرینەی خەڵکە کە ئەیبڕێنێتەوە ئەو کەسە سەڵاحییەتی هەیە نوێنەریان بێت یا نەبێت. کەواتە سەڵاحییەت و ڕەدی سەڵاحییەت نەک لە ئەستۆی حکومەت و سیستم بەڵکوو لە ئەستۆی خەڵکدایە و ئەمە ئێمە پێی دەڵەین دیمۆکڕاسی ڕاستەوخۆ و حکومەتی خەڵک بەسەر خۆیاندا. نوێنەران ئەبێت پارێزەرانی مافەکانی خەڵکەکەیان بن و ....

شۆڕش دەستی هەڵ ئەبڕێت ئەیەوێت شتێک بڵێت، ڕێگای پێ ئەدرێت و ئەوجار هەڵدەستێتە سەرپێ و ڕووله هەمووان ئەڵێت: هاوڕێیان، بە بڕوای من ئەم وتانەی هاوڕێ ئاوات زۆر گرنگ و پێویست و ئینسانین، بەڵام من هەست ئەکەم ئێمە چاکوایە ئیتر خۆمان هەندێک لەو قەوارە کلاسیکیانەی خەبات کە دەیانساڵە بوونیان هەیە دووربخەینەوە، ئێمە ئەشێ تازەگەری بکەین، ئاو بمێنێتەوە کرم هەڵدێنێت، هزر وەک ئاو وایە، ئاڵوگۆڕ تێیدا درووست نەکرێت کرمۆ ئەبێت، پەروەردە ناکرێت و مونهەدم ئەبێت، ئەمەش کارەساتە! ئێمە ئەشێ وێڕای پاراستنی چەمکە گرنگ و مۆدێڕنەکان هاوکات بتوانین هەندێک بیری نوێتر بخووڵقێنین و جیلی نوێ بە بیری نوێوە پەروەردە بکەین و شۆڕشێکی نوێ بهێنینە ئاراوە. شۆڕشی نوێ ئەبێت شۆڕشێکی ئایدیۆلۆژیکی تاکتیکی فەلسەفی بێت و نەک پێشمەرگە بەڵکوو سەردار پەروەردە بکات و سەردار ئەبێت هەر لە زۆر منداڵییەوە و تەنانەت ئەگەر ئیمکانی هەبێت هەر لە نووتفەوە لەهەموو بوارەکاندا پەروەردە بکرێن. نەک بۆ شەڕ ڕابهێنرێن، بەڵکوو بۆ زانست و زانین لەهەموو بوارەکاندا بار بهێنرێن تا ئەبن بە سەردار، دوکترین بخووڵقێنین لە شۆڕشدا بۆ هەموو بوارەکان، کە بوون بە سەردار و تەمەنیان لە هەژدە یا بیست تێپەڕیی ئەوجار دەورەیەک پێک بێت بەناوی دەورەی بەرگریی و لەم دەورەدا سەرداران بۆ بەرگریی لەهەموو بوارەکانی وەرزشی، چەکناسیی، مرۆڤناسیی، باشیاریی (بێهیاریی)، تانک، تۆپ، فڕۆکەوانیی، موهەندیسیی ئەمچەکانە و هیدیکەش بار بهێنرێن، ئێمە ئەبێت کەسانێک پەروەردە بکەین کە ڕێگاچارە نەک لەشەڕدا بەڵکوو لە فکردا ببیننەوە. من ئێستا نامەوێت کاتی پۆلەکە بگرم، بەڵام حەز ئەکەم دوواتر لەمبوارەدا ئەگەر مەجالم پێبدرێت سیمینارێک بەڕێوە بەرم! ئەوجار بە هێمنی دادەنیشێتەوە.

هاوڕێ ئاوات و باقی هاوبیرانی بە شێنەیی و سەرنجەوە گوێیان لە قسەکانی شۆڕش گرتبوو. مامۆستا ئاوات هاتەوە ناو باسەکەی خۆی و وتی ئافەرەم هاوڕێ شۆڕش، سپاس بۆ بۆچوون و سەرنجەکانت. پەروەردەکردنی ئەوەی تۆ پێی ئەڵەیت سەردار بۆ من باسێکی نوێیە، ئەتوانێت باسی زۆر هەڵخرێنێت. ئەوەی من ئێستا بەزەینم ئەگات ئەمەیە کە ئەم پەروەردە تا ئاستی دوکتۆرا پێویستیی بە ئیمکاناتێکی دەوڵەتی گەورە و ناوەندی ئاکادیمیکی هەیە و ئێمەش تەنیا حیزبێکی سیاسین و وەها ئیمکاناتگەلێکمان لەبەردەستدا نییە، بەڵام بێگوومان بیرێکی جوانە و ئەم مژارە لەلای هاوبیر سەرکەوت بەرپرسی فێرگە باس بکە و بەدڵنیاییەوە مەجالی کۆڕ و سێمینارت بۆ ئەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی بتوانیت لەوێ جوان تێمان گەیەنیت مەبەستت لە شۆڕشی نوێی ئایدیۆلۆژیکی تاکتیکی فەلسەفی و پەروەردەکردنی سەردار لە نووتفەوە چییە، چوون ئێمە خۆمان حیزبێکی ئایدیۆلۆژیکین بە ئاراستەی چەپ، ئێمە مارکسیستین. بەڵام بەهەرحاڵ ئەبێت قسەکانت ببیسترێن و من لە ئیستاوە بەڵێنت پێدەدەم یەک لە بەشداربووانی سێمینارەکەت بم و دڵنیام هێژانی زۆرە ئەم باسەی تۆ. ئەوجار بە پێکەنینەوە پێی ئەڵێت: بەس من سەرم سووڕماوە تۆ بەم تەمەنە کەمەتەوە ئەم شتانە لەکوێوە ئەزانیت؟ ئەمەش بۆخۆی ڕازێکە کە منیش وەک هاوڕێیانی دیکە حەزدەکم سەری لێ دەربێنم! شۆڕش سپاسی مامۆستا ئاوات ئەکات و ئەڵێ، ڕاستییەکەی خۆشم نازانم بۆچی ئەمشتانە ئەزانم، بەڵام ئەیانزانم، ڕەنگە خوێندنەوە بێ کارتێکەریی نەبووبێت و بەسەرچاو لە مەجالێکدا لەگەڵ

هاوڕێ سەردار مەترەحی ئەکەم. پاش ماوەیەکیتر باس و مناقشەی ناو پۆلەکە، کاتی نانی نیوەڕۆ هاتووە و هەموو هەڵدەستن بەرەو سێڵف سرویس بڕۆن! ئەمڕۆ دوانیوەڕۆ ڕۆژی خاوێنکردنەوەی ژینگەی فێرگەیە هاوڕێیان، تکایە کاژێر پێنجی ئێوارە کە فێنکترە، ئەوانەی ئەرکی دیکەیان پێنەسپێردراوە، لەبەر دەرگای مەقەڕ ئامادە بن، هاوڕێ سەمەد بەرپرسی مەقەڕی کاک شوان بە هاوڕێکانی ئەڵێت. ئەوجار ئەچنە دەر و پۆلەکە چۆڵ ئەکەن.

کات هەروا بەرەوپێش ئەچێت و یەک مانگە لە دەورەی سیاسیدان. بێجگە لە وانەکانی یەکسانی، وانەی سیاسەتە گشتییەکانی حیزب، مارکس چیوت، لیبڕالیزم چییە، پاڕلەمانتاریزم چییە، خەباتی چینایەتیی، ئێمە بۆ خەبات ئەکەین، دوژمن بناسین، هەڵسوکەوتی ئێمە لەگەڵ دیلەکانی شەڕدا چۆنە؟ سیاسەتی نێودەوڵەتیی. بڕیارە بە زوویی دەورەی نیزامیش دەسپێبکات و هاوکات ئەم وانە سیاسی نەزەریانە و چەند وانەی دیکەش بە وانەکان زیاد بکات و دەورەکە چڕتر ببێتەوە، هەم نەزەری و هەم پراکتیکی. شۆڕشیش وەک هاوبیرەکانی لەم ماوەدا زۆر باسی نوێ و خەباتکارانە فێربووە و هاوڕێ سەرکەوت پێشتر بەڵێنی سیمینارێکی یەک کاتژمێریی لە کۆتایی دەورەی یەک مانگەدا پێداوە. ڕۆژی سێمینار گەیشتووە و شۆڕش هەندێک دڵەڕاوکەی هەیە، بەڵام تا ئاستێکیش خۆی بۆ سێمینارەکە ئامادە کردووە و پۆختەی قسە و بۆچوونەکانی خۆی نووسیوەتەوە. بەتەما نییە لەبەر بیانخوێنێتەوە، ئەیەوێت وتەبێژیی بکات و پاشانیش مەجال بڕەخسێنێت بۆ پرسیار و وڵام. ساڵۆنی سێمینار پڕبووە و جمەی دێت، هەموو هاوپۆلەکانی ناو دەورە، چەندکەسێک لە مامۆستاکانی، وە چەندەها کادری پێشکەوتوو، پێشمەرگە و تەنانەت فەرماندەی بەئەزموون لە کۆڕەکەیدا دانیشتوون، هاوڕێ سەرکەوت بەرپرسی فێرگە و مامۆستا ئاواتیش بەشدارن. ئاسایی وەها مەجالێک بۆ کەسێک لە ناو دەورەدا نارەخسێندرێت، بەڵام شۆڕش جیاوازتر ئەبینن و لە تاقیکردنەوەکەیدا زۆر سەرکەوتوو دەرچووبوو، بێجگە لەوە هەمووان ئەو توانایییەی تێدا ئەبینن کە بتوانێت دەرەقەتی وەها کۆڕێک بێت. شۆڕش خۆی چاوەڕوانی ئەم جمهورەی نەکردبوو، پێیوابوو لەوانەیە بیست یا سی کەسێک بەشداری بکەن. هەم خۆشحاڵ بوو و هەمیش دڵەڕاوکەی زۆر بوو، بەڵام پێیوابوو هەر کە دەستیپێکرد و چووەناو قووڵایی باسەکەی، دڵەڕاوکەش نامێنێت. لەسەر مێزەکەی دەستەگووڵێک و پەرداخێک ئاو داندراون کە بۆخۆی پێشتر ئامادەی کردوون. هاوڕێ خالقیش بە کامێراکەیەوە ئامادەیە و بەتەمایە فیلم لە کۆڕەکەی هەڵبگرێتەوە.

هاوڕێ و هاوبیرانم پڕبەدڵ بەخێرهاتنتان ئەکەم بۆ ئەم سێمینارە. زۆر بەختەوەرم کە ئەمڕۆکە پێکەوە لەم کۆڕە هاوڕێیانەدا کۆبووینەتەوە. من باسەکەم ناودەنێم "شۆڕشی نوێ" یا خود "شۆڕشی داهاتوو ئەشێ شۆڕشێکی ئایدیۆلۆژیکی تاکتیکی فەلسەفی ئاکادێمیکی بێت"! هەوڵدەدەم لە نیوکاژێرێکدا باسەکەم پێشکەش بکەم و پاشانیش ئەگەر کەسانێک پرسیار یا سەرنج و ڕەخنەیان هەبوو، مەجال وەربگرن بۆ ئەوەی بتوانن قسەکانیان بکەن.

هاوڕێیانم هیچ حیزبێک پیرۆز یاخود موقەدەس نییە. هەندێک لە فەرماندەکان دائەچڵەکێن! درێژەی پێدەدات، بەڵکوو حیزب تەنیا کەرەستەیە بۆ گەیشتن بە ئامانج، ئامانجیش هەمیشە پیرۆز نییە، بەڵکوو ئەمەش نیسبییە. ئەمەمان لەیاد بێت کە دووایی دێمەوە سەریی! هاوڕێیان ئیختلاف پیسترین و ترسناکترین گەنداو و زەلکاوێکە کە حیزبێکی سیاسی ئەتوانێت تووشی ببێت. حیزبی سیاسیش وەک بوونەوەران تووشی جۆرەها سەرەتان ئەبێتەوە یەک لەو سەرەتانانە ئیختلافە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەشێ لەناو حیزبێکدا دیکتاتۆرییەت بەرقەرار بێت بۆئەوەی تووشی سەرەتانی ئیختلاف نەبێت، چوونکە دیکتاتۆرییەتیش خۆی سەرەتانە، کەواتە ئەبێت ڕێگایەکی ناونجی یا سێهەم هەبێت، ئەم ڕێگا سێهەمە پلوڕالیزمە، پەروەردەکردنی ئەندامان، تەنانەت منداڵان و لاوان و بەگشتیی هەموو کۆمەڵگایە بە ڕێزگرتن لە بیروڕای یەکتر وێڕای ئەوەی کە ڕەنگە لەگەڵ ئەم یا ئەو بۆچوون تەبا و مووافق نەبین، بەڵام تۆلێرانس و لەخۆبردوویی ئەبێت بوونی هەبێت، لەخۆبردوویش نابێ ببێتە هۆی سەرکووت. حیزبێکی سیاسی کە مەبەستی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتە، نابێت نوێنەریی تەنیا چینێک یاخود دەستەوتاقمێکی تایبەت یا تەنانەت ئاین و ئایدیۆلۆژییەکی تایبەت بێت، ناشێ هەوڵبدات خەڵک بێنێتە سەر بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیای خۆی، مەگەر ئەوەی کەسێک بۆخۆی ئەو بڕیارە بدات. وەها حیزب و ڕێکخراوەیەک ئەبێ نوێنەری کۆمەڵگا بێت و کۆمەڵگاش لە هەموو چینەکان پێک دێت. ڕاستە حیزبێک ئەتوانێت چەپ، ڕاست وەیا تەنانەت ئاینی بێت، بەڵام ئەمانەش تەنیا

بەنزین و سووتەمەنی حیزبن، هەروەک چۆن سووتەمەنیی نیزامی سەرمایەدارییش لیبڕالیزمە، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا کە نیزامی سەرمایەداریی سیستمێکی خوێنمژ و چەوسێنەرە، کەچی لیبڕالیزم خۆی لە خۆیدا بەرینترین ئازادییەکانی تاک دابین ئەکات. کارڵ مارکس بۆنمونە خۆی لیبڕاڵ بوو و نەک مارکسیست، کە چووە لەندەن لە سایەی لیبڕالیزمدا بیروبڕواکانی خۆی ئەنووسینەوە و بڵاوی دەکردنەوە، ئەوەی بووە مارکسیت پەیرەوانی ئەو بوون! وەک ئەشزانین درووشمی مارکسیزمیش وەدیهاتنی بەرینترین عەداڵەتی کۆمەڵایەتییە. کەواتە مارکسیزم و لیبڕالیزم پێکەوە کۆمەڵگا تەکمیل دەکەن، هەرکام بەتەنیا لایەکیان ئەشەلێت، نەو بادی ئیز پێرفێکت! هەموو پێدەکەنن، سەفەر درێژە دەدات: ئەوجار ئامانجی هەر حیزبێک هەردەم گرتنە دەستی دەسەڵاتە بۆ باشترکردنی کۆمەڵگا و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سێکولار دێمۆکڕات و نەک قۆڕخکردن و دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتی حیزبی یا بنەماڵەیی یا ئایدیۆلۆژیکی. هەر خەباتێک و هەر شۆڕشێک ئەگەر بە قۆڕخکردن کۆتایی پێبێت، گەورەترین خیانەتی سەرەتا بە گیانبەختکردوانی خۆی کردووە و ئەوجار بەو کۆمەڵگایەی خەباتی بۆ کردووە و پاشانیش بە درووشمە بریقەدارەکانی خۆی لەدەورانی شۆڕشگێڕییدا. ئاکامی قۆڕخکردن تەنیا گەندەڵیی بنەماڵەیی و دوواکەوتوویی کۆمەڵگایە. کۆمەڵگایەک کە سەروەتەکەی بەدەست یەک یا چەند بنەماڵەوە بدزرێت، هەرگیز ئەمن و ئاسایشی تێدا نییە و هەردەم ئامادەی تەقینەوە و شۆڕشێکی بەرحەق و بەرینی کۆمەڵایەتییە. چوونکە لەم کۆمەڵگایەدا کە قۆڕخکراوە، فاسیلەی چینایەتیی گەورە و گەورەتر ئەبێتەوە و سکی برسیش هەمووومان ئەزانین کە خوێن ئەکات، وێڕای ئەوەی کە زۆرینەی کۆمەڵگا ئەزانن جەماعەتێک سامانی گشتیی وڵاتەکەیان تاڵان ئەکەن!

ژووری کۆنفرانس بەتەوایی بێدەنگە و هەمووان بەسەرنجەوە گوێیانگرتووە بزانن شۆڕش چیتری بۆ وتن پێیە، چوون کەم تا زۆر لەگەڵ ئەم باسانەی سەرەوەیدا ئاشنایەتییان هەبووە، ئێستا بەمبار یا بەوباردا. شۆڕش لە بەشێکیتر لە باسەکەیدا ئەڵێت: مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکە کە کەرەستەیەکی جەستەیی ئەوتۆی بۆ بەرگریکردن لەخۆی نییە وەک زۆربەی بوونەوەرانی دیکە بۆ بەقا و مانەوەی خۆیان هەیانە، بۆ نمونە شێر و پڵنگ و بەبر و هتاد چنگ و دیان و خێرایی و جورئەتیان هەیە، مار ژەهری هەیە، باڵندە ئەفڕن و چنگ و دەنووکیان هەیە، زۆربەی ئاژەڵان شاخیان هەیە و هەندێک لەقە دەهاوێن و گازئەگرن و کۆمەڵێکیان پێستیان ئەستوورە و هتاد. هەمووومان ئەمانە ئەزانین، بەڵام ئایا ئەزانین مرۆڤ بۆ بەرگری لە خۆی چی هەیە؟ ........ بەڵێ ڕاستە، ئەقڵ و فکری هەیە. ئێمە بۆ ئەوەی بمانەوێت بەهێز و بەهێزتر بین بۆ ئەوەی بتوانین هەم بەرگریی لەخۆمان بکەین و هەمیش بە ئامانجمان بگەین ئەبێت سەرەتا فکر و هزرمان پەروەردە بکەین، ئەوجار لەشمان، یا لە باشترین حاڵەتدا هەردووکیان پێکەوە. ئەگەر فکر و هزرمان بەهێز بێت هەرگیز هیچکەس پێ نانێتە ناو حەریممان کە تەجاوزمان پێبکات و ئەگەریش ئەم هەڵەیە بکات، ئەزانێت ئەبێت چاوەڕوانی شکستێکی گەورە بێت، بۆیە دووپاتی ناکاتەوە. بە فکر ئێمە ئەتوانین ببینە خاوەن تێکنۆلۆژیی، چەکی باش و نوێ درووست بکەین، تاکتیکی درووست بەکار بێنین، خۆمان باشتر بپارێزین. چوونە بەر گوولە بۆنمونە بەبێ سپەرێکی ئەمنییەتیی یا جلیسقەیەکی گوولەنەبڕ، با خاوەن ئیمان و بڕواش بێت، بەڵام لەئاکامدا تەنیا لەکیسچوونی ژیان و لەکیسچوونی هێزە، ئەمە بێ فکرییە، ئەمە لەکیسچوونی هێزێکە کە هەزاران ئاواتی هەیە و ساڵەها پەروەردە کراوە و کادرێکی لێهاتووە بۆ داهاتووی کۆمەڵگا. بۆچی حیزبی ئێمە بیر لەمە نەکاتەوە کە ئەمنییەتی کادر و فەرماندە و پێشمەرگەکانی باشتر بپارێزێت؟ کەم مرۆڤی لێهاتوومان لەدەست داون بەهۆی بیرلێنەکردنەوەی درووست و بەکارنەهێنانی تاکتیکی بەجێ؟ ئەمانە ئەسڵن، ئەمانە فەورین و ئەشێ زۆر زیاتر گرنگییان پێ بدرێت تا بۆ نمونە مارکس چیوت یاخود ناسیۆنالیزم چەندە باشە! ناسیۆنالیزم لە ڕابردوودا ڕەنگە دەوڵەتانێکی سەربەخۆی پێ درووست کرابێت و زۆریشیان سەریان لە فاشیزم دەرهێناوە وەک ئاڵمان، تورکییە، ئیتالیا، ئێران، ئێراق، سورییە و هتاد، بەڵام لەم سەردەمەدا پێداگریی لەسەر ناسیۆنالیزم بەڕاستیی نابەجێیە. هەندێک لە وڵاتان سنوورەکانیان هەڵدەگرن، پێکەوە لەپاڵ یەکدا بە حورمەت و ڕێزلەیەکگرتن ئەژین. ئاخر یەک تیکە گۆشت و ئێسک بدە بە سەگی هار یا پشیلەیەکی وەحشی، ئەبنە دۆست، نازێکی ئەسپێکی شێت بکە دەسەمۆ ئەبێت و ئەبێتە هاوڕێت، چۆن مرۆڤ کە خاوەنی ژیرییە نەتوانێت لەپاڵ یەکدا بژیی؟ تەبعەن سیاسەتی هەڵە و وشکەناسیۆنالیزم و وشکەئایدیۆلۆژیی ئەمە بە مرۆڤەکان ئەکات دەنا مرۆڤەکانی دوولایەنی سنوور هەردەم پێکەوە مەعامەلە و هاتوچۆیان بووە و لە داهاتووشدا ئەیانبێت. هاوڕێیان خۆشویستنی وڵات یا ئەو

ناوچەی لێی لەدایک بووین و پەروەردە بووین تێیدا زۆر پیرۆزترە لە ناسیۆنالیزمێک کە ئاکامی فاشیزمە. لاوانی ئێمە ئەبێ بە ڕۆحی وڵاتپارێزییەوە و ڕێز لەهەمووان گرتن پەروەردە بکرێن و نەک شەڕی ناسیۆنالیستی یاتەنانەت شەڕی چینایەتیش، ڕەنگە هەندێکتان لەگەڵم موافق نەبن لێرەدا. ئێمە ئەگەر فکر و هزرمان بەشێوەی ئەرێنی و بەدوور لە سێکتاریزم و دۆگماتیزم پەروەردە بکەین، ڕێگای وتووویژ و دیپلۆماسیی زیرەکانەش ئەبینینەوە و بە قسەکانمان داگیرکەرانمان بەچۆکدا دێنین. تەبعەن لە کاتی هرووژمی ئەوانیشدا بە فکری سالم ئەتوانین باشترین بەرگریی لەخۆمان بکەین و هاوکات ڕێگای دانووستانیش ببینینەوە. هاوڕێیان دوژمن مەگەر کێیە؟ لە ئاسمان و هەسارەی دیکەوە خۆ نەهاتووە، ئەویش مرۆڤە. بەڵێ ڕاستە ئەو زۆر وەحشییە، بەڵام ئەویش ڕۆحی بریندارە بۆیە وەحشییە، پێویستیی بە موداوایە، پێویستی بە موحیبەتە، ئەشق سەگی هار ئەکاتە دۆستت، ئەو مرۆڤە و ساکارتر ئەبێتە دۆستت، تەنیا ئەشی فکرمان لەمبوارەدا باشتر بخەینە گەڕ. توندوتیژیی هەردەم خۆی بەرهەمهێنەری توندوتیژی بووە و ئەمە بەرهەمی ئەقڵ و هزر نییە، ئەمە لایەنی ئاژەڵییەتی مرۆڤە، مرۆڤ بەڵام خاوەنی مرۆڤایەتییە و نەک ئاژەڵییەت.

لە بەشێکیتر لە باسەکەیدا شۆڕش ئەڵێت: هاوڕێیان سلوولەکانی مرۆڤ وەها پێکهاتوون کە هەر مرۆڤێک ئەتوانێت تا سێسەد (٣٠٠) ساڵ بژیی نەک هەر تەنیا ٦٠ ساڵ یا لە باشترین حاڵەتدا ١٢٠ ساڵ، بەڵێ درووستتان بیست، هەرکام لە ئێمە ئەتوانین سێسەد ساڵ بژین، تەنیا ئەبێت فکر و لەشمان سالم بێت. جا سەیر بکەن بزانن ئەمڕۆکە مرۆڤێک چەندە حەیف زوو تیا ئەچێت، وە بەدبەختانە ئەم زووتیاچوونانە بەدەست مرۆڤ خۆیەوە هاتۆتە ئاراوە. ئەگەر ئێمە لەداهاتوودا ڕێگایەک نەدۆزینەوە کە باشتر بژین، دوور نەکەوینەوە لە شترێس و شەڕ و ئاژاوە و تەماح و وشکەڕۆیی، وە هزر و لەشمان بە شێوەیەکی ئوسولی پەروەردە نەکەین، ئەوا ئێمەش ناتوانین لەو قاعیدە واتە ژیانی کورت ئاوارتە بین و ئێمەش کورت ئەژین، بگرە لە شەڕێکیشدا ڕەنگە لە لاوترین تەمەنماندا تیا بچین بە خۆڕایی، شەڕێک کە بەرهەمی ئاژەڵییەت و بەربەرییەتە!

ئەوجار ئەڵێت: ئێمە لەناوچەیەکدا ئەژین کە بەهۆی ئاوی زۆر و هەوا خۆشەکەییەوە بەدرێژایی مێژوو هەردەم ئاوەدانی و تەبعەن شەڕی زۆریشی تێدا بووە. پاش شۆڕشی کەرەستەسازی لە بریتانیا و هاوکات پێویستی بە نەوت و دۆزینەوەی نەوت و گازی فراوان لە ناوچەی ئێمە، وە تەماحی زلهێزەکان بۆ قۆرخکردنی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوین بۆخۆیان، ئەم ناوچە بەتەواویی ئاڵۆز و نائەمن بوو و هەموو بەشوێن نەوتەوە بوون. نەوت و گاز ئەم نیعمەتە سرووشتییە، بووەتە هۆی بەڵا و شەڕ و ئاژاوە و ئاوارەیی خەڵکی ئێمە. یەکێک لە وانەکانی فێرگە کە من جێگای زۆر بەتاڵ ئەبینم، دەبوو باسی نەزەریی نەوت و گاز بووایە. ئێمە بۆچی کارناسی ئەم بوارەمان نییە کە لانیکەم یەک یا دوو دانیشتنمان لەسەر نەوت بۆ دابنێت تا بزانین ئەم نیعمەتە بۆچی بۆتە بەڵا بەسەر خۆمانەوە و بۆچی بۆ هەندێک وڵاتی دیکە بووە بە ناز و نیعمەت و ئاسایش و فراوانیی؟ بۆچی ئێمە وانەی سەربەخۆیمان نییە کە کەم تا زۆر پەیوەندیی بە نەوت و گازیشەوە هەیە؟ دەی هاوڕێ شۆڕش بۆخۆت باسێکمان لەمبوارەدا لە داهاتوو بۆ دابنێ، هاوڕێ شەیدا لەناو کۆڕەکەدا هاتۆتە وڵام. شۆڕش لە وڵامیدا ئەڵێت، ڕاستییەکەی ئەو باسە پیویستی بە کارناسە و پێویستە حیزب ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ و پسپۆڕێکی ئەم بوارە بهێنێت، من ئەبێت زۆر زیاتر بخوێنمەوە لەو بوارەدا و لەمبابەتەوە منیش زۆر لە ئێوە زیاتر نازانم، بەڵام سپاس بۆ سەرنج و متمانەکەت هاوڕێ شەیدا.

هاوبیر مامۆستا ئاوات دەست هەڵ ئەبرێت و شۆڕش مەجالی قسەی پێ ئەدات: هاوڕێ شۆڕش تۆ ڕۆژێک لە پۆلەکەی مندا باسی پەروەردەکردنی سەردارت کرد ئەویش لە نووتفەوە، ئەیا ئەتوانیت لەوبوارەشدا هەندێک ڕوونکردنەوەمان بۆ بدەیت، من هەر ئەو ڕۆژە هۆگری ئەم باسەت بووم و ئەم ماوەش هەندێک لە کاتە ئازادەکانمان دووبەدوو لەوبوارەدا قسەمان کردووە، بۆیە حەز ئەکەم لێرەش هەندێکمان بۆ باس بکەیت، با هەموو هاوبیرانمان لێرە باسەکەت ببیستن.

بەڵێ ڕاستە هاوبیر ئاوات، دیارە من بڕیاربوو نیو کاژێر قسە بکەم، بەڵام ئێستا بۆتە چل خوولەک، بیست خوولەکمان ماوە بۆ تەواوبوونی کاتی کۆڕەکە، ئەگەر پرسیار هەبێت ناچارم وڵامی پرسیار بدەمەوە دەنا بە

کوورتیش بووە ئەچمە سەر ئەو باسە. زۆربەیان دەنگ ئەدەن بە درێژەی باسەکە و هیچ کەس پرسیار ناخاتە بەردەم، ڕەنگە پرسیار ناکەن لەبەر ئەوەی درێژەی باسەکەش ببیستن، لەوانەیە پرسیارەکانیان بخەنە کاتە ئازادەکانیان لەگەڵ شۆڕش.

هاوبیرانم، بە پێی وتەکانی ئاینشتاین زانای ئاڵمانی، مرۆڤ لە سوورعەت یا خێرایی نووردا ئیتر هەست بە لەشی خۆی ناکات، بەڵکوو تەنیا بیر یا هزرە. من بیر ئەکەمەوە کەواتە من هەم، ئەمەش وتە بەناوبانگەکەی ڕێنە دێکاڕت فەیلەسووفی فەڕانسەیی بوو، کەواتە ئێمە لەهەر حاڵدا هزرین و نەک جەستە، جەستەی ئێمە تەنیا کەرەستەی بوونی ئێمەیە، ئێمەی هەقیقی ئێمە هزرمانە. ئەمانەش بەمواتەیە نین کە لەشمان گرنگ نییە، نا، لەشمانیش گرنگە، بەڵام ئەسڵ نییە و فەرعە. هاوڕێیان جووڵان، تەحەڕووک یا دینامیک یەک لە پێداویستییە هەرە گرنگەکانی مرۆڤە بۆ لەشێکی ساخ و ژیانێکی سالم و تەمەنێکی درێژ. لەسەرەوە وتم سلوولەکانی مرۆڤ خاوەنی وەها تایبەتمەندییکی دینامیکییە کە بە هۆیانەوە مرۆڤ ئەتوانێت تا ٣٠٠ساڵ بژیی. سلولەکانی ئێمە لە ئەتۆم درووستبوون و ئەتۆم وەک ئەزانین لە ئێلێکترۆن و پرۆتۆن و نۆترۆن پێکهاتووە و ئەمانەش دایمە لە تەحەڕوکدان، هەرگیز بێ جووڵە نین. کەواتە ئەتۆم تایبەتمەندیی دینامیکی زۆری هەیە و سلولەکانی ئێمەش کە لە ئەتۆمەکان پێکهاتوون بەهەمان شێوە تایبەتمەندیی دینامیکییان زۆرە. ئەوجار هەر شەخسێکی باڵغ لە زیاتر لە ١٠ تریلیۆن (١٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سلول پێکهاتووە، بۆ نمونە تەنیا پێستی تەنکی دەستی هەرکام لە ئێمە لە میلیۆنەها سلول پێکهێنراوە، هەندێک لە سلولەکانمان لەناو لەشی ئێمەدا ژیانی سەربەخۆیان هەیە و تەنیا کار دەکەن و زۆربەیان بەڵام لە شێوەی تیمی کاردەکەن. بۆنمونە کاتێک کتێبێک ئەخوێنینەوە ئەرکی سلولە عەسەبییەکانی چاومان ئەمەیە کە پەیامی ئەوەی خوێندوومانەتەوە بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەر بگەیەنن بە مەغزمان و هاوکات ئەرکی سلولە ماسکولەییەکانی چاوەکانیشمان لە کاتی خوێندنەوەدا ئەمەیە کە چاومان بەدووا وشەکاندا بجووڵێنن. هەر هەمووو چالاکییە فکری یا هزرییەکانی ئێمە بەهۆی چالاکبوونی سلوولەکانی مەغزی ئێمە موومکین دەبن. چاڕلز شێرینگتۆنی بریتانیایی پسپۆڕی مەغز و ئەعساب و برەوەی خەڵاتی نۆبێلی پزشکی کارکردی نۆڕۆنەکانی مەغز کە پەیامە ئێلێکترۆشیمیاییەکان لە ڕێگای سیناپسە مەغزییەکانەوە بە نۆڕۆنەکانی دیکە دەگەیەنن و هزر پێکدێنن، بە جادوو و موعجیزە ناولێدەبات کە هیچ کۆمپیوترێک تا ئێستاش نەیتوانیوە پێیبگات، بەڵام ئایا لە داهاتوودا کۆمپیوتر لە شێوەکارکردی مەغز درووست ئەکرێت یانا هەم نازانین جارێکە و هەمیش دوورمان ئەخاتەوە لە باسەکەمان و ئێستا گرنگ نییە بۆمان. کەواتە ئێمە ئەتوانین و ئەشێ بەردەوام بخوێنینەوە و هزری نوێ بخوولقێنین. بۆ ئەم مەبەستە ئێمە ئەبێت چالاکتر ببینەوە و خۆمان وشیارتر بکەینەوە، کە وشیاربووین بە وشیارییەوە ئاشق ئەبین، بە وشیارییەوە ژیانی هاوبەش پێکدێنین و نووتفەیەک و مناڵێک کە ئاکامی ئاشقبوونی دوو مرۆڤی وشیار و ئاشق بن، دووجار وشیارتر ئەبێتەوە. ئەوجار بەمەش کۆتایی نایات، ئێمە ئەشێ ئەم مناڵە ساوایە هەر لە ڕۆژی یەکەمی ژیانییەوە بە شێوەیەکی وشیار پەروەردە بکەین، بەردەوام قسەی بۆ بکەین، چوونکە زەینی ناخۆئاگای مرۆڤ هەر پاش پێکهاتنی مەغز لە ناو نووتفەدا، کۆمپیۆترێکی هەڵکراوە کە هەموو شتەکان، هەستەکان، قسەکان، هزرەکان، شەڕەکان، لێدانەکان، خەفەتەکان، شادییەکان و هتاد لەخۆیدا تۆمار ئەکات. ئەمە سەلماوە، کاتێک مرۆڤێک هیپنۆتیزم ئەکەیت و لە حاڵەتی تڕانس یا خێلسەدا ڕاستەوخۆ لەگەڵ زەینی ناخۆئاگای ئەو ئەدوێیت، هەموو بەسەرهاتەکان، بەتایبەت ئەوانەی کە لەگەڵ هەستێکی خۆش یا ناخۆش لە زەیندا تۆمار کراون، ئەگەر لەناو سکی دایکیشیدا بووبێت لەوکاتەدا، هەمووی لە هیپنۆتیزمدا ئەگێڕێتەوە. مرۆڤ بەڕاستی پێویستی بە موعجیزە نییە، چوون ئەو خۆی موعجیزەیە!

هاوبیرانم وادیارە کات بەرەو تەواوبوون ئەچێت، بۆ ئەوەی لە یەکەمین سیمینارردا بەدقەول دەرنەچم بەپەلە ئەچمە پێشەوە تا لە کاتی خۆیدا کۆتایی بە باسەکە بێنم. بەم پێیە مناڵان هەر لە سەرەتاوە ئەبێ پەروەدە بکرێن، نەک بە ئاین یا ئایدیۆلۆژیی حیزبی و سازمانی و پڕیان بکەین لەبۆچوون و بیروبڕوای خۆمان، نا، بەڵکو بەزانست ئەشێ پەروەردە بکرێن و بە هەمە جۆرە زانستێکی وەک شیمی، فیزیک، مرۆڤناسیی، کۆمەڵناسیی، زمانناسیی، مێژوو، جوگرافی، زانستی سیاسیی، ئابووریی، پزشکی، وەرزشی، ڕیازیی و بیرکاریی، مەنتق، فەلسەفە و هتاد

تەسلیح بکرێن. منالێک کە بەم شێوە بار بهێنرێت لە دوازدە بۆ چواردە سالێدا بۆتە سەردار، سەردارێک کە زانا و پسپۆرە بەسەر زانستە مرۆییەکاندا و تا تەمەنی بیست سالی یەک یا چەند دوکتۆرای بەدەستەوەیە و بەزوویی پرۆفیسۆریشە. دیارە لەپاڵ خوێندندا ئەبێت بە تێر و تەسەلی منالیی و یاری جەستەیی خۆی بۆ تەحەڕووکی کردبێت و ئەکرێت یاریگەلی زانستی و هزریش لە پاڵیدا بۆ بەهێزترکردنی زەینی بخرێتە بەردەستی چ بە تاک و چ لە گرووپی چەند کەسیدا. لە نێوان بوون بە سەردار و پرۆفیسۆریدا، یا چاکتر وایە بڵەین لە هەژدەسالی بەدوواوە ئەتوانێت دەورەیەکی بەرگریش ببینێت کە دەکەنە، چەکناسیی، تاکتیکناسیی، تانک، تۆپ، فرۆکە، چەکە گەورە و بچووکەکان، تەنانەت لەوانەیە خۆیان ئەوجار موهەندیسی درووستکردنی چەکی نوێ بکەن. بەڵام هاوڕێیان من دڵنیام ئەگەر کەسێک بەمشێوە پەروەردە بکرێت، هەرگیز پێویستیی بە بەکارهێنانی چەک نابێت، من لە ئێستاوە زەمانەتی ئەم بۆچوونەم ئەکەم، چوون گرفتەکان نەک بە چەک و شەڕ، بەڵکوو بە ئەقڵ و هزر و مەعرفە چارەسەر ئەکات. هاوبیران کاتێک یەکەمجار ئەم باسەم هێنایەگۆڕ هاوبیر ئاوات سەرنجێکی جوانی بوو لەسەریی کە ئێمە حیزبین و ئەمەی من ئەیڵێم پێویستیی بە دەسەڵاتێکی حکومەتیی هەیە کە دەرەقەتی بێت. منیش ئەو سەرنجە بە درووست ئەزانم، بەڵام وەک ئەزانین هەمیشە یەکەم هەنگاوەکان ئاسان نەبوون، ئێمە ئەتوانین وردە وردە لەخۆمانەوە دەست پێبکەین و خۆمان بە خوێندنەوەی کتێبگەلی زانستیی پەروەردە بکەین و وەک باسمکرد بە وشیارییەوە ئاشق ببین و جیلی داهاتوو بار بێنین و وردە وردە دەسپێبکەین، پاش دەسپێکردن ڕێگا خۆی بەشێنەیی هەموار ئەبێت، بگرە چەندەها ڕێگای دیکەش ئەکرێنەوە، پشتیوان و ساپۆرت پەیدا دەبن، مامۆستا و پسپۆڕی خۆنەویست و ئازادبیر پەیدا ئەبن، وڵاتانی پێشکەوتوو و یوئێن دێن بە دادمانەوە بۆ ئەم مەبەستە پیرۆز و درووستە. منیش قەت نەمووتووە ئەمە ساکارە، بەڵام ئەزانم غەیری موومکین نییە! دڵنیاشم ئەم سەردارانە پاش پێگەیشتن لەهەموو وڵاتانی پێشکەوتووەوە داوادەکرێن، بورسییەیان ئەدرێتێ، پێشوازییان لێدەکرێت و بمشێوە ئێمە ئەتوانین پسپۆڕیش بۆ هەموو جیهان هەنارده بکەین. دیارە لەخەیاڵ ئەچێت، بەڵام فڕین بە فڕۆکەش خەیاڵ بوو و وەدیی هات، بەهەشتی بەرابەریی و عەداڵەت و یەکسانیی سوسیالیزمیش خەیاڵە، ئەی بۆ وازی لێناهێنین؟ دەوڵەتی کوردیش بەم هەموو دوژمنەیەوە لە گەورەترین خەون و خەیالی سەردەم ئەچێت، بەڵام ئایا ئەم گەلە واز لەم خەونە دێنێت؟ هەرگیز!

هاوڕێیان کات تەواو بووە و تا دوو خوولەکی دیکە ئەبێت ژووری سێمینارەکە چۆڵبکەین، تکایە با بە خاوێنی ژوورەکە بەجێبێڵین و ئەگەر شتێک لەبەر پێمان ڕژاوە هەڵیبگرین و بیخەینە زبڵدانەکەوە. سپاس بۆ مانەوە و گوێگرتنتان. هەر بژین بەشادیی و خۆشی و هیوادارم کۆڕێکی بەسوود بووبێت و پرسیارەکانیشتان دابنێن بۆ کاتی ئازاد، حەتمەن قسەیان لەسەر دەکەین. چەپڵەی هاوڕێیان بەرز ئەبێتەوە و بەگشتیی دەسخۆشی و ماندوونەبوونی لە شۆڕش ئەکەن، وێڕای ئەوەی کە قامکی ڕامانیان بەدەمەوەیە کە ئەم لاوە منداڵە ئەم زانیاریانەی لەکوێوە هێناوە؟ ئایا شۆڕش نابغەیە؟ هەندێکیان لەخۆیان ئەپرسن. بەڵام بە تەئکید خوێندنەوەی زۆر بێ تەئسیر نەبووە و نییە.

چوار مانگ دەورە بە بەرزی و نزمی زۆرەوە کۆتایی پێهاتووە و سەفەر دووجار بانگهێشت کراوە بۆ سەرەوە بۆ لای سەرکردایەتی حیزب بۆ لێپرسینەوە و ڕوونکردنەوە لەسەر قسەکانی. ئەگەرچی نەیانتوانیوە لەبواری هزریدا بەسەریدا زاڵبن، بەڵام وشیاریان کردۆتەوە کە نابێت هەموو قسەیەک بکات و ئەشێ بە وریایی زیاترەوە خۆی دەربڕێت، چوونکە ئەمە حیزبێکی سیاسی چەکدارییە و پێویستی بە پێشمەرگەی شەڕکەر هەیە و دوژمنەکەیشی دڕندە و لەخۆباییە و بۆیە بەخەیاڵ نابێ بەماڵ! شۆڕش ملکەچی دەنگی زۆرینە ئەبێت و بەڵێن ئەدات ئیتر لەسەر سیاسەتە گشتییەکانی حیزب زیاتر، هیچ نەڵێت و بیروبڕوا تایبەتییەکانی خۆی هەڵگرێت بۆخۆی. چەکدار بووە و ماوەیەکە لە هێزی ئاربەبا ڕێکخراوە. وەک هەموو هاوڕێیانی ئەو ئەرکانەی پێی ئەسپێردرێت بە باشی و ڕەزایەت بەڕێوەئەبات و پاش ماوەیەکیتر ئەرکی بەڕێوەبردنی کتێبخانەی گشتیی ئەخرێتە ئەستۆی کە زۆری پێخۆشە و زۆربەی کاتەکانی یا لە کتێبخانەیە یالەگەڵ ئەم یا ئەو هاوبیری لە باس و مناقشەدایە، دیارە لەچوارچێوەی سیاسەتە گشتییەکانی حیزبەکەیاندا. زستان ئەگات و تەواو ئەبێت. ئەم زستانە زۆر سارد نەبوو، هەوای ئەمدیو گەرمترە تا ناوچەکەی

خۆیان. بەهاریش شەڕێکی ئەوتۆ نەبوو لەناوچە، دووژمن بەڵام ئەیەوێت ئەو پێشمەرگانەی لەودیو سنوورەکان بۆ جەولە و شناسایی لەناوچەکەن لەسنوور بیانکات بەمدیوا.

سەرەتای هاوینە و پەلێکی هێزی ئاربەبا لەناوخۆی وڵات دەرگیر بوون لەگەڵ هێزەکانی حکومەت و هەردوولا خەساری گیانییان بەرکەوتووە، بەتایبەت لایەنی حکومەت زیاتر زەربەی وێکەوتووە. گرووپی زەربەتی سپای پاسدارن بەهاوکاریی ئەرتەش کە ئەرکی پاراستنی سنوورەکانی لەسەر شانە شوێن هێزی ئاربەبا کەوتوون و ئەیانەوێت تۆڵە بکەنەوە، هەموویان بکووژن یاخود لە سنوور وەدەریان بنێن بەرەو ئێراق، بەتەمای تواندنەوەیانن لە ناوچەکە. پێشمەرگەکانیش ئەگەرچی بە نەفەر لەچاو هێزی دوژمندا زۆر کەمترن بەڵام هێزێکی زۆر بە ورەن، تەنیا فیشەک و تەقەمەنییەکانیان ڕوو لە تەواوبوونە، پێشتر بە بێتەل داوای پشتیوانییان کردووە. هێزێکی سەدکەسیی بەپەلە ئامادە و ڕەوانە ئەکرێت. شۆڕش یەک لە بەشداربووانە و بۆ یەکەمینجار ڕەوانەی شەڕ کراوە. لە دڵەوە بڕوای بە شەڕ و کووشتن نییە، شەڕ بە جەهل و نەزانیی و لایەنیی تەی ئاژەڵییەتی مرۆڤ ئەزانێت، بەڵام ڕێکخراوە و لە حیزبێکی نیزامیدا "نا، ناچم، نایکەم" بوونی نییە و نایخوات. شۆڕشیش نایەوێت بە ترسنۆکی بزانن بەڵام ئەیەوێت تابتوانێت خۆی لە شەڕ بپارێزێت. بە بێتەل ناوچەی هاوڕێیانی ناوەوەیان ئەدۆزنەوە. دەمەو ئێوارەیە و خۆر ڕەنگە تا دووکاژێرێکی دیکە ئاوا ببێت و تاریکی شەو باشترین سەرپۆشی هێزێکی چریکییە. لە هاوڕێیانیان نزیک ئەبنەوە، ئەوان چەند ڕۆژێکە لە شەڕدان، زۆر برسی و هیلاکن و هاوکات زۆر تووڕەن بەهۆی گیانلەدەستدانی شەش هاوڕێی پێشمەرگە بەتایبەت کە نەیانتوانیوە تەرمەکانیان لەگەڵ خۆیان بێننە دوواوە. بیست و شەش کەلاکمان لێخستوون یەکیان هاوار ئەکات، یەک لە هاوڕێیان دێت بەرەوپیری هێزی تازەوە و بەخێرهاتنیان ئەکات، هەندێک هاوڕێیانیان لەباوەش ئەگرن و ماچیان ئەکەن. هەواڵی ناوی گیانبەختکردووەکان ئەپرسن، پێیان دەڵێن و تەم و ماتەمین هاوڕای تووڕەیی سەرتاپایان داگیر ئەکات، چوار ژنە پێشمەرگە، هاوڕێیان فریشتە، سانییە، بەیان و نەسرین و سێ پێشمەرگەی پیاو هاوڕێیان ڕەشاد و جەلال و موسا گیانیان بەختکردووە. هێزی پشتیوان خواردنیان بۆ هێناون و ئەبێت پشوو بدەن، چەکەکانیان بۆ پڕ ئەکەنەوە. هێزی تازە گەیشتوو لە هەموو لایەکەوە دامەزراوە، کات تەنگە و ئێواران چاکترین کاتە بۆ هێرش بردن. فەرماندەکان کۆبوونەتەوە و بڕیاردراوە هێرش بکەن و هێزی دووژمن ڕاو بنێن و ئەگەر تەرمی هاوڕێیانیان دەست کەوتەوە بیانگێڕنەوە دوواوە. دووژمن بە جموجۆڵیانی زانیوە و بە تۆپ و هاوەن و کاتیۆشا و دۆشکە ناوچەکە ئەکووتێت، پێشمەرگە چەکی سووک و نیوەقوورس وەکوو ئارپیجی و تیربار و هاوەنی ٦٠ زیاتریان پێ نییە، ئەبێت لە دووژمن نزیک ببنەوە. دوو هێلیکۆپتەر ئەگەنە سەریان، هەندێک بەرزن، بۆردوومان و ڕەگباری دۆشکەکانیان ئەبارێنن. شۆڕش و دوازدە هاوبیری دیکەی لە لای ڕاستی هێلیکۆپتەرەکانەوەن و فەرماندەی پەل هاوڕێ عوسمان مەریوانییە. پێشڕەوی ئەکەن، شۆڕش هاوار ئەکات دووژمن سەری لێشێواوە، ئاخر ئەمە چ تاکتیکێکی نیزامییە، هەم تۆپ و هاوەن و دۆشکە ببارێنن لەکاتێکدا دوو کوبرایان (هێلیکۆپتەری شەڕکەر، ئاپاچی) بە ئاسمانەوەن، هیچ پلانێکیان نییە، دەی هاوڕێیان بۆ پێشەوە. فەرماندە ئەم قسانەی بەدڵ ئەبێت و بە بێتەل فەرماندەی گشتیی ئاگادار ئەکاتەوە کە ئایا لەسەر تەپۆڵکەکانەوە کەس دانەمەزراوە لە کوبراکان بدات. لەم سەروبەندەدا دووکەڵ لە هێلیکۆپتەرێک بەرز ئەبێتەوە و تەعادولی تێکچووە. لە سێ لاوە ئارپیجی بارانیان کردوون، زیاتر بەرز بوونەتەوە، و هاوڕێیان بە تیربارێسێش ڕەگباریان لێدەکەن، بەڵام ڕەنگە بڕنەوەکەی مام عومەر بەسەر شاخە بەرزەکانی ئەوبەرەوە کاریگەریی زیاتر بێت. کوبراکان بەتەمای پاشەکشەن، بەڵام ئاقبەت ئارپیجی یەکیان ئەپێکێت و ئەکەوێتەخوار و ئەویتریش کە تەعادوولی لەدەستدابوو ڕائەکات، بەڵام لە نزیک هێزەکانی خۆیان ئەکەوێتە خوارەوە. دوو کۆپتەروانەکەی کە ئەوەڵ کەوتنەخوار کووژراون، ڕەنگە دووانەکەی تریش کووژرابن، تەنانەت ئەگەر بە چەتریش هاتبنەخوار لەوانەیە بەر فیشەکی خۆیان کەوتبن. هێزی پێشمەرگە لە پێشڕەویدایە، چەند بریندار هەیە و ئەبێ بگوازرێنەوە دوواوە. فەرماندەی گشتی داوا لە هاوڕێیانی پشت جەبهە کە پشوو دەدەن ئەکات، بێن و بریندارەکان بگووازنەوە لای خۆیان. پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی دوژمن نزیک بوونەتەوە و شەڕ زۆر گەرم بووە. پێشمەرگە ئەبێت دەست بە فیشەکەوە بگرێت، شۆڕش کەوتۆتە ناو ئەمری واقعەوە و ئێستا ئیتر کاتی نەزەریی نییە، جلیسقەی شەڕ کە شۆڕش پێداگریی لەسەر کردبوو بوونی نییە و ناخوات، لێرە ئێستا ئیتر یاسای شەڕ حاکمە، بکووژە بۆ ئەوەی خۆت و هاوڕێیانت زیندوو بمێنن. هەوڵ ئەدات بە فکر و تاکتیک بڕواتە بەرەوە و

خۆی لە هێزان و ئیحساسات دوور ڕابگرێت و هاوکات دەست بە فیشەکەوە بگرێت، بەمشێوە بەرهەم و ئاکامیش باشتر ئەبێت. بە سێدانە لە هاوڕێکانی ئەڵێت بچین ئەو سەنگەرە بگرین و داواش ئەکات بە ئاڕپیجی و تیربار سەنگەرەکە لەدوواوە بکووتن تا سەرقاڵیان بکەن و ئەمان پێشڕەوی بکەن. وەک فەرماندە تیم هەڵسوکەوت ئەکات و هاوڕێیانی بە قسەی ئەکەن. شۆڕش ئەڵێت هاوڕێیان بە خشکە ئەچین بەجۆرێک کە نەمانبینن و سێ نارنجۆکی تێدەخەین. هاوڕێیانی هاوران لەگەڵی، بە فرزیی و خشکە ئەچنە پێش. پلانەکەیان ئەیگرێت و سەنگەر مونهەدم ئەکەن، لەوانەیە پێنج شەشێکییان لەو سەنگەرەدا کووشتبێت، بەڵام زۆر نزیکن و دوژمن پێیان ئەزانێت، دێن بۆیان، تیرباری پێشمەرگە لەدوواوە مەجال لە دووژمن ئەبڕێت و دووانیان ئەخەن و باقییەکەیان ڕائەکەن. بڕیاری فەرماندەکان گێڕانەوەی تەرمەکان بووە، سێ تەرمی دیکەی هاوڕێیان لەبەر دەستدان. ناوە تازەکان هێشتا دیار نین، شەڕ قوورستر بووە و سەرباز کە هیچ بیر و بڕوایەکی بە نیزام نییە،سەنگەرەکانیان چۆڵ ئەکەن و لەبەرەوە ڕادەکەن، ئەوانەی ماونەتەوە جاش و پاسدارە ئەقیدەتییەکانن، بەڵام زۆر نین. بە شێنەیی پاشەکشە ئەکەن و ئەوەندەی فریا بکەون سەنگەرەکانیان مینرێژ ئەکەن پێش ئەوەی بەجێیان بێڵن، بەڵام هاوینە و زەوی وشکە، شوێنە تەڕەکان دیارن، یاجێگای نارنجۆک و ئاڕپیجی پێشمەرگەن کە هەڵکەندراون و دووکەڵی ڕەشیان پێوەیە یا مینن، وە ئەم زانستە نیزامییە پێشڕەویی پێشمەرگە مومکین دەکات و لەهەر کوێ پێیانوایە مینێکی تازە چندراوە چێوێک ئەچەقێنن بۆ ئەوەی هاوڕێیانی دیکە ببینن. بەڵام مینە کۆنەکان هێشتا زۆر جێگای مەترسین و جێیان دیار نییە و لەو پەلەپەلەدا مین نادۆزرێنەوە. یەک لە هاوڕێیانیان بەولادا ڕۆیشتووە بەرەو پێشەوە و لەمان جیابۆتەوە. شۆڕش و دوو هاوڕێی دیکەی بەناوەکانی بابەک و بارام لەملاوە بەدەم تەقەوە و بەوریایی و کۆمەکۆمە پێشڕەویی ئەکەن و وریای مینەکانیشن. فیشەکێک ڕانی چەپی بارام ئەپێکێت و برینداری ئەکات و توانای پێشڕەویی نامێنێت، شۆڕش و بابەک بەتەمان بیگوازنەوە دوواوە، بەڵام فەرمانی هێرش بەرەو پێشەوە ئەدرێت و بارام جارێکە جێگای ئەمنە و دووژمن لێی دوورن، ئەبێت بۆخۆی قاچی ببەستێت و چەکەکەی بخاتە بنباڵی و پاشەکشە بکات یا لەبەر فیشەکی وێڵ، ماتڵ بێت تا یارمەتی ئەگات. دووژمن تێکشکاوە و بەڕوواڵەت ئەقیدەتییەکانیش بەرەودوواوە ڕائەکەن. شۆڕش و بابەک لە سەنگەرێک کە لە چۆڵکراو ئەچێت نزیک ئەبنەوە و بەتەمای کۆکردنەوەی فیشەکن کە لە دووژمن بەجێ ماوە بۆ ئەوەی خەشابەکانیان پڕ کەنەوە، ئاگادار نین، مینێکی پەنجەرەیی پێشتر چندراوە و لە کەمینیان داندراوە. کۆنترۆڵەکەی لە دوورەوە بەدەست دوژمنەوەیە و ئەیتەقێننەوە بەڕوویاندا، لێرە ئیتر جلیسقەی گوولەپارێزیش کار ناکات، بابەک لە ڕووبەڕووی مینەکە بوو، دەستبەجێ گیانیبەخت ئەکات، شۆڕش هەندێک لابەلاتر بوو تەنیا بریندار ئەبێت، قاچەکانی باشن، هەندێک پریشک بەر قۆڵی ڕاستی و سەر سنگ و لای گوێچکەی کەوتوون. هەندێک حاڵەتی مەوجگرتوویی هەیە و گێژ بووە، خۆی ئەگەیەنێتە سەر تەرمی هاوڕێ بابەک. گیانی تیانەماوە و دەمووچاو و لەشی تێکچووە و ناناسرێتەوە. چەکەکەی بۆ ئەخاتە سەر سنگی و تاقە خەشابێکی پڕی پێمابوو، هەڵی ئەگرێت و ماڵئاوایی لێ ئەکات و بەجێی دێڵێت و ئەڕواتە پێش، تووڕەیە و ئاژەڵییەتی ئێستا زۆر بەهێزترە لە ئەقڵییەت و مرۆڤایەتیی ئەو. ئەوەی کە نەیدەویست ڕوویدات تازە ڕوویداوە، شەڕ بەرپەرییەتە، بەڵام ژێردەستەبوون و زووڵم و ستەم ئەبێت کۆتایی پێبێت. بڕوا پێشووەکانی کە ئەیوت شەڕ ئاشتی ناهێنێت ئێستا لەبیرچوونەتەوە، نایخۆن لێرە، بکووژە با خۆت و هاوبیرانت زیندوو بمێنن، یاسای شەڕە، ڕازی بەقا و مانەوەیە، بەهێز ئەمێنێت، لاواز تیائەچێت، هەمیشە وابووە! مەوجی مین هێندەیتر شێتی کردووە. پێشڕەویی ئەکات بە بێ ئەوەی بزانێت بەرەو کوێوە ئەچێت. بەدەگمەن تەقەکان ئەبیستێت، هێشتا کاسە. هەوا تاریکتر بووە، چاو ئەگێڕێت، دووکەڵ لەهەموولایەک بەرز بۆتەوە، نازانێت بەرەوکوێوە پێشڕەوییە و کوێ شوێنی پاشەکشەیە. چاوی بە دوو هاوڕێی ئەکەوێت کە هەندێک دوورن و کۆم بوونەتەوە و بەرەو شیوەڵانێک کۆمە کۆمە ڕادەکەن، پێشڕەوی دەکەن یا پاشەکشە؟ نازانێت و دەنگیشی نایانگاتێ. دووژمن نابینێت، تەقە لە کێ بکات؟ دائەنیشێت هەم پشوو بدات و هەم خەشابەکانی پڕ بکاتەوە، ئەبێ زیاتر وریای مینەکان بێت لە تاریکیدا. بەڵام هەستێکی نامۆ هەمووگیانی داگیر ئەکات، سەر هەڵئەبڕێت، هیچ نابینێت، ماوەیەک بێدەنگ خۆی کز ئەکات، هیچ نییە، دەست ئەکاتەوە بە خەشاب پڕکردنەوە، شتێکی وەک سێبەرێک خێرا لەبەر چاویەوە تێئەپەڕێت، زۆر بە کوورتی ئەیبینێت، ڕووی چەکەکەی تێ ئەکات، کێی خۆت بناسێنە؟ وڵام نییە، سەر هەڵ ئەبڕێت، دووژمنە، دێنە پێشەوە بۆی، تەقە ئەکات، دەست بە

فیشەکەوە ئەگرێت، دیارە ویستوویانە بە زیندوویی بیگرن، یەکیان دێتە قسە، کوردە و جاشە، بەدەنگی بەرز هاوار ئەکات، خۆت بدە بەدەستەوە با نەکووژرێیت زۆڵی هیچ و پووچ، چەکەکەت فڕێ بە و دەستەکانت هەڵبێنە خوێڕیی، ئێمە زۆرین تۆ تەنیایت. گوێچکەی شۆڕش هێشتا کپە، بەڵام جاشەکە نزیکە و دەنگی ئەبیستێت، شۆڕش وڵام ناداتەوە، هەموو شتێک ڕوونە، گەمارۆ دراوە، شەڕ ئەکات و خۆی نادات بەدەستەوە، بەڵکوو یارمەتی بگات. تەنیا سێ خەشاب فیشەکی پێماوە و فریا پڕکردنەوەی زیاتر نەکەوتووە، ئەخیر نارنجۆکی ئەکێشێت و تا سێ ئەژمێرێت و فڕێی ئەدات بەرەو دەنگەکە، تەقریبی ئەزانێت چەندە لێی دوورن، هەر دە مەترێک ئەبێت و ئەیەوێت نارنجۆکەکەی بگات پێیان، بەڵام برینەکەی مەجالی نادات و کوورت ئەیپێکێت. نارنجۆک بەفیڕۆ چوو، گوێچکەی ئازارێکی زۆری تێکەوتۆتەوە. ئەیەوێت گوێکانی ببەستێت هیچی پێ نییە، دانە دانە تەقە ئەکات و هەر تەقەیەک بۆ ئەو کڵپەیەکە کە ئازاری گوێچکەکانی ئەدەن، تەقەی لێدەکەنەوە، دیارە نایانەوێت بیکووژن، هەڵبەت پێویستییان بە زانیارییە، دەنا نارنجۆکێکیان بۆ دەهاویشت. ئەوان زۆرن، ئەبێ تازە گەیشتبن و هێزی پشتیوانی دووژمن بن، بەڵام شۆڕش بەتەما نییە خۆی بدات بە دەستەوە، لە سێ لاوە دامەزراون بۆی، نازانێت دەقیقەن چەند کەسن، هێزەکانی خۆیان دیار نەماون، ڕەنگە زۆر چووبنە پێش یا پاشەکشەیان کردبێت. بەرگریی ئەکەم، بەڵکوو هاوڕێیانم پەیایان ببێت بە خۆی دەڵێت. نیشانە ئەگرێت و یەک ڕەگبار ئەتەقێنێت، یەکیان ئەپێکێت، هەموو تەقەی لێدەکەنەوە و پێشڕەویی ئەکەن، چەند ڕەگباری تر ئەکات، فیشەکەکانی تەواو ئەبن و یارمەتی ناگات. ئەخیر فیشەکی ئینفجاریی خۆکووژیی لە گیرفانی دەردێنێت و چەکەکەی موسەلەح ئەکات. ئەیەوێت کە هاتن بیگرن لەبەر چاویانە بە خۆیەوە بنێت. پێنج خوولەکێکە هەموو بێدەنگن و جاشەکە هەر داوی خۆبەدەستەوەدانی لێدەکات، نە دەنگی ئەبیستن و نە تەقە ئەکات شۆڕش، ئەزانن کە فیشەکی نەماوە، دەست لەسەر ماشە دێن بۆی. چرکەیەکی زۆر هەستیارە، شۆڕش بەتەمایە خۆی خۆی ئیعدام بکات بۆ ئەوەی بەردەستی دووژمن نەکەوێت. دەنگێکی ڕەسەن لە مێشکیدا پێی دەڵێت خۆت بدە بە دەستەوە، هەڵە نەکەیت، کارت زۆرە هێشتا، هێشتا سەرەتای ژیانتە، پلانەکانت پلانەکانت! ئەمە کێیە ئەمدوێنێت؟ نازانێت! کات نییە ئەبێت بڕیار بدات! نووکی چەکەکەی لە ژێر ملی دەر دێنێت و پاڵی لێئەداتەوە و ڕووی چەکەکەی لە باوەشیدا بەرانبەر دەنگی جاشەکە ئەگرێت، تا بێن بیگرن. دێنە پێشەوە بۆی، جاشەکە ئەبینێت، جلی کوردیی لەبەرە، شۆڕش هاوار ئەکات خوێڕیی ئەو جلانە داکەنە تۆ کورد نیت و ئەخیر فیشەکەکەی بێ نیشانە گرتن بە جاشەکەوە دەنێت و سەر سنگی ئەپێکێت و تێیدا ئەتەقێتەوە و دڵ و سیپەلاکی هەڵ ئەتەکێنێت و هەر لەویا ئەیکووژێت، ئەمە بۆ هاوڕێ بابەک، لە دڵی خۆیدا ئەڵێت. بە فڕکە چەکەکەی لەدەستی ئەسێنن و بە سێدانە پاسدار ئەکەونە گیانی و ئەوەندەیتر نیوەگیانی ئەکەن و دەستەکانی لەدوواوە ئەبستن و چاوەکانیشی ئەبەستن. شۆڕش ئەو چاو بەسترانەی پێخۆشە، چوون گوێکانیشی بەستراون پێوەی و هەندێک ئازاری کەمتر کردۆتەوە و ئەگەر لە پشت پیکابەکەیان دایبنێن، بای پشت پیکاب گوێکانی ئازار نادەن. تاریک بووە و تەنیا تاک و تروک تەقە ئەبیستێت یا ڕەنگە شەڕ هەر بەردەوامە و ئەم تووشی کەڕیی کاتیی بووبێت بۆیە دەنگی تەقە کەمتر ئەبیستێت. ماشین بە خێرایی و لەترسی ئاڕپیجی پێشمرگە بەو جادە خاکییە ناڕێکوپێکەدا ڕێ ئەکەوێت و شۆڕش لەپشت پیکابەکەوە بە برینداری و دەست و چاوی بەستراو لە کەفی پیکابەکە فڕێدراوە و لە خەیاڵدایە: بۆ خۆمم نەکووشت، ترسام؟ ئەگەر ترسابام تەقەم نەدەکرد و ئەو جاشە خوێڕییەم نەدەکووشت، بەخوا چاکم تۆپاند! باشە ئەو دەنگە چیبوو هاتە ناو مێشکم؟ شێت بووم؟ لەپڕ هەست بە تەرمی جاشەکە ئەکات لەپاڵیا خستوویانە و خۆیشی خوێنی زۆر لێڕۆشتووە. ژێری تەڕ و گەرمی خوێن بووە. دوو خوێنی دژ بەیەک تێکەڵ بوون، یەک پاک و وڵاتپارێز و شۆڕشگێڕ، ئەویتر ناپاک و خیانەتکار، ڕاستی کێ ئەمە دیاری ئەکات کامیان پاک و کامیان ناپاکن؟ مەحەک چییە؟ ئای لە مرۆڤ چەند وەحشییە، چەند بەڕبەڕە، چەند شەڕئاژۆیە، چەند خۆ ویستە....، چەند....! شۆڕش لەکەمخوێنیی و ئازاردا بەدەم خەیاڵەوە بێهۆش ئەبێت!

**زیندانی ئیتلاعات**

به بریندارێی لەجەرگەی شەڕدا گیراوە، حوکم بە دڵنیاییەوە تیربارانە. ئازاری زۆرە، پەشیوان نییە لەوەی خۆی نەکووشتووە، نەدایەک وەحی ئاسا تێگەیاندبوو کە هیوای لەدەست نەدات، ژیان ئەشێ بەردەوام بێت. بەیانیی زوو بە فڕکە گەیاندبوویانەوە ناو شار و زیندانی ئیتلاعات. بە بریندارێی فڕێدراوەتە ژوورێکی تاکەکەسی یەک لە دوو مەتر، لەسەر سمیتێکی ساردوسڕ کەوتووە. سەرمایەتیی، بەشێکی هی ئەوەیە کەمخوێن بووە. برینەکەیان لەناو ڕێدا بەشێوەی کاتیی هەندێک پێچاوە، بەڵام هێشتا خوێنی لێ ئەتکێت. وردە وردە پێدەچێت لە کەمخوێنیدا لە هۆش خۆی بچێتەوە. ماوەیەکیتر ئەبات تا دەرگای ژوورە ساردە تاکەکەسییەکەی ئەکرێتەوە، بەڵام کاتێک ئەگەنە سەری لەهۆش خۆی چووتەوە، وائەزانن گیانی داوە، پزشکەکەیان پەنجە ئەخاتە سەر نەبزیی بن ملیی و سەروو دەستی چەپی، بەڵێ ماوە، سوورومی لێ وەسڵ کەن، ئەبێ پڕیشکەکانی ناو لەشی دەربێنین دووکتۆرەکە بە پەرەستارە پیاوەکانی ئەڵێت. دەرزیی ئازار و تەقوییەتی لێبەن، نابێ جارێکە بمرێت، کارمان زۆر پێیەتی، عەلی ناسراو بە عەلی شیعە دەستوور بە دوکتۆرەکە ئەدات. کاری دەرهێنانی پریشکەکان و دەرمان و زامپێچان تەواو ئەبێت و بۆ ئەوەی بمێنێت پەتوویەک ئەخەنە ژێریی و یەکی پیا دەدەن و بەجێی دێڵن و دەرگای ئاسنیی لەسەر دادەخەن. حەمید ناوێک لە پشت دەرگاکە دادەنێن کە زووبەزوو لە کوونی پەنجەرەمانەندیی دەرگاکەوە چاو لێبکات بزانێت کەی هۆش خۆی دێتەوە، بۆ ئەوەی بازجوویی دەست پێبکەن.

ئەگەرچی دەرزیی ئازاربڕی زۆر بەهێزیان لێنەدابوو، بەڵام وادیارە هیلاکیی شەڕ و لاوازیی جەستەیی بەهۆی کەمخوێنی و برسیەتییەیەوە و ئەو دەرزییە لاوازەش بردوویانەتە خەوێکی قووڵەوە. سێ کاژێر زیاترە خەوتووە، هێشتا خەبەری نەبۆتەوە. عەلی شیعە پەیای بۆتەوە و هاوار ئەکات هەر چۆنێک بووە خەبەری بکەنەوە، پەلە بکەن، ئەمەوێت بزانم پلانیان چی بووە و مەبەستیانە بەرەو کوێوە بڕۆن. حەمید دیسان دەرگا ئەکاتەوە و شەپێکی تێ هەڵدەدات و چەند زللەی لێدەدات کە وەخەبەری بێنێتەوە، بەڵام وادیارە ئەو بەتەما نییە جارێکە بەخەبەر بێتەوە، هەرگیز ئەوەندە خۆشخەو نەبووە، تووشی ئایفۆڕیی و بێهۆشییەکی لەڕادەبەدەر خۆش بووە، ئەننەهوو هیپنۆتیزم کرابێت و خۆبەخۆ چووبێتە قۆناخی قووڵی ئێزدایلەوە. لەم قۆناخە لە هیپنۆتیزمدا مرۆ ئیتر لەشی نییە، بەڵکوو منی هەقیقیی خۆیەتیی بە بێ لەشی، تەنیا هزر و فکر و خەیاڵە، گرنگ نییە جەستەی لەکوێیە و لە چ هەلومەرجێکدایە، ئەو خۆی لە پەروازدایە و بێ ترس، بێ واهیمە سەردانی هەموو کوون و قووژبنە ئارەزوو کراوەکانی ئەکات. ئەکەوێتە قسە لەگەڵ هەرکەس کە ئارەزووی بکات. شەپ تێهەڵدانی جەلاد، زللە لێدانی جەللاد، تەنانەت فیشەک پێوەنانی جەلادیش هیچ لەو ناگۆڕن، مەگەر ئەوەی کە ئەو فیشەکە بیکووژێت و "منی" ئەو ئیتر هەرگیز نەگەڕێتەوە!

کات وەستاوە. نە کات بوونی هەیە و نە ژوور و مەکان. شۆڕش لە مێشکیدا لەگەڵ یارێک ئەدوێت، یارێک کە نایناسێت، نازانێت کێیە، بەڵام ئاشنایە. هەست ئەکات ئاشقییەتی و خۆشی ئەوێت، بۆخۆشی نازانێت بۆچی، بەڵام حەزی لێ ئەکات، متمانەی پێی هەیە، هەردەڵەی هەزاران ساڵە ئەیناسێت. ئەمە چ ڕازێکە؟

- تۆ بۆ هێندە سەرسەختیت؟
- تۆ کێیت؟
- من هاوڕێتم
- دەنگت ناناسم، تەنانەت بۆم لێکنادرێتەوە ژنیت یا پیاو!
- ئێمە ئوسولەن جنسییەتمان نییە!
- مەبەستت چییە؟
- ئێمە هەرکاتێک دێینەوە سەر ژیانە زەوینییەکان، بۆخۆمان جەستە و جنسییەتەکان هەڵدەبژێرین کە ئایا لەسەر زەوی لەجەستەی ژندا بژین یا پیاو!

- یانی نۆیترالّن ئێوه؟
- بەڵێ، خۆشت لە ئەساسدا وەک من خوونسایت، ئێستا لە جەستەی نێرینەدایت، بەڵام لە جەستەی مێینەشدا بوویت؟
- کەی؟ چۆن؟
- لە چەندین ژیانی دیکەت لەسەر زەویی!
- مەسخەرەم ئەکەیت؟ نا دووایی خۆت تێمدەگەیت!
- ئەی باشە ناوت چییە؟
- ناوم گرنگ نییە، گرنگ ئەمەیە کە تۆ هەست بە بوونی من ئەکەیت لێرە!
- من مردووم؟
- نا نا نەمردوویت. مردن چییە؟ ئەتوانیت بۆمی شی بکەیتەوە؟
- مردن کاتێکە کە گیان لە جەستەدا نامێنێت!
- نا تۆ گیانت هەر لە جەستەتدایە و بەم پێیە زیندوویت.
- ئەی بۆ ئازارم نەماوە، خۆ من بریندارم.
- ئاخر تۆ ئێستا هەر لە مێشکتدایت و نەک لە جەستەتدا.
- مادەی هۆشبەرم لێدراوە؟
- کەمێکت لێدراوە، بەڵام بەو هۆیەوە لێرە نیت.
- لە کوێ نیم؟
- لە لامەکان. لەبیرتە باسی خێرایی سلولیت بۆ هاورێکانت ئەکرد و ئەتوت جەستە لە خێرایی نووردا مەحو ئەبێتەوە و مرۆڤ ئیتر هەر تەنیا هزرە. ئێستا تۆ هەر تەنیا هزریت. پێتوایە ئەو زانیاریانت لە کوێ هێنابوو؟
- تۆ خودایت؟ چوون من شتێکم بەوناوە قەبووڵ نییە، خودا لێرە ڕۆژانە ژن و منالّ ئەکووژێت، خودا هەزاران ساڵە مرۆڤ ئەکووژێت! خودا ....
- نا من هەو نیم، تۆ ئەتوانیت ئەو خودایەم بۆ شی بکەیتەوە بزانم چلۆن ژن و منداڵ ئەکووژێت؟
- بەڵێ لە کتێبە کۆنەکاندا هاتووە کە خودا ئیبراهیم ناوێکی ناردووە، گوایە ئەبێت مرۆڤەکان تەنیا ئەو بپەرەستن، ئەو یەگانەیە،تەنیایە، زاڵ و زاڵمە، هەموومانی درووست کردووە، هەموومانی خۆش ئەوێت و بەڵام لە جیهانی پاش مەرگ تۆڵەشمان لێدەکاتەوە، ئەمانبرژێنێت و مرۆڤکووژە سەر ئەرزییەکانیشی کە بەناوی ئەوەوە کۆمەڵکووژی دەکەن، پاداشتیان بەهەشت و شەراب و ٧٢ حۆریی ناسک و نازدارە! ژنان و کچان لەهەردووک لا ئالەتی سێکسی پیاوانیانن بە ویستی ئەو خوایە، پیاوانێکی ڕیشن کە ئارەقە و بۆگەندیان ڕۆژەرۆیەک ئەڕوات. پاش ئیبراهیم کووڕەکانیی ئەم نوێنەرایەتییە ئەگرنە ئەستۆ، ئەسحاق کووڕی سارا ئەبێتە بنەمای مەسیحییەت و ئیسماعیل کووڕی هاجەر ئەبێتە بنەمای دامەزرانی ئیسلام. سەرەتا موسا لەناو قەومی سامی بەنی ئیسرائیلدا یەهوودییەت ڕائەگەیەنێت و دە دانە یاسا لە لایەن خوداوە بۆ پەیرەوانی دێنێت و ئەوجار ئەگاتە سەردەمی عیسا و ناوبراو خۆی بۆ بیروبڕواکەی لە خاچ ئەدرێت، بەڵام کلیساکانی ئەویش خۆیان دوواتر مرۆڤ بە زیندوویی ئەسووتێنن و پاشانیش محەمەد سەرهەڵدەدات کە دڕترین و شەڕئاژۆترین نوێنەری خودایە و ئەمرۆکەشی لەگەڵ بێت پەیرەوەکانی بە نوێنەرایەتی ئەوەوە مرۆڤ سەرئەبڕن و هەر جۆرە کۆمەڵکووژییەک بەناوی دارولحەرب و ئەنفال و جەهاد و پەرەپێدانی دارولئیسلام بۆخۆیان بە حەڵاڵ ئەزانن و سکی کچانی هەشت و نۆ ساڵەی نازدار بە ناوی کافر پڕ دەکەن و ئەوجار بە کەنیزەکی ناو ماڵیان و بە کەرەستەی خۆشگووزەرانی و هەوەسبازییەکانی خۆیانیان ئەگرن. ئەمانە جدیترین نوێنەرانی ئەو خودایەن. وای کە ژیان لە ژێر دەسەڵاتی ئەمانەدا بێواتا و پووچە!

- خودا هیچ نوێنەرێکی نییە، خودا بە واتایەک بوونی نییە و بە واتایەکی دیکە لە دەروونی هەموو مرۆڤێکدایە. خودا کۆلێکتیڤە، خودا شادییە، ئەشقە، دەروونێکی گەشە، ئاشتییە، مێهرە، موحیبەتە، خۆشەویستییە، تۆیت، منم، هەموومانین. هەرکام لە ئێمە زەڕەیەک لەوین، خودا گیانە، وزەیە، ژیانبەخشە و نەک ژیان بستێنێت. ئەوانەی بەناوی ئەوەوە قسە دەکەن، مرۆڤ ئەکوژن، تەجاوز ئەکەن و هتاد، سونبولی خراپەن، سونبولی بەدن، ئیبلیسن، شەیتانن.
- ئای کە چەندە بەم قسانەت ئاسوودە بووم. بەڵام تۆ پێت نەوتم خۆت کێیت و بۆ ئەدوێیت لەگەڵ من؟
- من تاکە هاوڕێ و هاوژینی هەقیقیی و هەتایی تۆم!
- مەبەستت چییە لە تەنیا هاوڕێ و هاوژینی هەقیقی و هەتایی، من هاوڕێی هەقیقیم زۆر زۆرە!
- بەڵێ هاوڕێیانی سەر ئەرزیتن ئەوانە. بەڵام من هاوڕێی دایمیتم، من نزیکترین فامیلی تۆم. ئێستا ئەمانە گرنگ نین. تۆ بۆ هێندە سەرسەختی ئەکەیت؟
- مەبەستت چییە؟
- تۆ فیشەکێکت هەڵگرتبوو بۆخۆت، ئەی بۆ فیشەکەکەت نەنا بە خۆتەوە؟
- ڕەنگە ترسابم! نا نا، پێموترا دەست ڕاگرم، کارم زۆر ماوە! تۆ خۆت بوویت؟!
- بەڵێ سەرسەختیت کرد.
- سەرسەختی بۆچی؟
- بۆ ئەوەی پلانەکەت سەرخەی!
- بۆ تۆ ئاگات لە پلانەکانی منیشە؟
- تۆ تەنیا یەک پلانت هەیە و ئەویش پێکەوە دامانڕشتووە!
- تۆ شتێک بڵێ کە من بڕوای پێ بکەم، ڕاستە متمانەی تەواوم پێت هەیە و هەست ئەکەم زۆرم خۆش ئەوێیت، ئەویش نازانم بۆ، بەڵام من هیچ پلانێکم لەگەڵ تۆ دانەڕشتووە!
- بەڵێ داتڕشتووە و هەر بەو مەبەستەش هاتوویتەوە سەر زەویی بۆناو جەستەی سەفەر!
- چی؟ من بۆخۆم هاتووم کە بژیم و ببم بە سەفەر؟
- بەڵێ تۆ هەم جەستەی سەفەرت هەڵبژارد و هەم ئەتزانی سەفەر چ جۆرە مرۆڤێکی لێ دەردێت، ڕێک ئەو کەسە بوو کە تۆ بۆ بەڕێوە بردنی پلانەکانت ئەتویست.
- بڕوا ناکەم، بۆ یانی تۆی ناشناس ئەتەوێت پێم بڵێیت کە ژیان لەسەر زەویی پلانە و پێشتر داڕێژراوە؟
- بەڵێ ڕێک ئەمەوێت ئەمەت پێ بڵێم، ئەوەی ڕوودەدات، لەخۆوە ڕوونادات.
- ئاخر مەسەبییەکانیش هەروا دەڵێن و بڕوایان بە قەزا و قەدەرە!
- بەڵێ بەڵام ئەوان چاولێکەری دەکەن. موئمینترینی ئەم مەسەبییانەش کەتێک لە جادەیەک ئەپەڕنەوە بەجێی جارێک، سێ جار سەیری ئەملاولای خۆیان ئەکەن کە ژێر ماشین نەکەون و لە شەڕەکاندا لە حەوت کوون خۆیان حەشار دەدەن بەر فیشەکی وێڵ نەکەون، تەنانەت محەممەدی سەرکردەی ئەو بیروبڕوایەش کاتێک دەچووە شەڕ بە بیست سی کەس دەوریان ئەگەرت تیری وێڵی بەرنەکەوێت، لەکاتێکدا دەبوو مردن و ئەجەل بۆ خواکەیان بهێڵنەوە!
- ئەی کەواتە من ئەگەر بەوتەی تۆ بە پلانی خۆم هاتوومەتەوە بۆ ناو جەستەی سەفەر، بۆچی بەم کەین و بەینەم نازانم؟
- تۆ ئەتزانی کە چوویتەوە سەر زەویی هیچت لەبیر نامێنێت، بەڵام هەندێک هێما و نیشانەت دانابوو کە بیرت بخەنەوە، یا ڕێگات نیشان بەن، بۆنمونە بەشەڕ هاتن لەگەڵ باوکی سەر ئەرزیت کە هانت بدەن بڕۆیت! لەبیرت ماوە بێ پلان سەرت پێوەنا و ڕۆیشتی بۆ چۆمان؟ هێزێک پاڵی پێوەنایت بڕۆیت! گیران و ئەشکەنجە درانەکانت، خۆنەکووشتنت، ئەمانە هەمووی هێمان، گوێ لە دەروونی خۆت بگرە و جوان لێیان بڕوانە، سەرنجیان پێ بە.....
- ئەم قسانە بۆ هاوڕێکانم یا بۆ هەر کەسی دیکە بگێڕمەوە، پێم دەڵێن تۆ شێت بوویت!

- ڕاستە، هەر بۆیە بە پێی پلانەکەی خۆت بڕیار نییە ئەمانە بۆ کەسیان بگێڕیتەوە، تەنیا شوێن ئامانجەکەت ئەکەویت کە داتناوە بۆخۆت؟
- من ئامانجی خۆم ئەناسم، هاتووم بۆ خەبات و بەرگریی لە دژی نیزامێکی دڕندە و خوێنمژ کە خۆی بە نوێنەری خودا داناوە، تا ڕووخاندن و لەناو بردنی هەر هەموو ئاسەوارەکانی! ئەوجار خەباتی ئێمە هێشتا بەمانەش کۆتایی نایات و خەباتی چینایەتی دەسپێدەکات!
- بەڵام تۆ خۆت ئەتزانیی کە ئەمە ڕێگاچارەی سەقامگیریی ئاشتیی و ئاسایش نییە. تۆ بۆخۆت چاک ئەتزانیی کە ئەگەر توندوتیژیی بەرانبەر هەر ئاین یا ئایدیۆلۆژییەک بکرێت کە هەزاران ساڵە لە مێشکی میلیاردەها مرۆڤدا جێکەوتووە، ئەگەر دەسەڵاتەکەشی بڕووخێنیت، بەڵام هاندەران و لایەنگرانییان ژیلەمۆیەکن کە هەر سەر هەڵئەدەنەوە و هەمدیسان ئەبنەوە بە پشکۆ و دایسێنەوە! تۆ بیر لە گۆڕانییە سەر ئەرزییەکانتان بگرەوە کە ئەمەت بە گوێدا ئەخوێنێتەوە. ڕاستە ئەم هەڵایسانەوە تۆ وەک سەفەر یا شۆڕش ناوێک یا هەرچی، بەفەرمیی و تەنیا بۆخۆت و هەڤاڵانتی قایلیت، بەڵام بەرانبەرەکەشت هەر شەڕ ئەکات بۆ مانەوەی خۆی. مرۆڤەکان هەزاران ساڵە دەیان بەرەی ژیلەمۆی دژ بە یەکن لەسەر زەویی، کە بەردەوام هەر ماوەی جارێک داتان دەمرکێننەوە و هەر دایسێنەوە و هەر دەبنەوە پشکۆ و ئاگر و لەیەک بەردەبنەوە. کەواتە ڕێگا لەیەک بەربوونەوەی هەمدیسانەوە و هەمدیسانەوە نییە، ڕێگای ئاشتبوونەوەیەکی گشتیی و سەقامگیر لە ڕێزدانان بۆیەکتر و پێکەوە گوفتوگۆ کردنە تا گەیشتن بە ئامانج کە ئاشتەواییەکی سەقامگیر و دایمییە، داڕشتنی سوونەت و نەریتێکی لەمچەشنەیە بۆ بەرقەراریی ئاشتیی بۆ هەتا هەتا لەسەر زەویی. تۆ ئەمڕۆکە نوێنەری ئەم ئاشتییەیت! قسەکانی خۆت لە سێمینارەکەتدا لەبیر نەماوە؟! پێتوایە ئەو قسانەت لەکوێوە ئەزانیی؟!
- بەڵێ لەبیرمە، بەڵام ئەوان زۆر نامرۆڤ و وەحشین، ڕەحم بە منداڵی سەر بێشکەش ناکەن.
- ئەزانی چی سارگۆن، تۆ ئەتزانیی کە مرۆڤ لەوحێکی پاکە، بیر و بڕوا و فکر و هزری سەرئەرزیی و سوونەت و نەریتە کۆنەکان کە لە توێی هەزاران ساڵ ماونەتەوە، مێشکی داگیر ئەکەن و ئەیکەن بە مرۆڤێک کە بۆ بیر و بڕواکەی مرۆڤیتر بکووژێت، بۆ مەگەر تۆش وەک شۆڕش لەوانت نەکووشتووە؟ بەڵام ئایا تۆ مرۆڤکووژ بوویت؟ تۆ مێشێکیشت نەکووشتبوو، بەڵام کاتێک بووی بە حیزبیی و خاوەن بیروبڕوایەکی ئایدیۆلۆژیک مرۆڤ کووشتنیشت بۆخۆت حەڵاڵ کرد.
- بەڵام من تەنیا ئەو دڕندانە ئەکووژم!
- نا نا توند مەڕۆ ئێستا، ئەوانیش وەک شۆڕشی ناویی، بۆ بیر و بڕوای خۆیان شەڕ ئەکەن، شەرعەکەی ئەوان ڕێگا بە بێڕەحمی ئەدات، ئایدیۆلۆژییەکەی تۆ کە بیرێکی نوێتر و سەردەمییانەترە ڕێگا تەنیا بە کووشتنی ئەوان ئەدات. بەڵام نە ئێوە و نە ئەوان بۆ کووشتنی یەکترین نەهاتوونەتە سەر زەویی.
- ئەی بۆچی من ئەمانەم لەبیر نەماوە، ئەگەر من خۆم گوایە پێشتر پێیانم زانیوە؟
- سڕەکە لەمەدایە، ئەگەر هەر مرۆڤێک کە هاتۆتە ژیان، خێرا سەری لەم سڕەش دەر بهێنایەت، ئێستا لەمێژ بوو ئاشتیی لەسەر زەویی سەقامگیر ببوو، بەڵام تەنیا ڕۆحە بەرزەکان ئەتوانن سەر لەو پلانانەی خۆیان کە بۆ سەر زەویی دایانڕشتووە، دەر بێنن، ئەو ڕۆحە پێشکەوتووانەی کە زۆر ئەزموونی هاتنە سەر زەوویان پێیە و ڕەنگیان بنەوشە و بەرەو قەترانیی بوون و تووانەوە لە ئەبەدییەتدا ئەچن. ئەوانەش کەم نەبوون کە لە توێی هەزاران ساڵی ڕابردوو بەردەوام هاتوونەتە سەر زەویی و بوونەتە جێگا متمانەی خەڵکانێکی زۆر و بگرە سەریشیان لە پێناو ئاشتی و یەکسانیدا دانابێت، بەڵام هیچکامیان بە ئاکام و ئامانجیان نەگەیشتوون، یا ڕەنگە تا خۆیان لەژیانی سەرزەویی بووبێتن ئاشتیش بەرقەرار بووبێت، بەڵام دوواتر بیرە جیاوازەکانی هەوادار و ڕێڕەوانیان ڕێبازەکەی ئەوانیان بەلاڕێدا بردبێت. یا ڕەنگە ئەسڵەن مرۆڤایەتیی ئامادەی ئەو ئاڵوگۆڕە ئەرێنییە نەبووبێت، بەڵام ئەمڕۆکە مرۆڤ زۆر تێگەیشتووترە لە ڕابردووی خۆی و بەگشتیی زۆر کەمیان هەن کە حەزیان لە شەڕ بێت و دژی ئاشتیی و ئاسایش بن. خۆشبەختانە ئەمڕۆکە ئەمانەی بەدڵەوە لەگەڵ شەڕن زۆر لەکەمینەدان، واقعی کۆمەڵگا و سوونەتەکان و

ئیسم و میسمە سیاسییەکان بەرەو مەیانەکانی شەڕ ڕایان ئەکێشێت. تۆ بیر لە سوقڕات بکەرەوە، بۆ ئاشتیی ە ڕوونکردنەوەی هزری خەڵک هات، حوکمی خواردنەوەی ژەهریان دا، مەسیح پاک بوو هات لە خاچیان دا، ئەوەی دوواتر بەناوی مەسیحەوە خەڵکی کووشت، مەسیح نەبوو، مەسیح نەینووسیبوو، ئەو ڕێگای پێ نەدابوو. ئەم دوو بلیمەتە سوقڕات و مەسیح تاقە یەک وشەشیان نەنووسیوە، ئەوەی بەناویانەوە هەیە تەنیا پەیڕەوەکانیان نووسیویانەتەوە و ئەمانە نمونەیان کەم نییە لە سەر زەویی.....

- ئەی ئەو ڕۆحە پێشکەوتووانەی بەوتەی تۆ دێن، هەر تەنیا بۆ بەرقەرایی ئاشتیی دێنە سەر زەویی؟
- نا، زۆریشیان دێن بۆ پێشخستنی مرۆڤایەتی لە تکنیک و زانست و مەعرفە. ئەمانە لەسەر زەویش لە خۆشی و ئاسایشدا ئەژین، تەنیا چاویان لەو ئامانجانەیە کە بۆی هاتوونەتە سەر زەویی.
- کەواتە ئەمانە ئەو کەسانەن کە لە ژێر ژێرەوەی ناو مووەکانی کەروێشکەکە ژیانێکی سەلامەتیان بۆخۆیان درووست کردووە؟
- نا بەپێچەوانە، ئەمانەش لە نووکی تووکی کەروێشکەکەن، ئەهلی ڕیسک و ئەزموون و تاقیکردنەوەن. بێباکن لە تاقیکردنەوەدا، بێباکن لە نوێگەریی، بێباکن لە دۆزینەوەی شتی نوێ بۆ پێشکەوتنی مرۆڤایەتیی و نمونەیان زۆرە وەکوو نیکۆلا تێسلای کە زیاتر لە سێسەد ئیختیڕاعی لە کارنامەی خۆیدا هەیە، لە ٢٦ وڵاتی دنیا سەرجەم ٢٨٠ ئیختراعی بەفەرمی تۆمار کراوە، یاوەک فەیلەسووفە ناودارەکان، یا وەک هەموو ئەو مرۆڤە زانا ناودارانەی کە مرۆڤایەتییان هەنگاوێک یا چەند هەنگاو بەرەو پێشەوە هێناوە وەکو ئیسحاق نیۆتۆن، تۆماس ئێدیسۆن، لویی پاستۆڕ، ئاینشتاین، بیل گەیتس و گاندیی و هەزارانی دیکەش.
- تێگەیشتم. ئەی باشە باسی ڕەنگەکانت کرد، من لەوێ چ ڕەنگێکم هەیە؟
- ئاااا، هاتیتەوە سەر خۆت، لێرەش هەروایت، من ئاواتئەناسم، خۆخۆشەویستیت و هەردەم بیر لە پێشخستنی بەهاکانی خۆت ئەکەیتەوە بەرەو لووتکە. ڕاستییەکەی تۆ هێشتا نیوە پێشکەوتووش نیت و ڕەنگت وەکوو من ئاویی کەمڕەنگە، بەڵام لەهەوڵی چوون بۆ سەرەوەدایت، من و تۆ هاوڕەدەین، هەردووکمان چەندین جار هاتووینەتەوە سەر زەویی بۆ هەمان مەبەستی بەرقەرارکردنی ئاشتیی، بەڵام سەرکەوتوو نەبووین، تۆ ئەمجارە بە بێ من و بە پلانێکی چڕتر و تۆکمەترەوە هاتیتەوە و ئەگەر ئەمجارە سەربکەویت، ئەبیتە شین، بەڵام هێشتا زۆرت ئەمێنێت بۆ بنەوش!
- کەواتە من هەڵبژاردە و هەڵبژێردراو بۆ پلانیی ئەسڵیی نیم.
- نا جارێکە، زۆرت ماوە.
- ئەی پەیوەندیی من و تۆ چییە؟
- ئێمە هاوسەری هەتایی یەکین.
- ئەی بۆ من نە ناوت ئەزانم و نە قیافەتم لەبەر چاوە؟
- ئەمانە جارێکە هەر ئەبێت نهێنی بمێنن، تا کاتی گەڕانەوەت. ئوسولەن ئێمە هیچکاممان هەروەک جنسییەتمان نییە، قیافەشمان نییە، تەنیا گلۆڵەیەک وزەی ڕەنگینین، تەنیا گیانین.
- ئەیچۆن یەکترین ئەناسینەوە؟
- ئەو هەستەی تۆ بە منت بوو کاتێک هاتمە ناو هزرتەوە، هەستێکی ئاشقانەی هەقیقی بوو، لەوێش هەر وا ئەبێت و دەیان قات لەمەش زۆر بەهێزتر، خۆبەخۆ جەزبی یەک ئەبینەوە، تێکەڵ ئەبین، ئەبین بە یەک، ئەگەین بە ئەوجی لەزەت. من بیرت ئەکەم!
- ئەی ئێستا ئەتوانین ئەو چێژە ئەزموون کەینەوە؟
- نا کات تێپەڕ بووە و ئەرکت زۆرە، کە هاتییوە لام....
- نا مەڕۆ.... مەڕۆ.... منیش بەرە!
- خێرا شل بوویت، ئەتەوێت ئەمجارەش وەک جارەکانی پێشووتر بەنیوەوناچڵی بگەڕێیەوە؟ نا تۆ ئەمجارە زۆربەهێزتریت لە هەمیشە، ئەتەوێت بچییە ڕەدەی ڕۆحە پێشکەوتووەکان، بببیە مامۆستای ڕۆحە سپییە

ڕۆمان، ئەیوب ڕەحمانی © Roman, Ayub Rahmani

سەرەتاییە بێ ئەزموونەکان و ڕەنگەکانی دیکەش، ئەوانەی ئەنێردرێنەوە سەر زەویی بۆ کۆکردنەوەی ئەزموون بۆ پێشکەوتن. کەواتە بمێنەرەوە!

- نا... مەڕۆ جارێ.....
- ناوتم پێ بڵێ. وتت من ناوم سارگۆنە؟ سارگۆن پاتشای ئەکەد بوو خۆ...، لەوێ ژنسالاریی هەبوو. لێرە لەناو کوردیشدا هەر دایک سالارییە....، دایک هەمووکارەی ماڵە...... کچان و ژنانی کورد بوونەتە پێشەنگ لێرە......
- دەنگێک لە دوورەوە بە ئەسپایی: تۆ... خۆت ... هەموو... ئەمانەت... ئەزانیی، بۆیە هاتییەوە....
- دەی ڕاوەستە، پرسیارم زۆر ماوە...
- ......... گوێ لە دەروونت بگرە، لەخۆت ڕۆچۆ....، هێماکان ببینەوە، وڵامی پرسیارەکانت لە دەروونتدان.... جارێ ماڵئاوا...
- ماڵئاوا......

پاش ماوەیەک....

بلند شو احمق کثافت نجس کافر، بلند شو ترسو...، چقدر میخوابی؟ شەپێک لەبەر ڕانیی!!

(لێپرسینەوە و بازجوورییەکە لەوێ بە فارسی ئەڕواتە پێش):

- شۆڕش چاوی ئەکاتەوە، ژوورەکە گۆڕاوە، هەندێک گەورەترە، دیارە لەکاتی بێهۆشیدا جێیان گۆڕیوە. ئاوێنەیەکی بێ قاپی گەورە لەناو یەک لە دیوارەکاندایە لە شێوەی پەنجەرەیەک، بەڵام ئەودیوی دیار نییە، لە دوو گۆشەی سەرەوەی ژوورەکە دوو کامێرا بەرانبەری بە دیوارەکەوە دامەزراون. شۆڕش خێرا ئەزانێت ئەمە ژووری بازجوورییە و جەماعەتێک لەوبەر ئاوێنە سەیری ئەکەن و لەوانەیە فیلمیشی لێ هەڵبگرن یا تەنیا دەنگی تۆمار بکەن، ئەمجۆرە ژوورەی پێشتر لە فیلمە ئەمریکاییەکاندا بینیبوو. دێتە قسە: من دیلی شەڕم، بە بریندارییی گرتووتانم، تۆ بۆچی لە من ئەدەیت؟ مەگەر ڕەفتاری ئێوە لەگەڵ دیلی شەڕیشدا هەر ئەبێت وەحشیانە بێت؟
- گوو بخۆ کەسافەت، شەق.....، لێرە تۆ ئەو دەمە گوواوییەت ئەبەستیت و تەنیا کاتێک ئەتوانیت بیکەیتەوە کە پرسیارێکت لی ئەکرێت و وڵام بدەیتەوە؟ تێ گەیشتیی، کەسافەتی نەجس؟ شەق......
- نا من تێت ناگەم، من ئەزانم کە تۆ لە ڕاستیدا لەوحێکی پاکیت، ئاینەکەی تۆ، ئەو بیروبڕوا نوێیانەت ئەم وەحشیگەرییەت پێ دەکەن، تۆ چاوێ.......
- شەق.....، کەسافەت، هەر ئێستا ئەتکووژم..... نەجسی کافر.... بەڵایەکت بەسەر بێنم، ئاسمان بۆت بگریی.
- وەک وتم، تۆ چاوێک بە دەروونتا بگێڕە، بیری سەردەمی مناڵیت بکەرەوە، بزانە هەروا وەحشی بوویت؟ نا بەدڵنیاییەوە نەبوویت! شێر لە تفووڵییەتەوە وەحشی بار ئەهێنرێت بۆ بەقای خۆی، تۆ بەڵام مرۆڤ بارهێنرایت و ئیسلامی سیاسی وەحشیتی کردووە!
- گووی زیادی زۆر ئەخۆیت... شەق....
- خوێن بەر ئەبێت و پانزمانە سپییەکەی سەر سنگ و قۆڵی سوور هەڵ ئەگەڕێن: باشە مەگەر مەبەستی ئێوە لە بە زیندووی گرتنی من و بەستنی برینەکانم چیبووە؟ گرتووتانم تا تۆ ئوقدەکانتم بەسەردا خاڵی بکەیتەوە؟ یان حکومەتەکەت سەر لە پلانی حیزب و هاوڕێکانم دەر بێنن؟
- ئەم زانیاریانەت بە شەق لە ژێر زمان دەر ئەکێشم!
- ناتوانیت، تەنیا ئەگەر ژیر بیت، ئەتوانین پێکەوە وەک بەشەر بدوێین، دەنا ئەم سەبکەی تۆ لە مندا وڵامدەرەوە نابێت، تەنیا خۆت هیلاک ئەکەیت و بە هیچ زانیارییەکیش ناگەیت.

- زۆر چاکە، وادیارە خۆش مەعامەلەیت، نەکا بەتەمابیت تەنیا بە فرۆشتنی هاورێکانت، بەرت بەین و لێت خۆش بین هەروا برۆیت، کافر! کافر لە دینی موبارەکی ئیسلامدا حوکمی سەربڕینە!
- هەولی خۆت بە زەلیل، بەشکەم شتێکم لێ هەڵکرێنیت، بەڵام هەر ئێستا پێتموت، لە من هیچ زانیارییەک نابیستیت. بەتەماش نیم کەس بفرۆشم، داوات لێدەکەم دانیشین وەک دوو مرۆڤ، وەک دوو بنیادەم قسە بکەین. ئەڵبەت من ئەمەوێت نەک لەگەڵ تۆ، بەڵکوو لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانت، کە لەپشت ئاوێنەکە سەیرم ئەکەن، بدوێم و باسی پلانەکانیان بۆ بکەم!
- لەپێناو چیدا؟ چیت ئەوێت لە پێناویدا؟ ئازادی و پوڵ؟
- هیچم ناوێت، من هەموو شتێکم هەیە، تەنیا ئەمەوێت لەگەڵتان بدوێم!
- یانی بۆ ئازادیی و بەردانیشت ناپاڕییتەوە؟
- من ئازادم، من سەربەستترینەکانم! تۆ ناتوانیت سەربەستیی بە منی سەربەست ببەخشیت، هیچکامتان ناتوانن! بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانترە، لەبیرت چۆتەوە؟ تۆ کە لە کوردستان خزمەت بە نیزامەکەت ئەکەیت ئەبێت ئەم شیعرەی قانع بکەیتە گوارەی گوێچکەت بۆ هەتایە!
- زۆری وەکوو تۆ هاتن و وەک مۆم نەرم بوون و بەچۆکماندا هێنان، هێشتا لەکوێتە؟!
- پێموانییە هەموویان، بەڵام ئەزانم هەندێکجاریش سەرکەوتوو بوون. لەبیرمە حاجی برایمی سلیمانی پێمی وت ئەمانە، مەبەستی ئیستخباراتی ئێراق و ئیتلاعاتی ئێران بوو، ئەیوت ئەمانە لە ئەشکەنجەدا خوداش وادار بە خوودانەبوونی خۆی ئەکەن، ئەو زۆرتان لێ ئەترسا. بەڵام تۆش هێشتا منت نەناسیوە!!
- وادیارە تۆ غیرەتی زیادە لە ئەندازەت خواردۆتەوە! ئیبراهیم کێیە؟
- بەعسییەکانیش کاتێک گرتیانم و ئەشکەنجەیان دام، هەروەک تۆیان پێوتم، ئێوە ئەڵەی لەیەک دایک و بابن!! ئەوانیش بە هیچ نەگەیشتن، تەنیا خۆیان هیلاکبوون بە دەستمەوە! (شۆڕش لە ڕاستیدا دیلی بەعس نەبوو، لە تێستی هاوبیرەکانیدا بوو، بەڵام کەڵکی لێوەرگرت بۆ کارتێکەریی دانان لەسەر بازجووەکەی!)
- بۆ مەگەر تۆ دیلی ڕژیمی بەعسی کافریش بوویت؟
- بەڵێ بووم، ئەوانیش هەروایان بە ئێوە ئەوت، پێتانیان ئەوت شیعەی کافر! ئەیانوت ئێوە لە ڕێگای محەمەد و سەحابەکانی لاتانداوە، ئەیانوت ئێوە ئیسلامتان بەلاڕێدا بردووە! ئەگەر لەمن ئەپرسیت، ڕاستیشیان ئەکرد، ئەگەرچی سوونەتی وەحشیگەریتان هەر یەکە!!
- شەق....، خوێن لە پانزمان دەرچووە و ئەڕژێتە سەر عەرز، جارێکیتر ناوی ئەو حەزرەتە موبارەکە سەلام و دروودی خوای لێبێت، بە بێ سڵاوی خوای لێبێت، بێنیت، دەمت لەگەڵ ملت ئەکەم بە یەک! تۆ چۆن بە بێ غووسڵ و دەستنوێژ ناوی ئەو حەزرەتە موبارەکە دێنیت، هەی کافری مەڵعوون!
- باشە ئیتر ناوی ناهێنم، تۆ ببوورە!
- جوان دیارە بازاڕیت و ئەسازەیت، ترسنۆک.
- ئەزانی چی زەلیل؟ تا پێش بێهۆش بوونەکەم، کە ئێوە لەوانەیە پێتانوابووبێت من خەوم لێکەوتووە، بەڵام تا ئەوکات منیش ڕێک وەکوو ئێستای تۆ، چۆن لە من ئەڕوانیت، منیش ئاوا لەتۆم ئەڕوانییی، بە بڕوای من ئێوە دووژمنێکی بێڕەحمی بێقابیلی، بەکەڵکی ئاشتیی نەهاتوو بوون کە تەنیا تۆپاندنتان سزاتان بوو. بێ ئەقڵ من هێندە دڵڕەق بووم لە دژتان کە دڵم نەهات ئەخیر گوولەی خەلاسەکەم کە بۆخۆم دانابوو، بەخۆمییەوە بنێم، جاشێکی خائینی هاوبیری تۆم پێکووشت وتم یەکی تریشتان کەم بکەمەوە کە سەرکەوتووش بووم تێیدا. بەڵام ئێستا پێت ئەڵێم، جوان ببیستە، من پێش بێهۆشبوونم لە مێژوو و تاریخێکدا ئەژیام، بە دووای چاوکردنەوەی دووبارەم مێژوویەکی نوێم دەستپێکرد. تێم ئەگەیت؟ بۆیە ئەمەوێت نەرمت بکەم بۆ ئەوەی لەگەڵت بدوێم، نەک لەگەڵ تۆ، بەڵکوو لەگەڵ هەموو بەرپرسەکانیشت تا ئەگاتە ئاخوندەکەی ڕێبەرت!
- دەمت بشۆ پێش ئەوەی ناوی ئیمام بێنیت، تێگەیشتیت؟ ئێستاش بەم قسانە ئەتەوێت خۆت ڕزگار کەیت؟

- ئەوەڵەن من نازانم ئایا تۆ خودا پەرەستیت یا ئیمام پەرەست؟ گێلگەوج! دووهەمەن من ڕزگارم، تۆ ناتوانیت ڕزگارم کەیت، چەند جارت پێ بڵێمەوە. ئەمە لە ناو مێشک و لە سەر زارت بخەرە دەر، کە من بەتەمای ڕزگاریی لە دەست تۆ بم، تۆ برۆ خۆت ڕزگار بکە. من سوقڕاتم جامی شوکەران ئەنۆشم، من مەسیحم لە خاچم بە، من حەلاجم ئەنجنم کە، وە تۆش تەنیا جەلادێکی سووکی ئەمر پێکراویت و هیچیتر!
- ئەحمەق من ئازدم، ڕزگارم، بۆ هەر کوێی ئەم وڵاتە پێمخۆشبێت ئەچم، بەڵام تۆ لەم چوار دیوارییە زیاتر ناتوانیت هەنگاوێک برۆیت.
- تۆ پێتوایە ئازادیت، بەڵام هەڵسوکەوتت تەواو سەلماندیی کە تۆ یەکێک لە دیلترین مرۆڤەکانی سەر زەویت و وێنەشتان کەم نییە، نیوەی زیاتری مرۆڤ وەک تۆ نائازادن. داخەکەم بۆ تۆ کە خەڵکی وڵاتی عیرفانیشیت، زۆربەی عیرفان بە زمانی تۆ نووسراوە، برۆ بەجێگای قورئانی عەرەبیی، مەولەویی بخوێنەرەوە کە قووڵترین مەبەستەکانی خۆشویستن و ژیانی لە جوانترین و کوورتترین شیعر و چوارچێوەکاندا جێکردۆتەوە، برۆ حافز و خەیام بخوێنەرەوە.
- نەرم ئەبێت: ئەزقەزا من مەولەویی زۆر ئەخوێنمەوە!
- بەڵام وادیارە هیچی تێ نەگەیشتوویت. ناوت چییە؟
- ... وڵام ناداتەوە، ئەڕواتە دەر، شەق دەرگا ئاسنییەکە لەپشتەوە دادەخات و ئەڕواتە ئەودیوی پەنجەرەکە و عەلی شیعە وەستاوە و دووانی دیکەش لەوێن و یادداشت هەڵدەگرن لە شانۆکە!

بەرادەر عەلی ئەمە کێیە؟ ئاگات لێیە چ بەغیرەتە؟ بێباکە لە مردن، تەنانەت لە ئەشکەنجەش ناترسێت! جارێک هاواری ئازاری برینەکەی و ئەوهەمووە لێدانەی منی نەکرد، جارێک نەیناڵاند، بڵەی هێشتا کارتێکەریی مووسەکنەکەی دووکتۆر لێیدای بەسەرەوە مابێت؟ خۆ هێندەش مووسەکنێکی بەهێز نەبووا لەهەمووی سەیرتر قسەکانییەتی کە چەندە بە برواوبەخۆیی ئەیانکات. شتێوام لەناو بەرادەرەکانی خۆشمان نەبینیوە، هێندە .....

عەلی شیعە کەدەستێکی بە ڕیشە خۆڵەمێشییە پانەکەیدا دێنێت ئەپەڕێتە ناو قسەکانی حەمید و ئەڵێت: باشە وەیبرێنە بەرادەر حەمید، هەمووم چاولێکرد، منیش وەک تۆ کەوتوومەتە بیرەوە،....

ئاخر بەرادەر عەلی من زۆر تووڕەم لە دەستی، بە ئاخرین فیشەکەکەی پێشمەرگە موسوڵمانێکی شەهید کردووە، ئەڵێن شەهید نیعمەت یەکێک بووە لە باوەفاترینەکان بە ئیسلام و نیزام. بەڵام شل بوومەوە لە لێدانیی، نازانم ئەمە چ کارتێکەرییەکی لەسەر من داناوە؟ ڕۆحمی بزوواندووە!

وەکوو پێتموت، کاری لە منیش زۆر کردووە، ئەبێ بە پلانەوە لەگەڵی هەڵسوکەوت بکەین. وادیارە جارێکە بە لێدان و ئازار هیچمان بۆناکرێت لەگەڵی، ئێمە پێویستمان بە زانیاریی و پلانەکانیانە، ئەبێت بە زمانی خۆش و وەعدە و بەڵێن، یا ئەگەر کرا تەنانەت بە ترساندن و هەڕەشەی کووشتنی کەس و کاریی قسەی لێ دەربکێشین. خۆت ئەزانیت ئێمە هێشتا تەجاوزیشمان پێنەکردووە، تەجاوز بەچۆکیدا دێنێت خەم مەخۆ، بەڵام ئەمانە بۆ دووایی. ئێمە هێشتا نازانین ناوی چییە و دایک و باوکی کێن؟

هەرچی تۆ بڵەیت بەرادەر عەلی، وائەکەین.

باشە، هەر ئێستا زەنگ بۆ دووکتۆر پاسدار ڕەجەبعەلی لێبدە بێت و برینپێچەکانی تازە بکاتەوە و موسەکنێکی بەهێزتری لێبدات با خەوی لێبکەوێت و ئیسراحەت بکات. سبەینێ ئەوەڵی وەخت خۆم ئەچمە پای بازجۆیی کردنیی. ئەها تا لەبیرم نەچووە، تا دوکتۆریش ئەگات، خواردنێکی بۆ بێنن با بیخوات، خۆت مەیبە، با بەرادەر ئەکبەر بیبات.

بەسەرچاو بەرادەر عەلی، ئەمر ئەمری جەنابعالییە.

شۆڕش خراوەتەوە ژووره تاکەکەسییەکەی. شەو و ڕۆژی مەعلووم نییە، ڕاستە تازە هێناویانە، بەڵام دووجار لەهۆش خۆچوون، کاتی لێتێکداوە. برینەکەی نوێکراوەتەوە. بە بیستنی بانگسەرهەڵدانی زیندانەکەی و جریوە

جریوە باڵندەکان ئەزانێت کە بەیانییە و لەوانەیە کاژێر دەورووپشتی پێنجی بەیانی بێت. پاش ماوەیەک نان و پەنیرێک ئەخەنە بەردەستی ئەیخوات، بەهۆی خوێنڕژانییەوە هێزی زۆری لەدەستداوە و بەتەمای مردن نییە جارێ، کاری زۆرە، ئەیەوێت هێز بگرێتەوە، داوای ئاو ئەکات، ئاویشی بۆدێنن و چایشی ئەدەنێ، هەموویان سەرف ئەکات.

ماوەیەکی دیکەی پێدەچێت، حەمید بازجوو و ئەشکەنجەگەر دەرگا ئەکاتەوە، ئەوجار دەستەکانی لە پشتەوە کەلەپچە ئەکات و چاوەکانی ئەبەستێت و ئەیبات. لە سێدانە دالان ڕەتی ئەکات و هەموو جارێک سێ چوار دەور بەدەوری خۆیدا بەهەردوو لای ڕاست و چەپیدا ئەیسووڕێنێت و پاش سێ چوار خوولەکێک لەسەر کوورسییەک دایدەنیشێنێت. شۆڕش پێیوایە تەنیا لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی دیکەی پەنای بردوویەتی، بەڵام لەخۆڕا بۆ سەرلێشێواندنی هێناویەتی و بردوویەتی و دەوری پێداوەتەوە. بۆ شۆڕش ئێستا ئیتر گرنگ نەبوون ئەمانە. بڕیاری ڕاکردنی نییە. لەڕاستیدا پاش ئەو دیدارەی لەگەڵ یارە هەتاییەکەی، ئیتر ئەگەر لە زیندان دەریشی بکەن، حەز ناکات بڕوات، مەگەر لەدەرەوە بتوانێت قسەکانی بکات، دەنا دەمێنێتەوە تا هەموو قسەکانی ئەکات.

بەچاو بەستراوەیی لەسەر کورسییەکە دانیشێندراوە و دەستەکانیشی لە پشتەوە کەلەپچەن.

- ناوت چییە؟
- ناوم شۆڕشە.
- کێ ناوی ناویت شۆڕش؟
- بۆخۆم هەڵمبژاردووە!
- پەس ئەمە ناوی حیزبیتە، ناوی هەقیقیت چییە؟
- شۆڕش ئەیەوێت بڵێت سارگۆن، بەڵام زمانی ئەگێڕێتەوە و ئەوجار ئەڵێت: سەفەر ساڵحی
- ناوی باوکت؟
- محەمەد ساڵحی
- خەڵکی چ شارێکیت؟
- بانە......
- ئاااا، زۆر دووری لە کەس و کارت!
- بۆ من ئێستا لە چ شارێکم؟
- سەنەندەج....

پەرسینەوەی ناو و کەسایەتیی و عینوان و ئادرەس و ڕادەی خوێندەواریی و تەمەن و برا و خووشکەکانی و خزمەکانی و لەکەیەوە پێشمەرگەیە و هتاد هەموو ئەمانە بە چڕی وڵام ئەداتەوە. ئەگاتە سەر ئەسڵی بازجوویەکە:

- تۆ لە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران شەڕی چەکداریت کردووە و بەپێی مادەی پێنجی یاسای جەزای ئیسلامی، هەرکەسێک یا گرووپێک ئەگەر لەدژی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران چ لەناوەوەی وڵات و چ لە دەرەوەی سنوورەکان شەڕی چەکداریی بکات، تاوانی لە دژی ئەمنییەتی نەتەوەیی ئێران ئەنجام داوە و سزاکەی مەرگە.
- ئەزانم. شۆڕش ئەیەوێ واردیی باسێکی سیاسیی هقووقی ببێت لەگەڵ بازجووەکەی، ئەیەوێ بڵێت ئەی کەواتە ئێوە سپای قودستان بۆچی پێکهێناوە کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و لە وڵاتانی دیکە و تەنانەت لە ئورووپا و قارەی ئەمریکاش بۆتە هۆی تاوان و تێرۆر و کووشتن و دزین، بەڵام دیانبەخۆیدا ئەگرێت و هیچ ناڵێت. بەشوێن گوفتوگۆوەیە و نەک ئاڵۆزترکردنی هەلومەرجەکە. هەلومەرجەکە خۆی بە حەدی کافی ئاڵۆز هەیە.
- ئەزانم؟ هەر ئەمەندەیە وڵامەکەت؟
- بەڵێ، نامەوێت مناقشەت لەمبوارەدا لەگەڵ بکەم، ئێمە دووژمنی یەک بووین پێشتر، ئێمەش تۆمان بگرتایە هەر بە پێی یاسای خۆمان و یاسای نێودەوڵەتیی هەڵسوکەوتمان لەگەڵت ئەکرد و بەشێوەیەکی عادیلانە

سزاتمان ئەدا، کە ڕەنگە سزا عادیلانەکەی تۆش لای ئێمە هەر ئیعدام بوویایە. بەڵام ئێستا من بۆیە نامەوێت لەوبوارەدا مناقشە بکەم و هەموو سزاکەی ئێوە قەبووڵ ئەکەم، بۆ ئەوەی مەجال هەبێت بۆ گوفتووگۆ کردن.

- نەکا پێتوایە ئیستا تۆ ماندێلایت و ئێمە ئەبێت تەسلیمی وتە و هەڵسوکەوتەکانت بین؟
- ماندێلا مرۆڤێکی گەورەیە و ڕۆحێکی بەرزی هەیە، من هەرگیز بەو ناگەمەوە.
- زۆرچاکە، ئێستا پێمان بڵێ بزانم، پلانەکانی ئێوە بۆ داهاتوو چی بوون، بەشوێن چییەوە بوون؟
- ئێمە وەک خۆشتان ئەزانن، حیزبێکی چەپی ئینترناسیۆنالیستی مارکسیستیی بووین، کە بەهۆی ڕەگەزی کورد بوونمانەوە لە دژیی داگیرکاریی و چەوساندنەوەی نیزامی ئێوە، بۆ ڕووخاندنتان یا لانیکەم دەرکردنتان لە کوردستان خەباتمان ئەکرد، بۆ وەدیهێنانی دنیایەکی سوسیالیستیی. ئێمە ئێوە بەداگیرکەر ئەزانین لە کوردستان. بەڵام ئەمە مێژوو و بیروبڕوای من تا پێش گیرانم بوو، پاش گیرانم و بیزەبت لە پاش یەکەمین بێهۆشبوونمەوە، تاریخێکی نوێ لەمندا دەستی پێکرد. جا تۆ ئەتوانیت ناوی ترسانی منی لە سجن و ئەشکەنجە و مەرگ لەسەر دابنەیت، یاخود بە وردیی گوێ لە قسەکانم بگریت. بۆ من هەردووکیان ئاساییە، ئەگەرچی گوفتووگۆکە بە ژیرانەتر ئەزانم.
- ئێوە ئەتانەویست نیزامێکی وەکوو نیزامی پڕووکاو و فاسدی شۆڕەویی درووست بکەن و خۆتان ببنە ستالین و خەڵک بکووژن؟
- هەر حیزبێک بەڕاستی چەپ بێت، ستالین و هەموو دامودەزگاکەی ڕەت ئەکاتەوە، شۆڕەوی نیزامێکی دەسمایەداریی دەوڵەتییە، بەڵام لەهەر حاڵدا ئێمە سەر بە شۆڕەویی نەبووین. بگرە پەیوەندیی ئێوە لەگەڵ شۆڕەویی زۆر زیاتر و چڕترە لە ئێمە. شۆڕش ئەیەوێت باسەکە بە لایەکی تردا ببات: "ئەتوانم بپرسم ناوت چییە؟
- من ناوم عەلی شیعەیە.
- ناوبانگتم بیستووە، ڕاست ئەکەیت من ئێستا لە سنەم، ئەگەرچی ناوتم بە دڕندەیی بیستووە، بەڵام زۆر نەرم و نیانی لەگەڵم.
- من لەتۆدا سەربازێک ئەبینم، بەداخەوە سەربازی ڕێبازێکی پووچیت. خۆشم هەر سەربازی ڕێبازێکم، ڕێبازێکی پیرۆز.
- کەواتە ئێمە خاڵی هاوبەشمان هەیە، بێجگە لە مرۆڤبوونمان، سەربازیشین! بەڵام بۆچی ڕێبازێکی بەوتەی خۆت پیرۆز، ئەبێت هێندە دڕندە بێت؟
- دڕندایەتیی لەگەڵ دوژمنێکی کافر، کەرەستەی ئێمەیە بۆ ئامانجی پیرۆزمان!
- باشە هەرزانیی خۆتان و پێشکەشتان بێت، بەڵام بڕوابکە زۆر لە هەڵەدایت، ترسناکترین مرۆڤەکان ئەوانەن کە هەقیقەتیان دۆزیوەتەوە، وەتۆش وادیارە بە هەقیقەتت گەیشتوویت!
- ئەرێ ئیسلام دینی هەقیقەت و ئاشتییە!
- چی؟ دینی ئاشتی؟ ئیسلام زادە و هەمزادی شەڕە، ئاشتی چی؟
- چاکتروایە بەجێگای ئەمقسانە بیر لە ئازادیت و دیتنەوەی کەس و کارت بکەیتەوە، هەواڵمان لایە دایکت چاوەکانی لەدەست داوە بە بۆنەی تۆوە، ناتەوێت بچیتەوە بۆلای؟
- ئەم هەواڵە کار لە مێشک و هەموو دەمارەکانی شۆڕشدا ئەکات و ئەیپێچێنێت بەخۆیدا. هەندێک کڕ و کپ و کز ئەبێت، بێدەنگ ئەبێت، نایەوێت ئیترهیچی دیکە ببیستێت، خۆی لەکەڕیی ئەدات، هەواسی چۆتەوە بۆ کانیوەند. لەبەر خۆیەوە ئەڵێت: ئای دایە گیان، بۆ وادەکەیت لەخۆت، تۆ و دایکانی دیکەی وەک تۆ شایانی ئەم هەمووە ئازارە نین. ئەوجار بەخۆیدا دێتەوە و ئەڵێت: قەساوەتی ئێوە لەچاو دایکاندا، ئەگەر گریمان بەهەشتێکیش هەبێت، هەرگیز نایەڵێت چاوتان بەو بەهەشتە بکەوێت!
- بۆ پێتوایە ئێوە کەم لەدایکانی ئێمەتان جەرگسووتاوو کردووە؟

- چاوت لێیە؟ ئەمە ڕێک مەبەستەکەی منیشە، شەڕ خێر و خۆشی بۆ هیچ لایەک ناهێنێت. بۆ ئێوە هێندە شەڕئاژۆن؟ بۆ ناچنەوە مەملەکەتی خۆتان؟ چیتان داوە لەوەی کێ خودا ئەپەرەستێت و کێ ناپەرەستێت؟ مەگەر لەو دنیایەش کە ئێوە بڕواتان پێی هەیە، هەرکەس بە سزای خۆی ناگات؟ دەی کەواتە ئێوە لێرە چکارەن لەخۆڕا ئەتانەوێت خەڵک بکەنە موسوڵمانی شیعە و سونی؟ خۆ کتێبەکەتان تیایەتی و ئەڵێت، لکم دینکم ولی الدین، دەی ئیتر ئێوە بۆ واز ناهێنن؟ بۆ ئەتانەوێت ئینقلابی خۆتان هەناردەی دنیا بکەن. لێگەڕێن هەرکەس بە دینی خۆی.....
- عەلی شیعە قسەکانی پێ ئەبڕێت، ئەمە سیاسەت و باسی هێژمۆنییە، زۆر ئاڵۆزترە لەم شتانە، لێگەڕەین چاکترە.
- بەبڕوای من ئەبێت خاتمە بەم شەڕانە بهێندرێت، ئێمە مرۆڤین....
- ئەرێ بەڵام ئەمە لە ئیعدام ناتپەڕێنێتەوە.
- کێشەم نییە، ئیعدام من ناکووژێت تازەودووا.
- مەبەستت چییە؟
- مەبەستم ئەمەیە کە کەسێک کە دەیانجار کووژرابێت، ئیتر هەرگیز هیچکەس ناتوانێت بیکووژێت. بێباکم لە مردن، چوون مردن تەنیا سەفەرێکە!
- سەرت لە فەلسەفەش ئەخوورێت؟
- بەڵێ من زۆرم حەز لە خوێندنەوەی فەلسەفەیە. فەلسەفە بیری تاریکی مرۆڤی لە وەحشییەتی مووتڵەقەوە گەیاندۆتە ئەمڕۆ کە تۆ ئامادەیت لەگەڵ منی دووژمنی خۆت بە نەرمی بدوێیت و منیش هەوڵ بدەم، نەک بە زمان و قینی دوێنێ، بەڵکوو بە زمانی ئەمڕۆ لەگەڵت بدوێم و وڵامی پرسیارەکانیشت بدەمەوە.
- ڕەنگە ئەمە مەکری تۆ بێت بۆ خۆڕزگارکردنت لە مردن.
- تۆ سەربەستیت چ بەرداشتێکت لە هەڵسوکەوت و قسەکانی من هەبێت، بەڵام من وەفادارم بە دەروونی خۆم، من قسەی دڵم ئەکەم، نەک قسەی ئەو حیزبەی لە پێناویدا ئێستا من بێرە گەیشتووم.
- کەواتە پەشیوانی لە کردارەکانی خۆت و چوونە ناو ئەو حیزبە موڕتەدەوە!
- نا ئەسڵەن پەشیوان نیم، من دەبوو ئەو ڕێگایە بپێوم بۆ ئەوەی ئەمڕۆ بگەمە لای تۆ، هیچ شتێک بێ پلان و بەرنامە ناڕواتە پێش. هێماکان ڕوونن!
- یانی تۆی کومونیستی موڕتەد، ئێستا ئیتر بڕوات بە چارەنووس و پلان پەیدا کردووە؟ زیندان هێندە ئاڵوگۆڕی خێرای بەسەرتدا هێناوە؟ خۆ ئێمە هێشتا کارمان لەسەرت نەکردووە.
- وەک پێتموت، دوێنێکە من کومونیست و بە قەولی تۆ موڕتەد بووم، ئەمڕۆ بڕوایەکی دیکەم هەیە، بەتەماش نیم بۆتی باس بکەم ئەم ئاڵوگۆڕە لەکوێوە سەری هەڵدا، وەک پێشتر پێتموت، هەر ناوێکی لەسەر دادەنەیت، بینێ. ترس یا خۆڕزگارکردن لە مەرگ و ئەشکەنجە و زیندان. ئەمەش بزانە کە من نە بوومەتە موسوڵمان و نە دێمە سەر ئاینەکەی تۆ، من ئەمڕۆکە ئاینێکی نوێم هێناوەتە سەر زەویی. ئاینیی ئاشتیی و تەبایی و پێکەوە ژیان.
- ئەها،هەڵبەت وەحیت بۆ نازل بووە!
- ئەشتوانیت ناوی وەحی لێ بنەیت، دیسان گرفتم نییە، من ئامانجێکم هەیە و بە پلانێکی لەپێشدا داڕێژراو بریندار کراوم و خۆمم بە ئەخیر فیشەکەکەم نەکووشتووە و ئێستا بەدیلگیراوم. ڕاستە جەستەم لە چواردیوارییەک حەپس و زنجیر کراوە، بەڵام دڵنیابە کە من لە زیندان نیم، من هەر ئیستاکەش سەربەستی عالەمم، من جەستە نیم، فکرم. ڕێنە دێکاڕت ڕاستی ئەکرد کە وتی من بیر ئەکەمەوە کەواتە من هەم!
- ئەم قسانە بە هیچکوێمان ناگەیەنن. پێم بڵێ بزانم، ئەم حیزبەی ئێوە چەند پێشمەرگە و چەند ئەندام و چەند لایەنگر و چالاکی بەناو مەدەنی هەیە و پلانی ئێستاتان لە ناوچەی بانە چییە؟ ئەم زانیاریانە ئێمە ئەتوانین بە زۆر لە زمانت بکێشینە دەر، بەڵام تۆ بۆخۆت ژیریت و ناتەوێت عەزاب بکێشیت و حەز ئەکەیت

بچیتەوە ناو بنەماڵەکەت و بڕۆیتەوە بۆلای دایک و باوک و کەس و کارت. هەر بۆیە بە وردیی وڵامم بدەوە با من بیانووسم.

- زۆر چاکە!
- ئافەرەم مرۆڤی ژیر. تۆ لە چ ڕەدەیەکدا بوویت کاتێک گرتمانیت؟
- من کادری دەرەجە یەکی حیزب بووم و لە کتێبخانە ڕێکخرابووم!
- زۆرچاکە، تۆ پێم بڵێ بزانم ناوی خانە حیزبییەکانی ناو شاری بانە چین و کێن ئەوانە و لەکوێن و چەند کەسیی کۆ ئەبنەوە؟
- ئەوەڵەن زانیاریم لەوبابەتەوە نییە، دووهەمەن بەخۆشییەوە ئامانجی من لە لێرەبوون فرۆشتنی هاوبیرە کۆنەکانم نییە. وەک خۆت وتت، ئەوانیش سەربازی ڕێبازی خۆیانن.
- بەدەنگی بەرز ئەقیژێنێت بەسەریدا: تۆ ناتوانیت لەژێر وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و پرسیارەکانی دیکەم دەربچیت. بەرادەر حەمید ئەو دەزگای شۆکە ئێلێکتریکییە بێنە، وەسڵی کە پێی، وادیارە ئەمە نابێتە ئادەم بۆمان.

حەمید دەزگاکەی دێنێت و کراسەکەی لەبەر دائەکەنێت و دوو گیرە کە سیمیان پیا هەڵواسراوە بە گۆپکەی مەمکەکانییەوە هەڵئەواسێت. دیانی گیرەکان خۆیان پڕ ئازارن، هێشتا بەرقەکەی هەڵنەکراوە.

- بەرادەر حەمید لەگەڵ هەر وڵامێکی نابەجێ شۆکێکی دە چرکەیی پێ وارد بکە، لە ڤۆڵتاژی کەمەوە دەست پێبکە و هەم ماوەکەی و هەم ڤۆڵتاژەکەی بە دووا هەر وڵامێکی نابەجێ، زیاد بکە.
- بەسەر چاو بەرادەر عەلی، حەمید دێتە وڵام.
- خۆب، پێم بڵی بزانم ناوی ئەو کەسانە چین و ئەدرەسیان چییە یا کووری کێن؟
- شەرمەندەم، وڵامێکم پێنییە بۆتان.
- بززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززز

دەور و پشتی نیو کاژێر، پرسیار و ئەشکەنجە بەردەوامە و شۆکەکان گەیشتوونەتە ئەخیر دەرەجەی پێش کووشتنی مرۆڤ. پاسدارە ئیتلاعاتییەکان نایانەوێت شۆڕش بکووژن، پێیانوایە کە ئەم لاوە قسەزانە بەغیرەتە ئەبێت زانیاریی زیاتریان بداتێ، تەنیا ئەوەندە بەسە ورەی بڕووخێنن ئەمان ئیتر بە ئامانجی خۆیان ئەگەن. بیر لەمە دەکەنەوە بنەماڵەکەی بێننە بەرچاوی و ئازاریان بدەن بۆ ئەوەی شۆڕش ئیعتراف بکات و زانیارییان بداتێ!

شۆڕش نیوە گیان و نزیک بێهۆش لەسەر زەویی کەتووە و دەمارەکانی بەنج بوون. تاقە یەک جاریش ئاهێکی لە ئازار هەڵنەکێشا. کاتێک هاوبیرە کۆنەکانی بۆتاقیکردنەوەی، خۆیان لێکردبوو بە بەعسیی و ئازاریان ئەدا، سەفەر پێیوابوو دووژمنت چەندە دڵڕەق و بێڕەحمە لە ئەشکەنجەدانتدا، تۆش ئەبێت وەک ئەو دڵڕەق بیت لە بەرخۆدان و بەرگریدا و لە شۆڕشدا هەستیی قووربانیبوون و ڕەحم تەنیا لاوازیی ئەهێنن. ئەوکات بیروبڕوای شۆڕشگێڕانە و تا ئاستێکیش بڕوای بە قەهری موسەلەحانە هەبوو، ئێستا بەڵام هەلومەرجەکەی گۆڕاوە. بیر و هزری زەوی تا ئاسمان فەرقیان کردووە. هاوژینە ئەبەدییەکەی زانیبووی پێویستیی بە یارمەتی هەیە، خێرا گەیشتبووە دادیی و تا ئاستێک لە پلانەکانی ئاگاداری کردبووەوە، هێنابوویەوە سەر ڕەیل و ڕێگا. ئێستا کە لەسەر زەویی ڕەقوتەق کەوتووە دیسان هەست بەلەشی ناکاتەوە و تەنیا هزرێکە، هەست بە ئازار ناکات، هەر دەڵەی سیناپسە مەغزییەکانی ئازاری لەناو مێشکیدا بلۆک کردبێت، ئەمە لە حاڵەتی هیپنۆتیکیدا موومکینە، شۆڕش ناخۆئاگا خۆی هیپنۆتیزم کردووە و بڕاوی بەهێزی ئەو، ئەم هەلەی بۆ ڕەخساندووە! بەڵام هاوکات پڕ لە هیوا بە داهاتووی گەش و بە ئاشتییە. خۆبەدەستەوەدان و لەرزۆکبوونی بڕوای هیچ ئاکامێکی بۆ شۆڕش نابێت. ئەبێت تا سەر ئیسقان بەرگریی بکات و بەهیچ ئەشکەنجەیەک خۆی نەدۆڕێنێت و هاوبیرە پێشووەکانی نەفرۆشێت. لە مردنیش هیچ باکی نەماوە، چوون ئەزانێت ڕێبوارێکە و ئەڕواتەوە بۆ ماڵەوە و بوونی لەسەر زەویی تەنیا سەفەرێکە بە ئامانجێکی پیرۆزەوە و هیچیتر. بۆیە بێ منەت لە هەموو شتێک و لە هەموو کەسە، مەولانا ئاسا سەربەست و دێوانە و مەستە، دێوانە و سەرخۆشی

ئەشقێکە بە بیروبڕوایەکی ئەزەلیی و پیرۆز. ئاشتەوایی بۆ مرۆڤایەتیی لانیکەم لەو ناوچەی لێی لەدایک بووە بێنێتە دیی یا چەند هەنگاو بەرەوپێشی ببات!

ڕۆژی دوواتر و ڕۆژەکانی تریش لێپرسینەوە بە هەموو جۆرێک، بەهەموو زمانێکی نەرم و توند، بە لێدان و بێ لێدان، بە ئەشکەنجە و بێ ئەشکەنجە بەردەوامە. شۆڕش وێڕای لاوازتر بوونی جەستەیی بەڵام بە بڕوا وەک ڕۆژی سەرەتای گیرانی ماوەتەوە و تا ئێستاش ئامادە نەبووە بێجگە لە کردنی قسەکانی خۆی، هیچی دیکە بدرکێنێت. هەڕەشەی کووشتنی کەسوکاری لێدەکەن، بەڵام هێشتا جێبەجێیان نەکردووە. کەسوکاریی هەواڵی گیرانیان زانیوە و دایکی و خووشکەکانی و برابچکۆلەکەی و جاروبار باوکیشی بەردەوام لە سنە ئەچنە بەر دەرگای ئیتلاعات و زیندان بۆ دیتن و مولاقاتی کووڕەکەیان، بەڵام هەرجارەی بە درۆیەک دەریان ئەکەن، هەندێکجار بێڕێزییان پیدەکەن، هەندێکجار ئەڵێن نەماوە و کاتێک کەسوکاری داوای تەرمەکەی ئەکەنەوە، دەڵێن لەوکێوانە نێژراوە! چاوەکانی دادە مینا، یەعقووب ئاسا بەرگەی ئەو هەمووە دووریی و گریانەیان نەگرتووە و کوێر بوون و ئێترهەرگیز چاوی بە کووڕەکەی ناکەوێتەوە! تەنانەت لەئەگەری کووشتنیدا جلە خوێناوییەکانیشی نادەنەوە کە دادە مینا بۆنیان پێوە بکات، ئەو مافەی بە یەعقووب برا، بەم نابڕێت، ئەم کوردە! خاڵە حەمە پیربووە و تێک شکاوە، کچەکان بڕیاری پێشمەرگایەتی دەدەن، بەڵام ناتوانن هەردووکیان دایکە کوێر و پیرەکەیان و برا بچووکەکەیان بەجێ بێڵن، بۆیە هەر فەتحییە ئەڕوات و ئەبێتە پێشمەرگە و .....

ڕۆژان و حەوتووەکان تێدەپەڕن، کات وەک شتێک ڕاوەستاوە دیسان.... شۆڕش هەر لە زیندانە.... پەیام و بۆچوونەکانی گەیشتوونەتەوە بە گوێی زۆربەی بەرپرسەباڵاکانی نیزام و کۆمەڵێک باسی لەناویاندا وروووژاندووە.

☆ ☆ ☆ ☆ ☆

هاوبیرە پێشووەکانی شۆڕش، هەر لە ڕۆژی یەکەمی بەدیلگیرانییەوە لە حەول و تەقەلایەکی بەرینی جیهانیدان بۆ ئەوەی بە دنیا ڕابگەیەنن کە پێشمەرگەیەکیان بە زیندوویی و بریندارییی بەدیلگیراوە و گیانی لە مەترسیدایە. لە لایەکەوە دڵەڕاوکەیانە کە شۆڕش خۆی نەگرێت و زانیارییەکان بدرکێنێت و بۆ پێشگیریی لەهەر پێشهاتێک هەر خێرا کەوتبوونە پەیوەندیی لەگەڵ شاخە نهێنییە ناوخۆییەکانیان کە یان خۆیان بگەیەننە بنکە و مەقەڕە عەلەنییە حیزبییەکان لە دەرەوەی سنوورەکان، یاخود شارەکانیان بگۆڕن، وە تا وەزعەکە زیاتر ڕوون ئەبێتەوە، نەگەڕێنەوە شاری خۆیان. هاوکات لەگەڵ ئەمانە هەوڵی گۆڕینەوەی شۆڕش ئەدەن لەگەڵ چەند پاسدارێک کە لە لای خۆیان بەدیلگیراون. بۆ ئەم مەبەستە بەشوێن کاناڵە جۆربەجۆرەکانەوەن، بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەوانەوە پەیامی گۆڕینەوەی دیلەکان بە گوێی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بگەیەنن، کە ئەویش هەر تا ئێستا بێئاکام ماوەتەوە. لەولاوە حیزبەکەی لە لایەن ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانەوە وەک یوئێن و ئەمنستی ئینترناسیۆناڵ و سەلیبی سوور و هتاد تووشی ڕەخنەی جدیی بۆتەوە کە بۆچی لاوانی کەمتر لە هەژدە ساڵ کە بە مناڵ ئەژمێردرێن، چەکدار ئەکات؟ حیزبەکەی ڕەخنەکە قەبووڵ ئەکات و بڕیارنامەیەک واژۆ دەکات کە لە داهاتوودا هیچ مناڵێک لە هەژدە ساڵ کەمتر چەکدار نەکات. هاوکات تەمەنی کەمی شۆڕش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم ڕێکخراوانە بۆ بەرگریکردن لە ئیعدامیی بە جدیی تێبکۆشن، بەری بەن و لەدەست کۆماری ئیسلامی و ئیعدام ڕزگاری بکەن یاخود هەوڵی گۆڕینەوەی بدەن!

حکومەت کەخۆی هەم دیکتاتۆر و فاشیستە و هەمیش تێرۆریستێکی دەوڵەتییە، خۆی بە بەرهەق و نیزامێکی بەفەرمی ناسراو ئەزانێت و ئەدای دەوڵەتە زلهێزەکان دەر دێنێت کە گوایە لەگەڵ تێرۆریستان گوفتوگۆ ناکات و تا ئێستا هەر ئەمە وڵامی بووە. لەهەر حاڵدا لە لایەکەی دیکەوە خەباتی حیزبیی ڕانەوەستاوە و پێشمەرگە وێڕای خۆکۆکردنەوەیەکی پێویست، لە چەند لایەکی دیکەوە هێرشیان کردۆتە سەر بنکە و پایەگاکانی نیزامی داگیرکەری ئیسلامیی و لەم شەڕانەشدا چەندین کەسی دیکە لەهەردووک لا بریندار و کووژراون. پاش ئەم شەڕانەش و ئەم گیانبەختکردووە نوێیانەی حیزبیش هیچکەس بستێک خاکی لەداگیرکەر بۆ ئازاد نەکراوە و داگیرکەریش نە نیازی ڕۆشتنەدەری هەیە و نە ئەو کووژرانانەی پاسدارەکانیان زەربەیەکی ئەوتۆیان لێ ئەدات، چەک و هێزیان لە چاو حیزبە دژبەرە ئۆپۆزیسیۆنەکانی تا بڵەی زۆر و فراوانترە. کووڕی هەژار کەم نین بۆ بەکووشت دانیان. شەڕی ئێران

و ئێراقیش هەربەردەوامە و ڕۆژانە و شەوانە بە سەدان و هەزاران لە هەردووکلا ئەکووژرێن و ئیستا ئیتر بۆمبی ژاراویش لە دژی شەڕکەرەکانیان و تەنانەت شارە مەدەنییەکانی یەکتر بەکار ئەهێنن. بۆ سارگۆن یەک شت بەڵام ڕوونتر لە ڕوونە، ئەگەر بێت و بەهەر هۆیەک لە ژیاندا بمێنێتەوە، ئیتر هەرگیز چەک بۆ هیچ بیروبڕوایەک هەڵناگرێت، ئیتر تاقە یەک فیشەکیش دژی کەس ناتەقێنێت، ئیتر واز لە دژ بوون بەتەواویی هەڵ ئەگرێت، تەنانەت دژی شەڕیش نابێت، چوون نایەوێت دژ بێت، سارگۆن "بۆ ئاشتییە"، لەگەڵ بۆیە، لەگەڵ بوونە و ئیتر هەرگیز "دژ" نابێت!

یازدە مانگ بەسەر دیلکرانی شۆڕشدا تێپەڕیوە و هەر لە زیندانە. حکومەت بەهۆی زەختی زۆری نێودەوڵەتییەوە دەستی نەچۆتە کووشتنی. ئاقبەت لە مەعامەلەیەکی دیلگۆڕینەوەدا سەفەر لەگەڵ دوو ئەفسەر پاسدار ئەگۆڕنەوە. لە گەڕانەوەیدا جێژنێکی گەورەی شایی و هەڵپەڕکێی بۆ ئەگرن، وەک پاڵەوانێک پێشوازیی لێدەکەن. ماوەیەکیتر هەر لە بنکە و مەقەڕات ئەمێنێتەوە و بڕوای بەشەڕ نەماوە. شەڕی ناوخۆی دوو حیزبە سەرەکییەکەش هەر بەردەوامە. شۆڕش ئیتر هەندێک ناسراوترە و خۆی بە پەیکی ئاشتی ئەزانێت. بەتەمایە لەگەڵ حیزبە کوردییەکەی دیکەش بۆ ئاشتیی و یەکگرتن دانووستان بکات.

☆ ☆ ☆ ☆ ☆

سێهەمین هاوینە کە شەڕی ناوخۆیی دوو حیزبی سەرەکی کە هەردووکیان بۆ مافی یەک نەتەوە خەبات ئەکەن بەردەوامە و بگرە گەیشتۆتە دژوارترین ئاستەکانی خۆی. شەڕ سەرتاسەرییە، لەهەر شوێنێک تاقە دوو پێشمەرگەی ئەم دوو حیزبە هەست بە بوونی یەکتر بکەن فەوریترین ئەرکیان ئەمەیە کە بەدووا یەکتردا بگەڕێن، لە دژی یەک بچنە مەتەرێز و یەکیان ئەویتریان بکووژێت. مێژووی ئەم نەتەوە پڕە لە کارەساتی خۆخۆریی لەم چەشنە، بۆیە لەگەڵ بوێریی و نەترسبوونیان لەشەڕدا، بەڵام هەردەم لاوزتر بوون لە گەلانی دیکەی ناوچەکە. لێرە لەم سەرزەمینە ئەهوورایيە ناستانییە، جەستە لە پێش هزرەوەیە و شۆڕش زوو بەمەی زانیبوو بۆیە هەوڵی گۆڕینی بوو! ئەم گەلە خاوەنی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی ناوینە و لەتوێی مێژوودا بەم ناوچەیا پرژوبڵاو بوونەتەوە و قەومگەلی جۆربەجۆریان لێ پەیدا بووە، بەڵام گەلێک قەومی نوێی دیکە وەک تورکانی ئوغوز کۆچیان کردۆتە ناوچەکە و هاتوون و بوونەتە خاوەن دەسەڵات و ئێستاش هەر ئەم ئوغوزانە چەند سەدەیە بەسەر ئەم گەلە کۆنەدا زاڵبوونە و خاکیان لێ داگیر کردوون و ئەیانچەوسێننەوە و زمان و کولتور و تەنانەت جلوبەرگ و خواردنیشیان قەدەغە کردووە و بە تورکی کێویی ناویان لێ ئەبەن!

شەڕ گەرمە، نووکی تفەنگەکانیان نەک بەرانبەر دووژمنە هاوبەشەکەیان، بەڵکوو ڕووبەڕووی یەکتر گرتووە و بە دڕندانەترین شێوە یەکتر لەتوپار ئەکەن. قەساوەتێک کە لە دژی یەکتر بەکاری دێنن بە دەگمەن لەدژی داگیرکەر و دووژمنی هاوبەشیان بەکاریان هێناوە. باس باسی هێژمۆنییە، لایەنێک خۆی بە براگەورە و دەسەڵاتدارتر و ڕەسەنتر ئەزانێت، ئەوانیتر بە کەم و کەمهێز و لاواز ئەزانێ، لایەنی بەرانبەر خۆی بە هێزێکی سەربەست بە ئایدیۆلۆژیی تایبەتی خۆیەوە پێناسە ئەکات و مافێکی سەربەخۆ بۆخۆی قایلە، کە بەرانبەرەکەی ئەم مافەی ناداتێ و ئەویش ئەیەوێت خۆی بسەلمێنێت. براگەورە ئیعلامی خۆبەدەستەوەدانیان یا شەڕ لەگەڵ کردنیان ئەکات، براچکۆلە بە هێزێکی کەمتر بەڵام بەبیروبڕواتر شەڕ و بەرگریی هەڵئەبژێرێت. دووژمنی هاوبەشیان لە کەمیندایە و لەهەر کوێ ئەم دوو حیزبە لەیەکتر بەر دەبن، ئەویش لەدوورەوە بە چەکی قوورس لێیان ئەدات، هەندێکجار تەنیا سەیریان ئەکات کە چلۆن ئەوان یەکتر ئەبڕێننەوە و کاری ئەم ساکارتر و مانەوەی بەردەوامتر ئەکەنەوە.

شۆڕش کە ئیستا ناسراوە و بەهۆی هەوڵی بەردانیی ناوناوبانگێکی ناوخۆیی و تەنانەت دەرەکیشی پەیدا کردووە لەدووای گۆڕینەوە و ئازادبوونی ئیتر دەستی لە چەک نەداوە و بڕوای پێی نەماوە، بگرە لەملاولەولا هەوڵی ئاشتی

ئەدات. چەندینجار سەردانی هەردوو لایەنیی دەرگیری بەجیاجیا کردووە و هەوڵی ئاشتکردنەوەیان و هێنانیان بۆسەر مێزیی وتوووێژی داوە کە هیچ ئاکامێکی لێ نەبۆتەوە، تەمەنی کەمە و هەندێکیان گاڵتەیان پێی دێت!

لە ئالانی سەردەشت شەڕی دوولایەن دەستی پێکردۆتەوە و هەردوولا بە توندی و دڕندەیی لەیەکتر ئەکووژن، دووژمنی هاوبەشیشیان بەردەوام بە چەکی قوورس لەدوورەوە ئەیانکوتێت. هێند قین لەدڵن لەدژی یەک کە تەنانەت دیلەکانیشیان دەستبەجێ ئەکووژن!! سارگۆن چاری نامێنێت بێجگە لەوەی کارێکی نائاسایی بکات. بە ئەسپێکەوە خۆی ئەگەیەنێتە ناوچەی شەڕەکە و شوێنێک هەڵئەبژێرێت لەنێوان هەردوولایاندا. کارێکی پڕ مەترسییە، بەڵام چاری نییە. بڵیندگۆیەکی دەستی لەگەڵ خۆی هێناوە بۆ ئەوەی دەنگی بەهەردوولایان بگات و ئالایەکی سپیشی بەدەستەکەی دیکەیەوە گرتووە. لە ئەسپ دێتەخوارەوە و سەرەتا لەبن بەردێکدا خۆی ئەناسێنێت و سەرەتا بە بلیندگۆکەی بۆقێکی سی چرکەیی لێدەدات، تەقە نامێنێت، ئەوجار پڕ بە گەرووی بە بڵیندگۆدا ئەنەڕێنێت: برایان و خووشکانی دوو تەرەفی شەڕ، من ناوم سەفەر ساڵحییە ناسراو بە شۆڕش و بێلایەنم، ڕەنگە هەمووتان بمناسن، لانیکەم ڕێبەرەکانتان ئەمناسن. هەندێک قسەم هەیە بۆتان تکایە دەست ڕاگرن. ئەوجار ئاڵا سپییەکەی بەرز ئەکاتەوە و ئەچێتە سەر گابەردێک، بە جۆرێک کە هەردوولا بیبینن. درێژە ئەدات بە قسەکانی: خووشکان و برایانم، ئێمە هەموومان کوردین، ئێوە هەردوولاتان خەباتتان لەپێناو ڕزگاریی یەک نەتەوەدایە، بە شەڕکردن لەدژی یەکتر تەنیا خۆتان لاوازتر ئەکەن و لە ئامانج و وەدیهێنانی مافی نەتەوەکەتان دوورتر ئەکەونەوە. داگیرکەرانی کوردستان هەم زۆر بەهێزترن لە ئێوە و هەم وێڕای دژایەتییەکانیان لەگەڵ یەکتر، بەڵام لە دژی نەتەوەی کورد سوێندی تەبایی و یەکڕیزییان خواردووە و دووژمنانی سوێندخواردووی ئێم نەتەوەن. وەرن بیکەن بەخاتری ئەم هەموو گیانبەختکردووانەتان، بەخاتری ئەم گەلە چەوساوە و ژێرچەپۆکەتان دەست لە شەڕ لەدژی یەکتر هەڵبگرن و کێشەکانتان لەسەر مێزیی وتوووێژ چارەسەر بکەن. وەک دوولایەن کە بڕواتان بە ئاشتی و دێمۆکراسی هەیە.....

کاتێوشا و هاوەنەکانی دووژمن بەردەوام ناوچەی شەڕەکە ئەکووتن و جاروبار قسەکان بەسەفەر ئەبڕن و گیانی لەمەترسیدایە، بەڵام گوێی پێنادات و درێژە بە قسەکانی ئەدات. ....... وەک دوولایەن کە بڕواتان بە ئاشتیی و دێمۆکراسی هەیە و سبەیرۆژ بەتەمان دەسەڵات بگرنە دەست و کۆمەڵگا ئیدارە بکەن، ئەشێ لە ئێستاوە تەمرینی ئەو ئەرکە گرنگە بکەن و لە ئیستاوە بیسەلمێنن کە ئێوە بەڕاستی بڕواتان بە درووشمە قەبەکانی خۆتان هەیە. وەرن ئەمرۆ هەر بۆ تاقیکردنەوەش بووە، هەر ئیستا چەکەکانتان زامن بکەن و بگەڕێنەوە شوێنی بنکەکانی خۆتان و هەر لە سبەینێوە لەسەر مێزی وتوووێژ دابنیشن، قسەکانتان بکەن، ڕێز لە ئیرادە و بیروبڕوا و بۆچوونی یەکتر بگرن، پلوراڵ بن، تۆلێرانس و لەخۆبردوویی لە ئاست یەکتردا نیشان بدەن. خووشکان و برایانم، وەرن دەست بخەنە ناو دەستی یەکتر و گرفتەکانتان بە دانووستان چار........ گووللەیەک کە کەس نازانێت لە چ لایەکەوە هاتووە سەفەر ئەپێکێت و لەسەر گابەردەکە ئەیخاتە خووارەوە! هەشت نۆ دە میترێک سقوت ئەکات. شەڕ هەر لە سەرەتای بۆقلێدان و قسەکانی سەفەرەوە وەستاوە، بێجگە لە تۆپبارانەکانی دوژمنی هاوبەشیان کە بەردەوام ناوچەکەی کووتاوە. دوو پێشمەرگە، یەک ژن و یەک پیاو لە یەک لایەنی شەڕەکە خۆیان ئەگەیەننە لای سەفەر. سەفەر گیانی تیا نەماوە، گووللەکە بەر سەری کەوتووە، ئەبێت تەکتیر قەناسەوانێک هەندێک لە دوورەوە بۆی دانیشتبێت و بە نیشانە و بە مەبەست لێیدابێت، ڕەنگە بە دەستووری فەرماندەی یەک لە هێزەکان کووشتبێتیان، لەو فەرماندە وشکەڕۆیانەی شەڕ بۆ ئەوان هەردەم نیعمەت بووە و ژیان بەوانەوە گەنداو و زەلکاوێکی بۆگەنە و ئەوانیش مەلەی تێدا دەکەن، میکرۆبن، ڤایرۆسی کۆمەڵگان!

ناوچەکە کپ بووە، تەقە نەماوە، هەواڵی کووژرانی پەیکی ئاشتیی، پەیامبەری ئاشتیی بلاو بۆتەوە، دووژمن دەستی نەچووە کووشتنی، ئەشکەنجە و سیاچاڵ و پڕیشکەی مین و زیندان نەیانتوانی بیکووژن، بەڵام کورد خۆی کووشتی! ئەمرۆکە سەفەر پاش مەرگەکەی بوو بە سەرکردەی کورد، بوو بە ڕێبەر، بوو بە من، بوو بە تۆ، بوو بە ئاوات، بە هیوا، شۆڕش، ئاسۆ، ژیلەمۆ، بوو بە ئاکام، بە وڵات، بوو بە سەربەخۆیی، بوو بە ئاڵا، بوو بە هێما. بوو بە کۆتری ئاشتیی، نەک بۆ ئەوەی نفرەت لەشەڕ بە گشتیی و شەڕی خۆخۆریی بەتایبەت بکات، نا، نفرەتی نەکرد، دژ نەبوو، ئەو هەرگیز دژ نەبوو، بەڵکوو لەگەڵ "بۆ" بوو، لەگەڵ بوو، هەردەم لەگەڵ ئاشتیی بوو. نفرەتی لەشەڕ

نەکرد، بەڵێی بە ئاشتیی وت. ئاشتیی ئەویست لەبەر ئەوەی نفرەت نەکات، دژ نەبێت! دژ بوون نەرێنییە، "بۆ" ئەرێنییە، شادییە، ژیانە، ئاسایشە، بەختەوەرییە، گووڵە، ئاوەدانییە، ئەشقە! سەفەر ئاشق بوو. ئەوەی لە کانیوەند لێیوون بوو و بەدووایدا ئەگەڕا و نەیدەزانی چییە، بڕکانێک بوو پڕ لە ئەشق. سەفەر ئاشق بوو نەیزانیبوو! کەسوکاری ڕاستیان ئەکرد، سەفەر ئاشق بووا نەک ئاشق بە مەرگ، بەڵکوو ئاشقی ژیان بوو. هەرلە سەرەتاوە حەزی لەژیان ئەکرد، بەجێی هێشت و ئەمڕۆ بۆ هەمیشە خۆی بوو بە ژیان. پەیکەری سەفەریان هەر لەو شوێنە ناشت و لەسەر گابەردەکە نووسییان "تۆ خۆت ئاشتیی بوویت." هەواڵی کوژرانی بە دایکی و کەسوکاری دەگاتەوە، پاش چەندەها ڕۆژ، بەهۆی ناڵەباریی ناوچەکە و بەرپێگرتنی حکومەت، ئاقبەت ئەگەنە سەر گڵکۆکەی. یەعقووب بە یۆسف گەیشتەوە و دیدەکانی چاکبوونەوە، دادە مینا بەڵام هەرگیز چاوی بەسەفەر نەکەوتەوە و چاوەکانیشی چاک نەبوونەوە، هەردەڵەی چارەنووسی ئەم گەلە جیاوازە و بڕیار نییە خێروخۆشی ببینێت و وەک گەلانی دیکەی جیهان لە ئاسایشدا بژیی!!

سەفەر زەماوەندی کردبوو لەگەڵ ئاشتیی! پاش دەنگدانەوەی ئەم زەماوەندە ڕۆحییە، ئەو دوو حیزبەش بەخۆیاندا ئەچنەوە. مانگێک دووای ئەوە ئاشتیی دوولایەنە ڕادەگەیەنن و ئەچنە سەر مێزی گوفتوگۆ و سەران و سەرکردە و فەرماندەکانیان پێکەوە کۆ دەبنەوە، بە بێ ئەوەی کە ئەمجارەش وەک جارەکانی پێشووتر دەستانێک یا زلهێزێکی سێهەم و چوارەم لەم پێکەوە ئاشتکردنەوەدا دەستیان بووبێت، خۆیان بەخۆیاندا هاتوونەتەوە و بڕیاری نیهاییان داوە ئەمجارە شۆڕشێکی تاکتیکی ئایدیۆلۆژیکی بکەن و تەنانەت ببن بە یەک حیزب، وەک شتێک هزر و هەوڵەکانی سەفەر هەندێک ئاکامی لێبۆتەوە. بەتەمان حیزبێکی هەمەگیر، پلووراڵ، سێکوولار و دێمۆکراتی یەکگرتوو دابمەزرێننەوە . حیزبێک کە نوێنەری هەموو چینەکانی کۆمەڵگا زووڵملێکراوەکەی بێت. کۆبوونەوەکان سەرەتا بە ئاشتبوونەوە، ئەوجار هەندێک گرژیی لەگفتوگۆدا دەستپێدەکات و پاشان زۆر بەهێمنیی و ڕەزایەتی گشتلایەک پاش مانگێک شەکەتیی کۆتایی پێدێت و یەکەم بڕیارە سەرەتاییەکان ئەبنە ئەمانەی کە سەرکردایەتییەکی کاتیی پێنج کەسیی هاوبەش تا کۆنگرەی هاوبەش کە بڕیارە لە سێ تا شەش مانگی دیکە بیگرن، پێک بێنن کە لە هەرکام لەحیزبەکان دوو کەسیان لەسەرکردایەتیی بەشدار بن و پێنجەمینیش کوردێکی چالاک و دڵسۆز و بێلایەن و غەیرە حیزبییە بەناوی خاتوو سەردار کە جێگای بڕوای هەردوو لایەنەکەیە و بڕیاردراوە هێزەکانیان لەهەموو بنکە و بارەگا و ئوردووگاکانیان تێکەڵ بکەن، بڕیاری دووایی ئەمەیە کە جارێکە تا کۆنگرە شەڕ ڕابگرن و پەیامێکی فەرمیی عەلەنی لە ڕادیۆوە بۆ دووژمنی داگیرکەری هاوبەش بڵاو بکەنەوە و هەم پەیامی ئاشتیی و هەمیش داوای گوفتوگۆ بکەن بۆ بەڕێوەبردنی ڕاپرسیی و ڕێفراندۆم بۆ ئەوەی کە بزانن خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات چی ئەوێت و دەنگ بەچی دەدات؟ ئایا ئەیەوێت جیا ببێتەوە یا لەگەڵ ئێران بمێنێتەوە و خەڵکی کورد لەم بەشەی ئێران هەر بڕیارێکیان دا، ئەبێت حکومەت قەبووڵی بکات و لەگەڵ نوێنەرانی خەڵک کە ئەم حیزبە یەکگرتووەیە، لە وڵاتێکی بێلایەنی ئوروپایی بێتە سەر مێزی گوفتوگۆ بۆ بڕیاردان لەسەر جێبەجێکردنی ئاڵوگۆڕەکان. ئەگەر بێت و حکومەت وڵامی ئەم پەیامە نەداتەوە، کۆنگرەی یەکگرتووی داهاتوو شەڕی سەرتاسەریی و بێ ئەمان لەدژی حکومەت ڕادەگەیێنێت و لەمبوارەشدا هەموو گوزینەکان بۆخۆی بەفەرمی ئەناسێت و کەڵکیان لێوەرئەگرێت. ماوەی وڵامدانەوەی حکومەت تا پێش گرتنی کۆنگرە دەبێت، چوون کۆنگرە ئەبێت بڕیاری نیهایی خۆی بدات لەسەر کارەکانی خەبات و شۆڕشی داهاتووی.

ئەم هەواڵانە لەهەموو پارچەکانی کوردستان بڵاو دەبنەوە و لەهەمووولایەک، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی وڵات زەماوەندە، شایی و خۆشییە. داگیرکەران بەر بە خۆشی خەڵک ئەگرن، بەڵام خۆشییەکان بە نهێنی و شیرینی گۆڕینەوە لە ماڵەکان بەردەوامن. دایکانی جەرگسووتاویش هەست ئەکەن خوێنی ڕۆڵەکانیان بەفیڕۆ نەچووە و ئاسۆی دووارۆژ ڕووونتر ئەبینن!

کۆنگرەیەکی فرەچەشن و بەهێز بە خەڵکانێکی لێهاتووەوە ئەگیردرێت و ڕێبەرانێکی بەئەزموون و دڵسۆز لەناو خۆیدا هەڵ ئەبژێرێت. ناوی کۆنگرە، کۆنگرەی ئاشتیی بەرەو شۆڕشی نوێیە! حکوومەت پەیامی ئاشتیی و ڕاپرسیی و گوفتوگۆ ڕەت ئەکاتەوە و بە چاولێکەریی لە زلهێزەکان بە شۆڕشی نوێ ڕادەگەیەنێک کە حکومەت لەگەڵ تێرۆریزم گوفتوگۆ ناکات. شۆڕشی نوێ تێدەگات کە تێرۆریزمی ئیسلامی حکومەتیی نەک هیچ ئەقڵی نییە، بەڵکوو شعووریشی

نییه و تووشی غوورووری کازب بووه. کۆنگره بڕیاری خەباتی نوێ ئەدات و شەڕی بێ ئەمان و ئەمجاره به ئامانج و تاکتیکگەلی مۆدێڕن و نوێوی سەربەخۆییخوازیی و تەجزییەکردنی ئێران و به ورەی پۆلایین دەست پێدەکاتەوه و له ماوەیەکی کوورتی چەند مانگەدا ئەمجار ڕژیم داوای گفتوگۆ ئەکات و شۆڕشی نوێی ئەمجاره به هەیبەتێکی گەورەترەوه ئەچێته سەر مێزی دانووستان له وڵاتی بلژیک له شاری بڕوکسل به بەشدایی نوێنەرانی چەند وڵاتی ئوروپایی و ئەمریکا و ڕێکخراوی نەتەوه یەکگرتووەکان......... ئەمجاره ئاواتەکەی شۆڕش هاتبووه دیی که له یەکەم سمینارەکەیدا وتبووی: ئەگەر ئێمه هزرمان بخەینه کار و بەفکر یەکبگرین، هیچ هێزێکیتر ناوێرێت تەجاوز به حەریممان بکات! ئاسۆ ڕوونتر بۆتەوه و خۆری ئاشتیی واخەریکه هەڵبێت.

دڵم نایه بەجێت بێڵم بڕۆم بۆ خۆم به دنیادا
سەری خۆم هەڵگرم وەک شێت به کێو و دەشت و سەحرادا
دەڵێم ناکەم هەڵێم ڕاکەم عیلاجی دەردی سەوداکەم
کەمەندی تۆم له گەردندایه سا چبکەم بەرم نادا
له سینەی پڕ بڵێسەم هێند دەکێشم ئاهی گەرم و سەرد
خەلیلی تۆیه دڵ، بۆیه کەناریش پێی زەرەر نادا
ئەمن قەت مومکینم نابێ خەیاڵی تۆ له دڵ دەرکەم
چ کەس بێ قووتی ڕۆح، نابێ بژی بێ شک له دنیادا
لەبەر فیکر و خەیاڵی سەروەریت خاکم وەها ماتم
شەو و ڕۆژ نابزووم ئەسڵەن نه بەملادا نه بەولادا
لەبەر فرمێسکی چاوانم هەتا فەرقم وەها غەرقم
لەبەر بڵقی نەفەس فەرقم دەکەن غەرقم له دەریادا
مورەببی موشفیقی عیشقه که **کوردیی** کرد جگەر پاره
که دەیزانی چ کەس بێ ئەشق هەڵناکا له دنیادا

غەزەل، کوردیی ١٨٥٠–١٨٠٩ به هەندێک ئاڵوگۆڕ لەلایەن نووسەرەوه بەداوای لێبوردن له کوردیی شاعیر!

## تەواو

**دەسپێکی نووسین: ٢٠١٧/٠٢/١٧ کاژێر ١٧:٣٧ بەکاتی زوریخ**

**کۆتایی نووسین: ٢٠١٧/٠٣/١٣ کاژێر٠٧:٠٠ بەکاتی زوریخ**

**بەهیوای هەڵسەنگاندن و ڕەخنەکانتان ( rahmayub@gmail.com)!**

**ڕۆمان، ئەیوب ڕەحمانی** © Roman, Ayub Rahmani